


## ژنە شەهیدێک:
## یەکێتی ئیشی بە خێزانی شەهیدان نەماوە

ل٤


# ڕۆژنامە ٧

www.rozhnama.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.483 Thu 4/ 6/ 2009 — نرخ 500 دینار — 2009 /6 /4 ژمارە 483 پێنجشەممە


# لەسەر بچووکترین خروقات لەهەڵبژاردندا ڕاپۆرت بۆ ئەمریکا بەرزدەکرێتەوە

رۆژنامە

لوسی تاملین سەرۆکی تیمی ئەمریکی بۆ ئاوەدانکردنەوە لەهەرێمی کوردستانی عێراق، لەچاوپێکەوتنێکی تایبەتدا لەگەڵ ڕۆژنامە، ئاماژە بەوە دەکات قونسولخانەی ئەمریکاو بەریتانیاو قونسولەکانی دیکەی وڵاتان، جەخت لەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان دەکاتەوە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، وەک بوونی شەفافیەت و ئازادیی دەنگدان.

وتیشی: «یەکێک لەکارەکانی ئێمە لێرە، چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەیە، بۆ ئەمەش گوێ لەخەڵک دەگرین، بۆئەوەی بزانین چی دەڵێن، هەروەک چاودێریی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەش دەکەین بۆئەوەی بزانین چۆن و بە چ شێوەیەک بەڕێوەدەچێت، بەم پێیە تێبینی هەرشتێک بکەین ڕاپۆرتی لەسەر دەکەین و بۆ باڵیۆزی ئەمریکای ڕەوانە دەکەین لەبەغداو ئەوانیش لای خۆیانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای بەرزدەکەنەوەو خەڵکی ئەمریکاش دەیەوێت بزانێت هەڵبژاردنەکانی کوردستان چۆن بەڕێوەدەچن.

بەبۆچوونی سەرۆکی تیمی ئاوەدانکردنەوەی ئەمریکا: بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد بکرێت، پێویستە چەند پێوەرێک بەرجەستەبن، وەک ئەوەی نابێت بەهیچ شێوەیەک دەنگدەر فشاری لەسەر دروستبکرێت و بەهەموو شێوەیەکیش دەنگدەران ئازادن لەوەی دەنگ بەکێ دەدەن.

تاملین ئەوەشی ئاشکراکرد، خواستی ئەمریکا لەکوردستان ئەوەیە، کە هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد بەشێوەیەکی دیموکراسیانە لەهەرێمی کوردستاندا بەڕێوەبچێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان بنەماکانی دیموکراسیەت لەخۆیدا بەرجەستە بکات.

دەقی چاوپێکەوتنەکە لە ل٥دایە

## هەولێر ئاگاداری دەرکردنی پۆلیسەکانی کۆمپانیای وشە نییە

رۆژنامە

ژمارەیەک پۆلیسی پارێزگاریی لە کۆمپانیای وشە دەردەکرێن و ڕای هەردوو بریکاری وەزارەتی ناوخۆیش لەسەر یاسایی دانانی ئەو پۆلیسانە ناکۆکەو بریکاری وەزارەتی ناوخۆ(هەولێر) دەڵێت «تەعلیمات بۆ کەس نەهاتووە لەخۆیەوە مووچەی کەس ببڕێت و وەزارەتی ناوخۆش ڕێنمایی لەو بارەیەوە دەرنەکردووە».

(١٥) پۆلیسی پارێزگاریی لەکۆمپانیای وشە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە دەرکران، لیوا جەلال شێخ کەریم بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: وەزارەتی ناوخۆ جگەلە بارەگای ڕۆژنامەی ڕۆژنامە (کە ئەویش بەنایاسایی) کراوە پۆلیسی بۆ هیچ شوێنێک دانەناوە، وتیشی «جگە لە دانانی پۆلیس بۆبارەگا حیزبییەکان وەزارەتی ناخۆ پابەند نییە بەدانانی پۆلیس بۆ بارەگای ڕۆژنامەو گۆڤارو سەنتەرو کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هیچ دەقێکی یاساییش نییە بۆدانانی پۆلیس بۆ ئەو شوێنانە، بەڵام بریکاری وەزارەتی ناوخۆی هەولێر پرسیاری ئەوە دەکات « کە ئەگەر دانانی پۆلیسی پارێزگاریی لەبارەگای ڕۆژنامەی ڕۆژنامەو کۆمپانیای وشە نایاساییە، بۆچی تائێستا نایاسایی نەبووە».

بریکاری وەزارەتی ناوخۆ (هەولێر) بێئاگایی وەزارەتەکەی نیشاندا لەوەی لە (ئیدارەی سلێمانی) پۆلیس بۆ چ شوێنێک دانراوە، وتیشی«ڕێنمایی بۆ کەس نەهاتووە لەخۆیەوە مووچەی کەس ببڕێت و وەزارەتی ناوخۆش ڕێنمایی لەو بارەیەوە دەرنەکردووە».

لەوبارەیەوە بەدوادا چوونێک لەل (٣)دا بخوێنەرەوە

## ئەمڕۆ ماوەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان کۆتاییدێت

رۆژنامە

ئەمڕۆ ماوەی یاسایی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان کۆتاییدێت، بەبۆچوونی چاودێران و پسپۆڕانی یاساو دەستوور لەمڕۆ بەدواوە پەرلەمان هیچ شەرعیەتێکی یاسایی نامێنێت و درێژکردنەوەی ماوەکەش بە «شکاندنی سەروەریی» گەلی کوردستان وەسفدەکەن.

دوای چوارمانگ لە پاش هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە (٢٠٠٥/١/٣٠) ئەنجامدرا، ڕۆژی شەممە ٢٠٠٥/٦/٤ ئەو ئەنجومەنە یەکەمین دانیشتنی ئەنجامدا.

ئەمڕۆ ٢٠٠٩/٦/٤ کە هاوکاتە لەگەڵ یەکەم دانیشتنی پەرلەماندا، ماوەی چوارساڵی کارکردنی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان کۆتایی پێدێت.

زانا ڕۆستایی، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمانی کوردستان کارێکی نایاساییەو پێچەوانەی یاسایە، چونکە خەڵکی کوردستان بۆماوەی چوارساڵ دەنگیان بەپەرلەمانداوە، کە دەکاتە ٢٠٠٩/٦/٤، دوای ئەو ڕۆژە پەرلەمان شەرعیەتی میللی نامێنێت، وتیشی: «من پێمباشە دوای ٦/٤ پەرلەمان هەڵبووەشێتەوەو بێ پەرلەمان بین باشترە، لەو نەریتە چەوتەی کە شەرعیەت بەخۆمان بدەین».

لەو بارەیەشەوە د.شۆڕش حەسەن، مامۆستای یاسای دەستووری وتی: «پەرلەمانی کوردستان بۆماوەی چوارساڵ بەدەنگی گەل هەڵبژێردراوە، ئەگەر لەماوەی دیاریکراودا هەڵبژاردن نەکرێتەوە، ئەوا پەرلەمان سەروەریی گەلی شکاندووەو ئەوەش پێشێلکارییە بەرامبەر بەیاساو تەنانەت خودی پەرلەمانیش».

وردەکاری زیاتر لە ل(٢)دا بخوێنەرەوە






## وەزارەتێکی بەغدا، لیستی (هیوا) لە هەڵبژاردن بێبەش دەکات

رۆژنامە

لەسەر داوای وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانی عێراق، لیستی هیوا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بێبەشکراوە، سکرتێری حیزبەکەش دەڵێت «گومانمان هەیە کە ئاسایش و وەزارەتی ناوخۆی هەرێم دەستیان لەو مەسەلەیەدا هەیە».

بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کە کۆپیەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، بڕیاردراوە بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ڕاستاندن(مصادقە)ی لیستی (هیوا) کە سەر بە پارتی چارەسەی دیموکراتی کوردستانەو بەپێی نووسراوەکە، ئەو بڕیارەی کۆمسیۆن لە بەر ڕۆشنایی نووسراوێکی وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانی عێراقی بووە، کەتیایدا هاتووە، زۆبەی ئەندامانی لیستی (هیوا) لە سەرکردەکانی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستانە کە رووکاری سیاسی ڕێکخراوی پارتی کرێکارانی کوردستانی «تیرۆریستی» قەدەغەکراوە.

دیاری غەریب سکرتێری پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان ئەو بڕیارەی کۆمسیۆن بە بڕیارێکی نایاسایی و سیاسی لەقەڵەمداو وتی «ئێمە گومانمان هەیە کە لایەنی دیکە دەستی هەبێت لەو شکاتەی دژ بە لیستی (هیوا) وەک ئاسایش و وەزارەتی ناوخۆی هەرێم، ئەگەر وەزارەتی ناوخۆو سەرۆکایەتی هەرێم ئەو مەسەلەیە ڕاست نەکەنەوە دڵنیادەبین کە ئەوان لە پشتیەوەن».

لەوبارەیەوە ڕاپۆرتێک لە ل(٣)

www.rozhnama.com

«دەستی ئاسایش‌و وەزارەتی ناوخۆی تێدایە»

# وەزارەتێکی بەغدا، لیستی (هیوا) لەهەڵبژاردن بێبەش دەکات

**هەستیار قادر**

لەسەر داوای وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانی عێراقی لیستی (هیوا) لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بێبەشکراوە، سکرتێری حیزبەکەش دەڵێت: «گومانمان هەیە کە ئاسایش‌و وەزارەتی ناوخۆی هەرێم دەستی لەومەسەلەیەدا هەیە».

ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق بڕیاریداوە بەهەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ڕاستاندن (مصادقە)ی لیستی (هیوا) کە سەر بەپارتی چارەسەی دیموکراتی کوردستانەوەو بەپێی نووسراوێکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن ئەو بڕیارە لەبەڕۆشنایی نووسراوێکی ژمارە (د١٤٣٤/٦/٢)ی (٢٠٠٩/٥/٢١)ی وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانی عێراقی بووە کەتیایدا هاتووە زۆربەی ئەندامانی لیستی (هیوا) لەسەرکردەکانی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، ڕووکاری سیاسی ڕێکخراوی پارتی کرێکارانی کوردستانی «تیرۆریستی» قەدەغەکراوەو لەڕێگەی بەدواداچوونی ماڵپەرەکەشیانەوە دەرکەتووە، کە پارتی چارەسەر لەڕێگەی لیستی هیواوە بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکات».

بەپێی نووسراوەکەی کۆمسیۆن‌و لەبەر ڕۆشنایی بڕگەکانی (ا ، ب)ی بڕیاری ژمارە (٩٧)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دەسەڵاتی ئیئتیلاف (یاسای پارت‌و دەستەسیاسییەکان)‌و مادەی (١٥)ی یاسای هەموراکراوی حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١٧)ی ساڵی (١٩٩٣)‌و بەشی سێیەمی سیستمی ڕاستاندنی قەوارە سیاسییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٩) ئەنجومەنی کۆمسیاری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بڕیاریداوە بەهەڵوەشاندنەوەی ڕاستاندنی لیستی (هیوا)‌و ڕاستاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمسیاری بەئاگادارکردنەوەی وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانی لەدەرچوونی ئەوبڕیارە».

سەردار عەبدولکەریم ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیاری کۆمسیۆن وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە بۆ ڕۆژنامەی ئاشکراکرد، کە نووسراوێکی ڕەسمیی وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانی عێراقیان پێگەیشتووە، کە ئاماژە بەوەدەکات «لیستی (هیوا) پەیوەندی بەمیلیشیایەکی چەکدارییەوە هەیە»‌و چەند بەڵگەنامەیەکیشی خستووەتە بەردەم کۆمسیۆن‌و وتیشی: لەبەر ڕۆشنایی ئەوداواو بەڵگەنامانە ئەنجومەنی کۆمسیار بڕیاری هەڵوەشاندنەوەو ڕاستاندنی لیستی (هیوا)ی داوەو لیستەکەش دەتوانن داوای ناڕەزایی ئاراستەی دەستەی دادوەری لەهەرێمی کوردستان بکەن.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەو بۆهەڵوەشاندنەوەی ئەوبڕیارە، پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان یاداشتێکی ناڕەزایی داوەتە دادگای تێهەڵچوونەوەی هەرێمی کوردستان لەهەولێرو دوێنێش شاندێکیان ڕەوانەی بەغدا کردووە بەمەبەستی گفتوکۆکردن لەگەڵ وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانیدا.

دیاری غەریب سکرتێری پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان ئەو بڕیارەی کۆمسیۆن بە «بڕیارێکی نایاسایی‌و سیاسی» لەقەڵەمدەدات‌و لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕاستاندنی لیستی (هیوا) بڕیارێکی سیاسییەو بەوپێیە پێشتر بەشدارییان لەهەڵبژاردنەکانی کوردستاندا کردووەو پەسەندکراون، بێبەشکردنی لیستی هیواش لەم هەڵبژاردنەدا نایاساییە»

سکرتێری پارتی چارەسەر گومانی پارتەکەی بۆلایەنی دیکە خستەڕوو کە دەستیان لەو بڕیارەدا هەبێت‌و وتی: «ئێمە گومانمان هەیە کەلایەنی دیکە دەستی هەبێت لەوشکاتەی دژبە لیستی هیوا کراوە وەک ئاسایش‌و وەزارەتی ناوخۆی هەرێم، چونکە ماوەیەک لەمەوبەر ئاسایش نەیانهێشتووە بارەگای لیستەکە لەهەولێر بکەینەوە پێیانوتووین لیستەکەتان کێشەی هەیەو ئەگەر وەزارەتی ناوخۆو سەرۆکایەتی هەرێم ئەومەسەلەیە ڕاست نەکەنەوە، دڵنیادەبین کە ئەوان لەپشتیەوەن»

دەرکردنی بڕیارەکەی کۆمسیۆن بەپشتبەستن بەنووسراوی وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانی عێراقی لەکاتێکدایە لیست‌و پاڵێوراوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراقەوە وردبینییان بۆکراوە، لەوبارەیەشەوە د. ئەحمەد ئەنوەر ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانی مافی ئەوەی نییە لیستی ( هیوا) لەهەڵبژاردن بێبەش بکات، بەوپێیەی لیستەکە بەناوی لیستی پارتی چارەسەرەوە نییەو پێشتریش ئەوحیزبە بەشداری هەڵبژاردنی کوردستانی کردووە»

د. ئەحمەد ئەنوەر ئاماژەی بەوەشدا، کە پارتی چارەسەر دەتوانن داوای ناڕەزایی پێشکەش بەدەستەی دادوەری عێراق بکەن‌و کۆمسیۆنیش پەیوەست دەبێت بەبڕیارەکانیەوە.

# هەولێر لە دەرکردنی پۆلیسەکانی کۆمپانیای وشە لەلایەن ئیدارەی سلێمانییەوە، ئاگادارنییە

## حکومەت ژمارەیەک پۆلیسی پارێزگاریی کۆمپانیای وشە دەردەکات

**محەمەد ساڵح حەمەلاو**

ژمارەیەک پۆلیسی پارێزگاریی لەکۆمپانیای وشە دەردەکرێن‌و جەلال شێخ کەریم بریکاری وەزارەتی ناوخۆ ئاماژە بەوەدەکات، دانانی ئەوپۆلیسانە بەنایاسایی بووە، بەڵام فایەق تۆفیق بریکاری وەزارەتی ناوخۆ(هەولێر) پرسیاری ئەوەدەکات، بۆچی دانانی ئەوپۆلیسانە تائێستا نایاسایی نەبوو؟

(١٥) پۆلیسی پارێزگاریی لەکۆمپانیای وشە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە دەردەکرێن، لیوا جەلال شێخ کەریم بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: وەزارەتی ناوخۆ جگەلە بارەگای ڕۆژنامەی ڕۆژنامە «کە ئەویش بەنایاسایی» کراوە، پۆلیسی بۆ هیچ شوێنێک دانەناوە.

دەربارەی نایاسایی بوونی دانانی پۆلیسەکانی بارەگای ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، لیوا جەلال ڕوونیکردەوە، جگەلە دانانی پۆلیس بۆ بارەگا حیزبییەکان وەزارەتی ناخۆ پابەند نییە بەدانانی پۆلیس بۆ بارەگای ڕۆژنامەو گۆڤارو سەنتەرو کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، چونکە ئەگەر بمانەوێت پۆلیس بۆهەموو ئەو بارەگاو شوێنانە دابنێین ئەوا «سەدان هەزار» پۆلیسمان دەوێت‌و هیچ دەقێکی یاسایش نییە بۆدانانی پۆلیس بۆ ئەوشوێنانە، بەڵام بریکاری وەزارەتی ناوخۆی هەولێر پرسیاری ئەوە دەکات «ئەگەر دانانی پۆلیسی پارێزگاریی لەبارەگای ڕۆژنامەی ڕۆژنامەو کۆمپانیای وشە نایاساییە، بەڵام بۆچی تائێستا نایاسایی نەبووە؟»

سەرباری پۆلیسەکانی پارێزگاریی لە کۆمپانیای وشە، پاسەوانی بەرپرسانی باڵی ریفۆرمیش خراونەتە ژێر فشارەوە. دیار بەکر، پاسەوانی تایبەتی سالار عەزیز بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: سەرەتای ئەم مانگە کاتێک چووین بۆ وەرگرتنی مووچەکانمان ئەوەیان پێڕاگەیاندین کە یان دەبێت بگەڕێنەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی‌و لەوێ دەوام بکەن یان مووچەتان نادەینێ، بەڵام ئێمە کە ژمارەمان (١٥) کەسە پێمان وتن کە مووچەمان ناوێت‌و بەرپرسەکەمان جێ ناهێڵین.

گۆران ئەحمەد، پاسەوانی حەمە ئاوات جێگری کوردۆ قاسم لەپەیوەندییە نیشتمانییەکانی یەکێتی باسی لەوەکرد، کاتێک چووین بۆ مووچەکانمان لێپرسراوی بەشی پاسەوانەکان لەوەزارەتی ناوخۆ پێیوتین خۆتان بگوازنەوە بۆلای بەرپرسێکی دیکە، یان ئەگەر دەتانەوێت دەتاننێرین بۆ یەکێک لەفەرمانگە حکومیەکان، بەڵام ئێمە ڕازی نەبووین‌و ئامادەین بەبێ مووچە خزمەتی خۆمان بکەین.

ئیحسان حەمید شۆفێری مام ڕۆستەم ئاماژەی بەوەکرد، لێپرسراوی بەشی پاسەوانەکان لەوەزارەتی ناوخۆ ئەوەی پێڕاگەیاندین، کە کوێتان دەوێت لەپۆلیس‌و ئاسایش‌و پۆلیسی هاتوچۆ دەتانگوێزینەوە بۆئەوێ بەمەرجێک لای بەرپرسەکەتان نەمێننەوە، بەڵام ئێمە ڕازی نەبووین.

تائێستا زیاتر لە (١٥٠) پاسەوان کە لەوەزارەتی پێشمەرگەو وەزارەتی ناوخۆوە بۆپارێزگاریکردن لەبەرپرسانی باڵی ریفۆرم دانرابوون، لەکارەکانیان دەرکراون.

دەرکردنی پۆلیسەکانی کۆمپانیای وشە لەکاتێکدایە کەدەیان حیزبی کوردستانی دیکە پۆلیس بۆپارێزگاریی لێکردنیان دانراوەو ئینتیمای حیزبیشیان جیاوازەو دەنگ بەلیستی کوردستانیش نادەن.

بریکاری وەزارەتی ناوخۆ باسی لەوەکرد، حیزبەکانی وەک شیوعی‌و سۆسیالیست‌و زەحمەتکێشان‌و حیزبەکانی دیکەش کاتی خۆی لەشاخ خەباتیان کردووەو چەکداریان هەیەو ئێستاش بۆ ئەوەی چەکدارەکانیان وەک میلیشیا لەقەڵەم نەدرێن لەچوارچێوەی وەزارەتی ناوخۆدا دامەزراون‌و ئێستا پابەندن بەیاساوەو دانانی پۆلیس بۆبارەگا حیزبیەکان جیاوازە لەکۆمەڵەو ڕێکخراوەکان.

ئەو وتانەی بریکاری وەزارەتی ناوخۆ لەکاتێکدایە کە چەندین دەزگای ڕاگەیاندن‌و ڕۆشنبیریی کە دەزگای حیزبی نین، بەڵام لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە پارێزگارییان لێدەکرێت‌و پۆلیسیان بۆ دانراوە.

فایەق تۆفیق بریکاری وەزارەتی ناوخۆ بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: وەزارەتی ناوخۆی دووفەرماندەیی هەیە، یەکێکیان بەناوی زێرەڤانی کە پاراستنی زۆربەی ئیدارات بەوان سپێردراوەو «ئێمە تائێستا بەیەک کەسمان نەوتووە کە دەوام نەکەن‌و واجب نەبینن یان مووچەتان نادەینێ». وتیشی: ئەوەش کە لەسلێمانیە پێیان دەڵێن بەرگری‌و فریاکەوتن‌و ئێمە ئاگامان لەوانە نییە چۆنن‌و کێن‌و ئەوەی لەپێشمەرگەوە هاتبێت ئێستا سەربەزێرەڤانیە، بەڵام ئەوەی کە لەکۆلێژی پۆلیسەوە دێت سەر بەئێمەیەو پێی ناوترێت ئەفسەر ئەگەر دەرچووی کۆلیژی پۆلیس نەبێت، بەڵام ئێستا لەسلێمانی پۆلیس هەیە بڕوانامەی شەشەمی سەرەتایی هەیە، بەڵام پلەکەی نەقیبە، هەربۆیە ئێمە بێئاگاین لەوەی کە ئەوانەی لەسلێمانین بە چ شێوەیەک دانراون.

بریکاری وەزارەتی ناوخۆ (هەولێر) ڕوونیشیکردەوە، «وەزارەتی ناوخۆ بێئاگایە لەوەی کە لە (ئیدارەی سلێمانی) پۆلیس بۆ چ شوێنێک دانراوەو بۆ چ شوێنێک دانەنراوە، چونکە تائێستاش مووچەی تایبەتی خۆیان هەیەو وەزارەتی ناوخۆ لێی بێئاگایە، بەڵام وەک تەعلیمات بۆ کەس نەهاتووە لەخۆیەوە مووچەی کەس ببرێت‌و وەزارەتی ناوخۆش تەعلیماتی لەوبارەیەوە دەرنەکردووە»، وتیشی: «ئێستا ئازادیی هەیەو خەڵک بیروبۆچوونی جیاوازی هەیەو پاراستنی بارەگای ڕۆژنامەی ڕۆژنامەو کەناڵەکەشیان لەئەستۆی وەزارەتی ناوخۆدایە».

وتیشی: دانانی پۆلیس بۆ پارێزگاریکردنی داموودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی شتێکەو قسە لەسەرکردنی ئەو دەزگایانەش شتێکی دیکەیەو وەزارەتی ناوخۆ مووچەی کەسی نەبڕیوەو پاراستنی سەرجەم ئەوداموودەزگایانەش ئەرکی وەزارەتی ناوخۆیەو ئێمە نەمان وتووە ئەو داموودەزگایانە ناپارێزین‌و ئەگەر کەسێکیش گلەیی لەوڕووەوە هەیە، دەتوانێت سکالاَ تۆماربکات.

**فایەق تۆفیق، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ:**

* ئێستا ئازادیی هەیەو خەڵک بیروبۆچوونی جیاوازی هەیەو پاراستنی بارەگای ڕۆژنامەی ڕۆژنامەو کەناڵەکەشیان لەئەستۆی وەزارەتی ناوخۆدایە»

• • • • • • • • • • • • • • •

* پاراستنی سەرجەم ئەوداموودەزگایانەش ئەرکی وەزارەتی ناوخۆیەو ئێمە نەمان وتووە ئەو داموودەزگایانە ناپارێزین‌و ئەگەر کەسێکیش گلەیی لەوڕووەوە هەیە، دەتوانێت سکالاَ تۆماربکات

# ئەمڕۆ پەرلەمان چوار ساڵ کارکردنەکەی تەواودەبێت

## ئەندامێکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمان:

# درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنی پەرلەمان پێچەوانەی یاسایە، چونکە خەڵک بۆ چوار ساڵ هەڵیانبژاردووە

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

ئەمڕۆ ماوەی یاسایی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان کۆتاییدێت، هەرچەند ئەندامانی پەرلەمان ماوەکەیان درێژکردەوە، بەڵام بەبۆچوونی چاودێران و پسپۆڕانی یاساو دەستوور لەمڕۆ بەدواوە پەرلەمان «هیچ شەرعییەتییەکی یاسایی نامێنێت»و درێژکردنەوەی ماوەکەش بە «شکاندنی سەروەریی» گەلی کوردستان لەقەڵەمدەدەن.

لە (٢٠٠٥/١/٣٠) هەڵبژاردنی خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ئەنجامدرا (١٣) لیست بەشدارییان لەهەڵبژاردنەکەدا کردو لەو ژمارەیە تەنیا سێ (لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان، (١٠٤) کورسی، لیستی کومەڵی ئیسلامی (٦) کورسی، لیستی زەحمەتکێشانی کوردستان و سەربەخۆکان (١) کورسی)یان بەدەستهێنا، دوای چوارمانگ لەوادەی هەڵبژاردن، سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی رۆژی شەممە ٢٠٠٥/٦/٤ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان یەکەمین دانیشتنی خولی دووەمی ئەنجامدا.

ئەمڕۆ ٢٠٠٩/٦/٤ ، کە هاوکاتە لەگەڵ یەکەم دانیشتنی پەرلەماندا ماوەی چوارساڵی کارکردنی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان کۆتایی پێدێت، هاوکات بەشێک لەئەندامانی پەرلەمان ئاماژە بەوە دەکەن، لەمڕۆوە پەرلەمان نوێنەری گەل نییەو شەرعیەتی میللی نامێنێت.

زانا رۆستایی، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند: درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمانی کوردستان «کارێکی نایاسایییەو پێچەوانەی یاسایە»، چونکە خەڵکی کوردستان بۆماوەی چوارساڵ دەنگیان بەپەرلەمانداوە، کە دەکاتە ٢٠٠٩/٦/٤، دوای ئەو رۆژە پەرلەمان شەرعیەتی میللی نامێنێت، هەرچەند پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەسەڵاتی یاسادانانی هەیە ماوەی کارکردنی درێژکردەوە.

وتیشی: «من پێمباشە دوای ٦/٤ پەرلەمان هەڵبووەشێتەوەو بێ پەرلەمان بین باشترە، لەو نەریتە چەوتەی کە شەرعیەت بەخۆمان بدەین، بۆئەو مەبەستەش ئێمە ژمارەیەک لەئەندامانی پەرلەمان داوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانمان کرد، بەڵام بەو پێیەی کە یەکێتی و پارتی خاوەنی زۆربەی کورسییەکانی پەرلەمانن، وادەکە درێژکرایەوە».

هەرلەوبارەیەوە پەرلەمانتار محەمەد رەفعەت، بەرپرسی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان بەرۆژنامەی راگەیاند: شەرعیەتی یاسایی پەرلەمانی کوردستان ئەمڕۆ کۆتاییدێت، لەمڕۆ بەدواوە پەرلەمان هەرکارێکی یاسایی بکات، خۆی لەخۆیدا نایاساییە، بەڵام درێژکردنەوەکە بۆئەوەیە دەیانەوێت هەرچۆنێک بێت لەم ماوەیەدا پاڵ بەدەستوورەوە بنێن و پەسەندی بکەن، لەکاتێکدا دەستوورەکە کەموکورتی تێدایەو بەڕای من باشترە لەخولی داهاتوودا پەسەندبکرێت».

> **پەرلەمانتار محەمەد رەفعەت:**
>
> **لەمڕۆ بەدواوە پەرلەمان هەرکارێکی یاسایی بکات، خۆی لەخۆیدا نایاساییە، بەڵام درێژکردنەوەکە بۆئەوەیە دەیانەوێت هەرچۆنێک بێت لەم ماوەیەدا پاڵ بەدەستوورەوە بنێن و پەسەندی بکەن**

لەدانیشتنی رۆژی (٥/١٣)ی پەرلەمانی کوردستاندا پرۆژەبڕیاری درێژکردنەوەی

خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان پەسەندکرا، بەگوێرەی بڕیارەکە ماوەی کارکردنی پەرلەمان کە لە ٦/٤ کۆتاییدێت، درێژکرایەوە تاسازدانی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی داهاتوو، پەرلەمانتارێکیش درێژکردنەوەی ماوەکە بەشتێکی ئاسایی ناودەبات.

غەفور مەخموری، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ئەوەی خستەڕوو، ئەو ماوەیەی درێژکراوەتەوە زۆرکورتەو لەماوەی رابردووشدا ئەوئەزموونە هەبووە، ئەوەش بەو مەبەستەیە کە فەراغی یاسایی و تەشریعی دروست نەبێت و بۆ راپەڕاندنی کۆمەڵێک ئیشوکاری رۆتیناتە، «ئەوە حاڵەتێکی زۆر ئاساییەو پێویست ناکات ئەوەندە قسەی لەسەر بکرێت، ئەگەر پەرلەمان ماوەکەی بۆ دووساڵ درێژکردەوە، ئەوکاتە جێگای قسەلەسەرکردنە».

پەرلەمانتار سەردار هەرکی، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، بەرۆژنامەی راگەیاند: بەڕای من لەڕووی مەنتیقی و فەلسەفییەوە مافی ئەوەمان نەبوو، ماوەی کارکردنمان درێژبکەینەوە، چونکە ئەوە تەنیا مافی میللەتە، نوێنەرایەتییەکەی ئێمە بۆماوەی چوارساڵ بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە (هێزێکی دەسەڵاتدار) هەیە، کە دەسەڵات دەدات بەپەرلەمان بۆدرێژکردنەوە، هەروەها پەرلەمان هەوڵیدا پرۆسەی هەڵبژاردن لە (٥/١٩) دا بکرێت، بەڵام کۆمسیۆن ئەوەی ئاشکراکرد، کە ناتوانن لەو وادەیە هەڵبژاردن بەڕێوەببەن».

> **د. شۆڕش حەسەن، پسپۆڕ لەبواری یاسای دەستووری:**
>
> **پەرلەمان بۆی نییە ماوەی کارکردنی درێژبکاتەوەو هەر درێژکردنەوەیەکیش ناکۆکە لەگەڵ یاساداو پێچەوانەی یاسایە، تەنیا لەحاڵەتی نائاسایی (شەڕ، لافاو، نەخۆشیی)دا نەبێت**

بەبۆچوونی پێسپۆڕانی یاساو دەستوور هیچ یاسایەک رێگا بەپەرلەمان نادات ماوەی کارکردنی درێژبکاتەوەو هەرجۆرە درێژکردنەوەیەکیش پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسی و شکاندنی سەروەریی میللەتە.

د. شۆڕش حەسەن، پسپۆڕ لەبواری یاسای دەستووری وتی: «پەرلەمانی کوردستان بۆماوەی چوارساڵ بەدەنگی گەل هەڵبژێردراوە، ئەگەر لەماوەی دیاریکراودا هەڵبژاردن نەکرێتەوە، ئەوا پەرلەمان سەروەریی گەلی شکاندووەو ئەوەش پێشێلکارییە بەرامبەر بەیاساو تەنانەت خودی پەرلەمانیش».

باسی لەوەشکرد، پەرلەمان لەلایەن خەڵکەوە بۆماوەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژێردرێت، پێش تەواوبوونی ئەو ماوەیە پێویستە هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت و پەرلەمانێکی دیکە دەستبەکاربێت، دەبوو پەرلەمانی کوردستان لەمانگی ئایاردا هەڵبژاردنی ئەنجامبدایە، بۆیە پەرلەمان بۆی نییە ماوەی کارکردنی درێژبکاتەوەو هەر درێژکردنەوەیەکیش ناکۆکە لەگەڵ یاساداو پێچەوانەی یاسایە، تەنیا لەحاڵەتی نائاسایی (شەڕ، لافاو، نەخۆشیی)دا نەبێت.

لەلای خۆیشییەوە لەتیف مستەفا، پسپۆڕ لەیاسای دەستووری، بەرۆژنامەی راگەیاند: پەرلەمانی کوردستان بەپێی یاسا بۆماوەیەک هەڵبژێردراوە، لەکاتی تەواوبوونی ئەو ماوە زەمەنییەدا شەرعیەتیان نامێنێت، هەریاساو بڕیارێکیش بەهەر بیانوویەک جگەلە (باری نائاسایی) دەربچێت بۆ درێژکردنەوەی ماوەکە، هیچ سەنەدێکی یاسایی نییە، بەڵکو دەبێت گەل ماوەکە درێژبکاتەوە، ئەویش تەنیا بەهەڵبژاردن دەبێت»

ئاماژەی بەوەشکرد، دەبێت پێش تەواوبوونی ماوەی دیاریکراوی شەرعیەتی یاسایی پەرلەمان، پرۆسەی هەڵبژاردن بکرێت، درێژکردنەوەی ماوەکە دژی بنەماکانی دیموکراسیەتە.

سەردار هەرکی بەپێویستی دەزانێت، لەم ماوەیەدا تەنیا چاودێری کارەکانی حکومەتی هەرێم بکات و هیچ جۆرە یاسایەک دەرنەکات.

لەوبارەیەوە دەڵێت: ئامانجی درێژکردنەوەی وادەکە بۆ ئەوەبوو، کە پەرلەمان هەرسێ رۆڵەکە (یاسادانان، پەسەندکردنی بودجە، چاودێریکردنی حکومەت) ببینێت، بەڵام بەڕای من کارێکی خراپە کە لەئێستادا پەرلەمان هەڵبووەشێتەوەو فەراغێکی یاسایی دروستببێت، بەڵام دەکرا ئەوماوەیە کاری پەرلەمان تەنیا چاودێریکردنی حکومەت بێت و هیچ یاسایەک دەرنەکات».

---

## «بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنە»

# ئەو خانەنشینانەی سێ ساڵە پێناسیان بۆ کراوە، مووچەیان پێدەدرێت

**شارا عەبدولڕەحمان**

دوای سێ ساڵ لە وەرگرتنی پێناس و نەدانی مووچە پێیان، (٣٧) هەزار خانەنشین ئاگاداردەکرێنەوە کە بچن مامەڵەکانیان نوێبکەنەوە تا مووچەیان پێبدرێت، سەرچاوەیەکی ئاگاداریش ئاماژە بەوەدەکات کە ئەو ئاگادارکردنەوەیە تەنیا بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنە.

نزیکەی سێ ساڵە (٣٧) هەزار کەس پێناسی خانەنشینی دەزگای پێشمەرگەیان بۆکراوە، بەڵام مووچەیان پێنەدراوە، لە چەند رۆژی رابردوودا ئاگادارکراونەتەوە کە بچن مامەڵەکانیان نوێبکەنەوەو نووسراوی مەڵبەندەکانی یەکێتی ببەن تا مووچەیان پێبدرێت، ئەمەش دەنگۆیەکی لەناو ئەو خانەنشینانەدا دروستکردووە کە مووچەپێدانیان لەم کاتەدا تەنیا بانگەشەی هەڵبژاردنە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو خانەنشینانە پێناسیان هەیەو پێویست بە مامەڵەی دیکە ناکات بۆ پێدانی مووچە، بەڵام نوێکردنەوەی مامەڵەکانیان بۆئەوەیە کە تا کاتی هەڵبژاردن سەرقاڵیان بکەن و دواتر وەک ئەم چەند ساڵەی رابردوو مووچەیان پێنەدەن.

لەوبارەیەشەوە رابەر سەید ئیبراهیم، لێپرسراوی دەزگای پێشمەرگە، ئەوەی رەتکردەوە، کە مووچەپێدانیان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بێت، بە رۆژنامەی راگەیاند: هەر جارەو پۆلێک لەو ناوانە خراونەتە ریزی ئەو خانەنشینانەی کە مانگانە مووچەیان پێدەدرێت، ئەوانەی ئێستاش کە ئاگادارکراونەتەوە، بەپێی دەرفەت مووچەیان بۆ دەبردرێتەوە، نوێکردنەوەی مامەڵەکانیشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بگوێزرێنەوە سەر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی.

---

# رۆژنامە کۆنگرەیەکی بەپارێزگاری هەولێر سازکرد

**سامان بەشارەتی**

پارێزگاری هەولێر رەتیکردەوە بازاڕی تایەفرۆشان درابێتە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی و وتی، ئەو بازاڕە دراوەتە بازرگانێک..

دوێنێ نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێرو نیهاد لەتیف قوجە، قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر دەربارەی هەواڵی «زەوی بازاڕێک دەدرێتە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی»ی ژمارەی دوێنێی رۆژنامە، کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییان سازکرد.

پارێزگاری هەولێر بەرۆژنامەنووسانی راگەیاند: کۆنگرەکە تایبەتە بەوهەواڵەو ئەوەشی بە بانگەشەی هەڵبژاردن وەسفکردو وتی: «تێکدانی بازاڕی تایەفرۆشانی شاری هەولێر یەکێکە لەوکارانەی ئێمە کە لەبەردەستماندایە بۆ جوانکاریی شاری هەولێرەو خاوەنی ئەودوکانانەش جێگەی دیکەیان بۆ دروستکراوە، ئەوهەواڵەی کە نووسراوە زەوی بازاڕێک دەدرێتە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی، هیچ راست نییەو پێمناخۆشە رۆژنامەیەکی دیاری کوردستان وەک (رۆژنامە) هەواڵی نادروست بڵاوبکاتەوە».

نەوزاد هادی جەختی لەوەشکردەوە، کە ئەو زەوییە دراوەتە بازرگانێکی گەورەی شاری هەولێر بەناوی ئەحمەد ماجد، نەک ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی، وتیشی: «هیچ ئەندامێکی پارتی پەیوەندی بەو پرۆژەیەوە نییە، ئەو بازرگانە هاتەلامان و داوایکرد ئەو پارچە زەوییەی پێبدرێت بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی مۆدێرنی تیادروست بکات، ئێمەش رەزامەند بووین»

---

# پارەی مۆلیدە کەمدەکرێتەوەو هی نیشتیمانیش زیاد دەکرێت

**بەرهەم خالید**

بەڕێوەبەرێتی گشتی کارەبای سلێمانی ئاگاداری مولیدە ئەهلیەکان دەکات، کە لەمەودوا بۆ ئەمپێرێک کارەبا حەوت هەزار دینار لەهاوڵاتییان وەربگرن، ئەوە لەکاتێکدا نرخی کارەبای نیشتمانی زیادیکردووە، بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای سلێمانیش دەڵێت: بۆ مانگی حوزەیران بەکارەبای موەلیدەو نیشتمانییەوە (٢٣) سەعات کارەبا دەدرێت بەهاوڵاتییان.

سیروان محەمەد، بەڕێوەبەری راگەیاندن و پەیوەندییەکانی کارەبای سلێمانی بەرۆژنامەی راگەیاند: بۆمانگی حوزەیران بۆ هەرئەمپێرێک کارەبای موەلیدە ئەهلیەکان حەوت هەزار دینار لەهاوڵاتییان وەربگیرێت، کە پێشتر نۆ هەزار دینار بووە، وتیشی: «دەبێت لەبری کارەبای مانگی رابردووش خاوەن موەلیدەکان بڕێک پارە بۆهاوڵاتییان بگەڕێننەوە بەگوێرەی ئەو پسوڵەیەی لەلایەن بەشی موەلیداتی وەرشەی مەرکەزی ئامادەکراوەو لەموەلیدەکە هەڵواسراوە».

کەمکردنەوەی نرخی کارەبای موەلیدە ئەهلیەکان لەکاتێکدا نرخی کارەبای نیشتمانی چەندین بەرامبەر زیادیکردووەو ئەوەش هاوڵاتییانی نیگەرانکردووەو وەک سەرچاوەیەک لەبەڕێوەبەرێتی کارەبا باسیکرد، نرخەکە زیاتریش دەبێت، ئەوەش لەپێناو ئەوەی وەزارەتی کارەبا لەمەودا بتوانێت خۆی بژیەنێت.

یاسین حەسەن، بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای سلێمانی بەرۆژنامەی راگەیاند: بەپێی خشتەیەک لەم مانگەدا هاوڵاتییانی ناوشاری سلێمانی (١٦) سەعات کارەبای نیشتمانییان دەبێت و لەناو شاری سلێمانی لە (١٢) نیوەڕۆ بۆ (١٢)ی شەو (٦) سەعات کارەبا دەبێت و ئەوی دیکەش موەلیدە ئەهلیەکان دابینیدەکەن، وتیشی: «ئەو خشتەیە تەنیا بۆ ئەم مانگەیەو بۆدەرەوەی شارەکان جیاوازەو ئەگەر کێشەمان نەبێت دەتوانین کارەبای زیاتر بۆهاوڵاتییان دابین بکەین».

## سەرۆکی تیمی ئەمریکی بۆ ئاوەدانکردنەوە لە هەرێم:

# راپۆرت لەسەر بچووکترین خروقات لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بۆ ئەمریکا بەرزدەکەینەوە

سازدانی:
رێبین فەتاح، نامۆ عەبدوڵڵا

**لوسی تاملین، سەرۆکی تیمی ئەمریکی بۆ ئاوەدانکردنەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لە دیدارێکی رۆژنامەدا سەبارەت بە رۆڵی ئەمریکا لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستاندا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بە وردی چاودێریی هەڵبژاردنی پەرلەمان دەکەن‌و راپۆرت لەسەر بچووکترین خروقات‌و پێشێلکاریی بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرزدەکەنەوە، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە پاراستنی ئەمنیەتی پرۆسەکە لەئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.**

**رۆژنامە: ئەوەندەی تێبینیتان کردبێت هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بەرێوەدەچێت یان پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لە هەڵبژادنەکەدا رەنگدەدەنەوە؟**

* ئێمەو قونسوڵی بەریتانیاو قونسوڵەکانی دیکەی وڵاتانی دیکە کە لێرەین، جەخت لەسەر خاڵێکی هاوبەش دەکەینەوە، ئەم خاڵەش بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکانە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، وەک بوونی شەفافیەت‌و ئازادیی دەنگدان‌و هتد، یەکێک لە کارەکانی ئێمە لێرە، چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەیە، بۆ ئەمەش گوێ لە خەڵک دەگرین بۆئەوەی بزانین چی دەڵێن، هەروەک چاودێریی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەش دەکەین بۆئەوەی بزانین چۆن‌و بە چ شێوەیەک بەرێوەدەچێت، بەم پێیە تێبینی هەر شتێک بکەین، راپۆرتی لەسەر دەکەین‌و بۆ باڵیۆزی ئەمریکای رەوانە دەکەین لە بەغداو ئەوانیش لای خۆیانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای بەرزدەکەنەوە، خەڵکی ئەمریکاش دەیەوێت بزانێت هەڵبژاردنەکانی کوردستان چۆن بەرێوەدەچن. دیارە ئەمریکا بە گرنگییەوە لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەروانێت، چونکە هەڵبژاردن زیاتر دیموکراسیەتی ئەم هەرێمە نیشاندەدات، تا هەڵبژاردن بکرێت دیموکراسیەت زیاتر قوڵدەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا تا خەڵک‌و هاوڵاتییان زیاتر بەشداریی لە هەڵبژاردنەکەدا بکەن‌و دەنگبدەن، دیموکراسیەت قوڵتر دەبێتەوە.

**رۆژنامە: کەواتە تائێستا ئێوە بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکە چیتان کردووە؟**

* چەند کارێکمان کردووە، لەوانە پاڵپشتی مادیمان لەو رێکخراوانە کردووە کە چاودێریی هەڵبژاردنەکە دەکەن، وەک رێکخراوی (NDI)و رێکخراوی (IRI) کە دوو رێکخراوی ئەمریکین لە هەرێمی کوردستاندا، هەردوو رێکخراوەکەش هاوکاریی تەواوی لایەنە سیاسییەکانیان کردووەو کاریان لەسەر پێگەیاندنی ژنانی سەرکردە کردووە، بۆئەوەی لەرووی سیاسییەوە بێنە پێشەوە. یەکێک لە پرۆژەکانیشمان ئەوەیە کە دەرفەت برەخسێنین بۆ تەواوی حیزبەکان بۆئەوەی لە رێگای کەناڵێکی ئاسمانییەوە کە کەناڵی ئاسمانیی (نەورۆز)ە، پروپاگەندە بۆ لیستەکانیان بکەن، بە گشتی ئێمە خۆمان ئامادە دەکەین بۆ چاودێریکردنی چۆنێتی بەرێوەچوونی پرۆسەکە.

**رۆژنامە: تا چەند دڵنیان ئەم رێکخراوانە بەشێوەیەکی بێلایەنانە کاردەکەن، لەکاتێکدا هەردوو رێکخراوەکە بەپێی زانیارییەکانی ئێمە زیاتر مامەڵە لەگەڵ پارتی‌و یەکێتیدا دەکەن نەک حیزبەکانی دیکە، لەلایەن چەند حیزبێکیشەوە ئەو رەخنەیەیان لێگیراوە؟**

* لەگەڵ پارتەکانی دیکەش کاردەکەن، ئێمە پاڵپشتی مادیی لە هەر رێکخراوێک بکەین، مەرجێکیان بۆ دادەنێین ئەویش کارکردنە لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان.

**رۆژنامە: پرسیارەکە ئەوە بوو کە ئەو رێکخراوانە لەکاتێکدا کە زیاتر مامەڵە لەگەڵ پارتی‌و یەکێتیدا دەکەن، دەکرێت چاوەروانی ئەوەیان لێبکرێت بەشێوەیەکی بێلایەن ئەرکەکەیان جێبەجێبکەن، چونکە زانیاریی هەیە کە کار لەگەڵ هەموو حیزبەکان ناکەن؟**

* ئاگام لەوەنییە.

**رۆژنامە: باستان لەوەکرد کە ئەمریکا چاودێریی پرۆسەکە دەکات، بەڵام جگە لە چاودێریکردن، لەرووی ئەمنییەوە چ رۆڵێکی دەبێت، بەتایبەت ئەگەر هێزەکانی ئاسایش‌و پێشمەرگە بێلایەن نەبن‌و فشار لەسەر هاوڵاتییان دروستبکەن؟**

* تائێستا هیچ بریارێک نەدراوە بۆئەوەی هێزێکی ئەمریکی بۆ ئەم مەبەستە بێتە هەرێمی کوردستانەوە، ئێمە قونسوڵێکی گشتیمان لێرە هەیە کە تائێستا هیچ داوایەکی لە ئەمریکا نەکردووە، تا هێزێکی سەربازیی رەوانەی ئێرە بکات بەمەبەستی رێکخستنی بارودۆخی ئەمنیی. ئەمریکا نیازی ئەوەی نییە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ئارامیی سندوقەکانی دەنگدان بپارێزێت، هەروەک لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقیشدا هەر هەمان شت روویدا، هێزەکانی ئەمریکا تەنیا چاودێریی بارودۆخی ئەمنیان دەکرد لەدەرەوەی سندوقەکانی دەنگداندا، بەڵام بۆئەوەی بزانرێت هەڵبژاردنەکە چۆن بەرێوەدەچێت، نوێنەرانی هەموو پارتە سیاسییەکان چاودێریان لەسەر سندوقەکانی دەنگدان هەیە، جگە لە رێکخراوە ناحکومییەکان کە بە هەمانشێوە چاودێریی هەڵبژاردنەکە دەکەن‌و لە وێستگەکانی دەنگداندا بوونیان دەبێت.

**رۆژنامە: ئەگەر رێکخراوەکان‌و چاودێرانی هەڵبژاردن لە راپۆرتەکانی خۆیاندا پێداگیریی لەسەر ئەوە بکەن کە ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکەدا کراوەو فشار خراوەتە سەر دەنگدەران، رۆڵی ئەمریکا چی دەبێت؟**

* کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق هەیە، چاودێران دەتوانن لە هەر پێشێلکارییەک ئاگاداریان بکەنەوە، کۆمسیۆن فۆرمێکی تایبەتی هەیە دەنگدەران‌و چاودێران دەتوانن ئەو فۆرمە پربکەنەوەو بۆ کۆمسیۆنی بەرزبکەنەوە، یان لە رێگای ژمارەیەکی خۆرایی تەلەفۆنەوە کە بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکراوە، راستەوخۆ پەیوەندی بە کۆمسیۆنەوە بکەن‌و ئاگاداریان بکەنەوەو کۆمسیۆنیش لەماوەی سێ رۆژدا کاردانەوەی خۆی بەرامبەر بە هەر پێشێلکارییەک رادەگەیەنێت، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە (یۆنامی) کە رێکخراوێکی سەر بە (یوئێن)ە، لەپشت کۆمسیۆنەوەیە، هەرکاتێک باس لە کۆمسیۆن بکرێت، دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە کۆمسیۆن چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتی هەیە. دەبێت ئەوەش بڵێم کە بۆئەوەی هەڵبژاردنێکی پاک‌و بێگەرد بکرێت، پێویستە چەند پێوەرێک بەرجەستەبن، وەک ئەوەی نابێت بە هیچ شێوەیەک دەنگدەر فشاری لەسەر دروست بکرێت‌و بە هەموو شێوەیەکیش دەنگدەران ئازادن لەوەی دەنگ بە کێ دەدەن. پاشان ئەمریکا ناتوانێت رێگریی دروستبکات لەبەردەم ئەم گرفتانەی کە باستکرد، ئێمە تەنیا دەتوانین چاودێریی هەڵبژاردنەکە بکەین‌و تێبینییەکانی خۆمان تۆماربکەین‌و بیانخەینەروو، واتە ئەمریکا هیچ رۆڵێکی نییە لەناو پرۆسەکەدا، ئەگەر لە حاڵەتێکدا شتێک روویدا، تەنیا ئەوەندەی لەسەرە کە چاودێریی بکات‌و تۆماری بکات، لە دواجاریشدا لەئاستێکی نێودەوڵەتیدا دەتوانێت بڵێت ئەم هەڵبژاردنە هەڵبژاردنێکی ئازادو عادیلانە نەبوو، ئەمریکا بە راشکاوی رای خۆی دەدات دوای بەرێوەچوونی پرۆسەکە، بەڵام هیچ بەشدارییەکی راستەوخۆی نابێت.

**رۆژنامە: ئەگەر رێکخراوەکان‌و چاودێران لە راپۆرتەکانی خۆیاندا ئەوە بسەلمێنن کە هەڵبژاردنەکە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بەرێوەنەچووە، دوای هەڵبژاردنەکە ئەمریکا هیچ هەڵوێستێکی دەبێت؟**

* ئێمە ناتوانین هیچ بکەین، جگە لەوەی راپۆرت لەسەر بچووکترین پێشێلکارییەکان بەرزبکەینەوە، ئەمە ئەرکی هاوڵاتی خۆیەتی کە هەر شتێکی بینی، بۆ دەسەڵاتی بەرزبکاتەوە.

**رۆژنامە: ئەی ئەگەر هاوڵاتییان لەرووی فیزیکییەوە ئازاردران، ئەمریکا چ هەڵوێستێکی دەبێت، واتە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکەدا توندوتیژیی رووبدات؟**

* ئەمە تەنیا پێشبینییەکەو پێناچێت شتی واش رووبدات، بەڵام ئەگەر توندوتیژی رووبدات، ئەمە نائومێدمان دەکات‌و خوازیاری ئەوەین هەڵبژاردن لە کەشێکی ئارامدا بەرێوەبچێت، دەرفەت بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکان برەخسێنرێت کە ئازادانە بەشداریی هەڵبژاردنەکە بکەن، ئەو دەرفەتەش بۆ دەنگدەران برەخسێنرێت کە بە هەمانشێوە بە ئازادیی دەنگی خۆیان بدەن. دیسانەوە ئێمە تەنیا دەتوانین چاودێرییەکی وردی هەڵبژاردنەکە بکەین‌و راپۆرت لەسەر بچووکترین پێشێلکارییەکان بەرزبکەینەوە، ئەگەر تێبینیشتان کردبێت، لە راپۆرتەکەی دواییماندا دەربارەی عێراق، رەخنەیەکی زۆر لە پێشێلکارییەکان گیراوە، پاراستنی گیانی هاوڵاتییانیش دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵات‌و حکومەتی هەرێم بەرپرسیارەو دەبێت کاردانەوەی بەرامبەر بە هەر پێشێلکارییەکی مافی مرۆڤ هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە رێگای بە دۆکیومێنتکردنی پێشێلکارییەکانەوە هاوکاریی حکومەت دەکەین بۆئەوەی لێپێچینەوە لەگەڵ لایەنی بەرپرسدا بکات.

**رۆژنامە: لێرە بۆچوونێک هەیە کە ئەمریکا خوازیاری روودانی گۆرانێکی سیاسییە لە هەرێمی کوردستاندا، چەند سیاسییەکی ئەمریکیش لە راگەیاندنەکاندا باسیان لەوەکردووە، بۆچوونی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

* ئەوەی ئێمە دەمانەوێت ئەوەیە کە هەڵبژاردنێکی پاک‌و بێگەرد بەشێوەیەکی دیموکراسیانە لە هەرێمی کوردستاندا بەرێوەبچێت، دەمانەوێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بنەماکانی دیموکراسیەت لە خۆیدا بەرجەستە بکاتەوە، ئەمە خواستی ئەمریکایە لە کوردستان.

**رۆژنامە: زۆرجار باس لەوەدەکرێت ئەمریکا پاڵپشتیی لە هەندێک لایەنی سیاسی دەکات لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمە راستە؟**

* ئەمە راست نییەو ئێمە بە هیچ شێوەیەک یارمەتیی پارتێکی دیاریکراو نادەین، ئەگەر یارمەتییەکمان هەبێت، بە یەکسانی پێشکەش بە هەموو لایەنە سیاسییەکانی دەکەین، دواتریش ئەمە رۆڵی ئەمریکا نییە کە بەشداریی بکات لە سیاسەتی حیزبەکان‌و لەو پرۆسە سیاسییەی لە کوردستاندا بەرێوەدەچێت.



**دەمانەوێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بنەماکانی دیموکراسیەت لە خۆیدا بەرجەستە بکاتەوە، ئەمە خواستی ئەمریکایە لە کوردستان**

**ئەمریکا تەنیا ئەوەندەی لەسەرە کە چاودێریی بکات‌و تۆماری بکات، لە دواجاریشدا لەئاستێکی نێودەوڵەتیدا دەتوانێت بڵێت ئەم هەڵبژاردنە هەڵبژاردنێکی ئازادو عادیلانە نەبوو، ئەمریکا بە راشکاوی رای خۆی دەدات دوای بەرێوەچوونی پرۆسەکە، بەڵام هیچ بەشدارییەکی راستەوخۆی نابێت**

## سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕاپۆرتێک لەسەر کەرکوک ئامادەدەکات

# شکستی لیژنەی مادەی ٢٣، کەرکوکی گەڕاندەوە باوەشی پەرلەمان

ڕۆژنامە


کۆبوونەوەی سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی مادەی ٢٣

دوای شکستهێنانی لیژنەی مادەی (٢٣)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق و گەڕانەوەی دۆسییەکە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بڕیارە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕاپۆرتێکی گشتی بۆچارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک ئامادەبکات.

بەپێی مادەی ٢٣ی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابـــردوودا، لیژنەیەکی حەوت کەسی پێکهێنرا بۆلێکۆڵینەوە لەباروودۆخی کەرکوک، لـەدوو نوێنەری هەریەکە لە کـوردو عـەرەب‌و تورکمان لەگەڵ یەک نـوێـنـەری مەسیحی، مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨ بڕیاری دەستبەکاربوونیان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆدەرچوو، پێویستبوو تاکۆتایی مانگی ئازاری ئەمساڵ ڕاپۆرتێک ئامادەبکەن لەسەر (دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی کەرکوک‌و پێداچوونەوە بەتۆماری ڕەگـەزنـامـەو دەنـگـدەران‌و زیادەڕەوییەکان)و پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی بکەن‌و دواتر ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی تایبەت بۆئەنجامدانی هەڵبژاردن لەپارێزگای کەرکوک دەربکات.

### کەرکوک گەڕایەوە پەرلەمان

دوای کۆتاییهاتنی وادەی کـاری لیژنەی مـادەی ٢٣ لە ٢٠٠٩/٣/٣١و تەواونەکردنی کارەکانیان ماوەکە بۆ ٢٠٠٩/٥/٣١ درێژکرایەوە، ئەووادەیەش تەواوبوو لیژنەکە نەیتوانی هیچ هەنگاوێک بنێت، لەکۆتایی مانگی ڕابـردووشـدا لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئەندامانی لیژنەکە شکستی هەوڵەکانیان ڕاگەیاندو هەمان ڕۆژ گـەڕانـەوە شـاری بەغداو لەڕۆژی (٥/٣١) لەگەڵ ئەیاد سامەڕایی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبوونەوە.

سیروان کاکەیی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و نوێنەری کورد لەلیژنەی مـادەی (٢٣) بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە (٥/٣١) ئەندامانی لیژنەکە جگەلە نوێنەری پێکهاتەی عـەرەب لـەگـەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەراندا کۆبووینەوە، کـە ئـەوە دوادانیشتنی لیژنەکەبوو، پێداچوونەوەیەکمان کرد بەوئیشوکارانەی کە لـەڕابـردوودا لیژنەکە کردوویەتی، لەوماوەیەدا (٣٤) کۆبوونەوەمان کردووە، لەکۆبوونەوەکەدا سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بڕیاریدا لەماوەی یەک ڕۆژدا هەرپێکهاتەو ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران بکات، ئەوەبوو تەنیا لیستی هاوپەیمانی ڕاپۆرتی پێشکەش بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران کردو عـەرەب‌و تورکمانەکان ڕاپۆرتیان پێشکەش نەکرد.

### سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران چارەسەر بۆ کەرکوک دەدۆزێتەوە

دوای ڕاگەیاندنی شکستی لیژنەی مادەی ٢٣و گەڕانەوەی ئەندامانی لیژنەکە بۆبەغدا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەیەوێت ڕێگەچارەسەرێک بۆ کێشەکە بدۆزێتەوە.

کاکەیی وتی: «ماوەی کارەکانی لیژنە پەرلەمانییەکە کۆتاییپێهات بەبێئەوەی بگەینە هیچ ئەنجامێک، ئێستا مەسەلەکە هاتووەتە لای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران‌و لەسەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتی پێکهاتەکان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران بەڕاپۆرتەکاندا دەچێتەوەو لەهەفتەی داهاتوودا ڕاپۆرتێکی گشتی ئامادەدەکات، ئێمە چاوەڕوانی هەڵوێستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانین».

### چارەنووسێکی نادیار

لەمادەی ٢٣ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا هاتووە: «ئەگەر لیژنە پەرلەمانییەکە نەیتوانی ڕاپۆرتەکەی ئامادەبکات، ئەوا ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی تایبەت بۆ هەڵبژاردن لەپارێزگای کەرکوک دەردەکـات، ئەگەر ئەنجومەنی نوێنەرانیش نەیتوانی یاسایەک دەربکات، ئەوکاتە هەرسێ (سەرۆکایەتی کۆمار، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران) بەهاوکاری نەتەوەیەکگرتووەکان چەند مەرجێک بۆ هـەڵـبـژاردنـی کەرکوک دادەنێن».

بـەبـۆچـوونـی ئـەنـدامـەکـەی لیژنە پەرلەمانییەکە، گەڕانەوەی چارەسەری کێشەی هەڵبژاردنی کەرکوک بۆ ئەنجومەنی نـوێـنـەران، دەبـێـتـەهـۆی سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی ناکۆکی نێوان پێکهاتەکان‌و چارەنووسێکی نادیار چاوەڕێی شارەکە دەکـات. «سـەرۆکـایـەتـی ئەنجومەنی نوێنەران ناتوانێت یاسایەک بۆ هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوک دەربکـات، چونکە ئەوهەنگاوە پێویستی بەدروستکردنی لیژنەی دیکە هەیە، ئەوەیش دیسانەوە کێشمەکێش‌و مشتومڕ دروستدەبێت‌و ئەنجومەنی نوێنەران هیچی بۆ ناکرێت، هەروەها هەنگاوی دوای ئەوە کێشەکە دەچێتەلای هەرسێ سەرۆکایەتییەکەو دەبێت ئەوسێ سەرۆکایەتییە بەهاوکاری نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیارێک لەسەر هەڵبژاردنی پارێزگاکە دەربکات».

ئەوەیشی خستەڕوو، کە ئەوان وەکو کورد لەگەڵ گفتوگۆو هەوڵەکاندان بۆ چارەسەرکردن، بەڵام بەپێی دەستوور لەوەزیاتر دواخستنی هەڵبژاردن لەکەرکوک قبوڵ ناکرێت‌و پێویستە تاکۆتایی ئەمساڵ مەسەلەکە یەکلایی بکرێتەوەو نابێت چیتر کەرکوک جیابکرێتەوە.

### پێکهاتەکان یەکتر قبوڵناکەن

ڕێکنەکەوتنی پێکهاتەکانی نێو لیژنەی مادەی ٢٣ بۆچارەسەرکردنی ئەومەسەلانەی، کە کاری لەسەردەکەن بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەر پێکهاتەو پێشنیازێکی جیاوازی هەیە.

نـوێـنـەرە کـوردەکـەی نێولیژنەکە لەوبارەیەوە دەڵێت: ئەوەی بۆمان دەرکەوت بـەدرێـژایـی مـاوەی کارەکانی لیژنەکە، عەرەب‌و تورکمانەکان هەنگاویان نەناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵکو هەمووکات ڕێگربوون لەبەردەم چارەسەری کێشەکان‌و ئـەوەی خۆیان ویستوویانە کردوویانە، بەتایبەتی لەمەسەلەی دابەشکردنی پۆستەکان، کە هەردوو پێکهاتەی عەرەب‌و تورکمان دژی گەڕانەوەی کارمەندو فەرمانبەرانی کوردن بۆ شاری کەرکوک‌و دەیانەوێت دابەشکردنی دەسەڵات تەنیا پۆستە سیادییەکان بگرێتەوە، بـەڵام هەڵوێستی ئێمە وەکـو نوێنەری کورد ڕوونەو لەسەر هەرسێ تەوەرەکانی (دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، پێداچوونەوە بـەتـۆمـاری دەنـگـدەران، زیـادەڕۆیـی) واقیعەکەمان باسکردووەو ڕێگەچارەمان بۆ کێشەکان دۆزیوەتەوە».

## ڕوونکردنەوە

ڕوونکردنەوەیەک لەسەر فەرماندەی سریەی داقوق، بەڕێوەبەرێتی بەرگری‌و فریاکەوتنی دووز:

١. (سالار صالح ڕەحیم) پلەی سەربازیی (ڕائد) نییە، هیچ مەرسومێکی سەربازی نییە کە (ڕائد) بێت تەنیا مەرسومی ملازمیش نییە.

٢. لەفەرماندەی سریەوە گواستراوەتەوە بۆ ناو بارەگای بەڕێوەبەرێتی دووز.

٣. گواستنەوەی هیچ پەیوەندی بەمەڵبەندی (داقـوق)ەوە نییەو دوورە لەڕاستییەوە، تەنیا پەیوەندی بەبەڕێوەبەرێتی گشتی پۆلیسی بەرگری‌و فریاکەوتنەوە هەیە لەسەر کۆمەڵێک کەمووکوڕی خودی خۆیەتی کە ماوەی سێ ساڵە بەردەوام لەسەر ئەم کەموکوڕیانە دەڕوات، چەندینجار بانگکراوە بۆ لێپرسینەوەو ڕێنماییمان کردووە واز لەوکەمووکوڕیانە ناهێنێت کە ناکرێت لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان باس بکرێت.

٤. باسی دوو ئۆتۆمبێلی شەخصی دەکات، ئەمەش دوورە لەڕاستییەوە، هەردوو ئۆتۆمبێلەکە میلاکی سریەی (داقوق)ی بەڕێوەبەرێتی دووزە. یەک فۆرت‌و یەک نیسان مۆدێل (٢٠٠٧) کە سالار ساڵح دووجار وەریگێڕاوە لەساڵێکدا.

**عەمید کاکەمەند کاکەڕەش عومەر**
**بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی بەرگری‌و فریاکەوتن**

## ڕوونکردنەوە

سەبارەت بەوهەواڵەی لەژمارەی (٤٨٢)ی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا بڵاوکراوەتەوە، تێیدا هاتووە، کە (کلیلەکان لەمەڵبەندی دەرەوەی یەکێتی سەنراوەتەوە)، ئەم ڕوونکردنەوەیەمان هەیە.

ئێمە کلیلەکانمان لێ نەسەنراوەتەوە، بەڵکو لێمان وەرگیراوەتەوەو لەدەزگای هەڵبژاردنەوە پێمان وتراوە کە بۆماوەیەکی کاتیی، ژوورەکانی مەڵبەندەکەمان بەکاردەهێنن بۆ کاری هەڵبژاردن، تابەڕێز مامۆستا جەمال محەمەد دەگەڕێتەوە، بڕیارە لەپاشان ژوورەکانمان تەسلیم بکەنەوە.

لەگەڵ ڕێزدا

**نووسینگەی مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

# ژنە شەهیدێک: یەکێتی ئیشی بە خێزانی شەهیدان نەماوە

ڕۆژنامە

خێزانی شەهیدانی یەکێتی ئاماژە بەوەدەکەن، کە پێویستە یەکێتی خزمەتی زیاتریان پێشکەش بکات لە گەڕانەوەی دەرماڵەی منداڵەکانیان، کە زیاتر لە ساڵێکە بـڕاوەو لەگەڵ پێدانی ئەو (١٥) ملیۆن دینارەی کە بە پێشمەرگە دێرینەکان دەدرێت، ژنە شەهیدێکیش دەڵێت: «یەکێتی ئیشی بە خێزانی شەهیدان نەماوە، بۆیە گوێ بە داواکانمان نادات».

ژمارەیەک لە خێزانی شەهیدان دوای ئەوەی چەندینجار چوونەتە لای بەرپرسانی یەکێتی‌و حکومیی، لە خزمەتکردنیان بێهیوابوون، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە لە مانگی نیسانی ساڵی ڕابردووەوە دەرماڵەی منداڵەکانیان بڕاوە، کە بۆ هەر منداڵێک بڕی (٣٠) هەزار دیناریان پێدەدرا.

ژنـە شـەهیدێک کە لەکاتی شەڕی نـاوخـۆوە مـێـردەکـەی شەهیدبووە، بـە بـێـوەژنـیـی (٥) مـنـداڵـی هەتیوی بەخێوکردووەو لەترسی بڕینی مووچەی شەهیدانەی مێردەکەی داوایکرد ناوی نەبرێت، لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «(٥) منداڵی هەتیوم هەیەو کرێچیم، مووچەکەم (٤٥٠) هـەزارەو مانگانە (٣٠٠) هەزاری لێدەدەم بە کرێ‌و بە (٦) کەس مانگێک بە (١٥٠) هەزار دینار بەڕێدەکەین، ئەمە کەی دادپەروەرییە، بۆچی کە لە شاخ بووین لەگەڵ مێردەکانمان، یەکێتی ئیشی پێمانبوو، بۆچی ئێستا ئیشی پێمان نەماوە».

ژنانی شەهید ئـەوە دەخـەنـەڕوو کە منداڵەکانیان سەرزەنشتیان دەکەن بەوەی کە لەپێناوی یەکێتییەکداو لە سەردەمێکدا گیانی خۆیان خستووەتە مەترسییەوە، کە ئێستا پێی نازانێت‌و گوێ بە داواکانیان نادەن.

یەکێک لەو ژنە شەهیدانەی کە سکاڵایان هێنابوو بۆ ڕۆژنامە، ئاماژەی بەوەکرد، کە لەوکاتەی لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆندا بەرپرسان دەردەکەون کە لە مەراسیمەکاندا دەقەیەک بۆ گیانی شەهیدان دەوەستن، منداڵەکانی تەلەفزیۆنەکە دەکوژێننەوەو دەڵێن: «ئێمە دەقەی ڕێزلێنانمان ناوێت کە بەهۆی کرێچێتی‌و خەرجیی قورسی خوێندن‌و کەمیی شەهیدانەی باوکمانەوە، ژیانمان لێ بووەتە دۆزەخ».

لە ئێستادا وەزارەتی شەهیدان سندوقی هاوکاریکردنی شەهیدانی داناوەو بڕێک پارەی تێدا کۆکراوەتەوە، بەو مەبەستەی خزمەتی کەسوکاری شەهیدانی پێبکات لەکاتی بوونی (پرسە، نەخۆشیی، پێشینەی هاوسەرگیریی منداڵی شەهید)، بەڵام خێزانی ئەو شەهیدانە هیوایان بەو سندوقە نییەو دەڵێن: «ئەو سندوقەش لە سندوقی سواڵ دەچێت، خۆ ئێمە سواڵکەرنین تا خەڵک خێرمان پێبکات، ئەرکی حکومەتە ژیانمان باش بکات، نەک بەخێری خەڵک بمانژیەنن».

لـە کۆتاییدا ئـەو ژنـە شەهیدانە داواکارییەکانیان لە چەند خاڵێکدا کورت دەکەنەوە کە بریتین لە:

١- زیادکردنی مووچەو گەڕانەوەی دەرماڵەی منداڵ.

٢- ئاسانکاریی بۆ دامەزراندنی منداڵی شەهیدان لەکاتی تەواوکردنی زانکۆو پەیمانگاکاندا.

٣- پێدانی ئەو (١٥) ملیۆن دینارەی کە بە پێشمەرگە دێرینەکان دەدرێت.

٤- پـێـدانـی زەوی یـان یـەکـەی نیشتەجێبوون.

## لە ململانێی کۆنەپارێزو ریفۆرمخوازەکاندا

# دیاریکردنی سیاسەتی ئەتۆمیی ئێران لە دەسەڵاتی کێدایە؟

جەمال ئیختیار

سەرەڕای ئەوەی تائێستا نازانرێت کێ لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا سەردەکەوێت، ڕێبەری باڵای ئایینی ئێران، سیاسەتی ئەتۆمیی ئێران دیاریدەکاتو هیواش دەخوازێت کە هەردوو لایەن (کۆنەپارێزەکانو ریفۆرمخوازەکان) دەنگ بەدەستبهێنن، بەرپرسێکی باڵای ئێرانیش پێیوایە ناکرێت لە مەسەلەی ئەتۆمیی ئێراندا هەڵوێستی هیچ سەرۆکێک لە ئەحمەدی نەژاد نەرمتربێت.

مەهدی کەلهوڕ، ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئێستای ئێران، بە ڕۆیتەرزی ڕاگەیاند: «تەنیا عەلی خامەنەیی کە بەهێزترین دەسەڵاتە لە ئێراندا، دەتوانێت بڕیار لەسەر مەسەلەی وا گەورە بدات، ناکرێت چاوەڕوانی گۆڕان لەبواری سیاسەتی ئەتۆمیی ئێراندا بکرێت، ئەگەر میانڕەوێکیش هەڵبژاردن بباتەوە».

کەلهوڕ ئاماژە بەوەدەدات کە کەس ناتوانێت بڕیار لەسەر مەسەلەی (پەیوەندیی ئێرانو ئەمریکا، مەسەلەی ئەتۆمیی ئێران)و شتی گرنگی لەوشێوەیە بدات، هیچ سەرۆکێک مەسەلەی ئەتۆمیی ئێرانی پێ چارەسەر ناکرێت، ئەوە خامەنەیی بووە کە بڕیاری دەستپێکردنەوەی پیتاندنی یۆرانیۆمی دەرکردو هەر ئەویش دەتوانێت بڕیاری نوێ لەسەر مەسەلەکە بدات.

کەلهوڕ وتیشی «ئێران هیچ کاتێک واز لە بەرنامەی ئاشتیخوازانەی ئەتۆمیی خۆی ناهێنێت»و ئەوان ناتوانن شتێک بکەنە قوربانیی کە موڵکی نەوەکانی داهاتووەو بیرۆکەی (ڕاگرتن بۆ ڕاگرتن) کە مەبەستی ڕاگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆمە لە بەرامبەر ڕاگرتنی گەمارۆکانی سەر ئێران، ڕەتکراوەوتەوەو ئێران کاری پێناکات.

مەسەلەی ئەتۆمیی ئێران زیاتر لە چەند ساڵێکە بووەتە جێگای مشتومڕی تارانو زلهێزەکانی خۆرئاواو ئیسرائیل، کە ئەو وڵاتانە گومانی ئەوە دەکەن کە هەوڵی ئێران بۆ بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای ئەتۆمیی، هەوڵو پلانێکی چەکسازییەو هەڕەشە بۆ سەر ئاشتیی ناوچەکەو جیهان دروستدەکات، لە بەرامبەردا تاران پێداگرە لەسەر ئەوەی کە دەستکەوتەکانی ئێران لەبواری تەکنەلۆژیای ئەتۆمی لەبواری ئاشتیخوازانەدا بەکاردێن.

تائێستاش گفتوگۆکانی خۆرئاوا لەگەڵ ئێران کە هەوڵیانداوە بە کۆمەڵێک هاندەری ئابووریو بەڵێنی لابردنی گەمارۆکانی سەر ئەو وڵاتە، قەناعەت بە ئێران بکەن کە واز لە بەرنامەی ئەتۆمیی بهێنێت، بە شوێنێک نەگەیشتووەو لە هەمانکاتدا دەوترێت کە ئەمریکا هەوڵی یەکخستنی هەڵوێستەکان دەدات لەدژی ئێران بۆئەوەی بەشێوازێکی هەمەلایەنە ڕێگا لەوەبگیرێت کە ئێران ببێتە خاوەن چەکی ئەتۆمیی.

دەوڵەتی ئیسرائیل کە بە نزیکترین هاوپەیمانی ئەمریکا لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەناسرێت، زۆر بە توندی دژی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێرانەو بە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆی دەزانێت بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل، تائێستا چەندینجار ڕایگەیاندووە، کە چیتر ناتوانێت چاوەڕوانی دەستەوەستانی خۆرئاوا بێت بۆ ڕێگرتن لە ئەتۆمیبوونی ئێرانو دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئەو وڵاتە بۆمباران دەکات، لە بەرامبەریشدا ئێران ڕایگەیاندووە، کە دەستبەجێو لە چەند چرکەیەکدا وەڵامی هێرشێکی لەوجۆرە دەداتەوە.

ئاژانسی هەواڵی فرانس پرێس بڵاویکردووەتەوە، کە بە نوێنەرایەتیی شەش وڵات (ڕوسیا، چین، ئەمریکا، ئەڵمانیا، فەرەنساو بەریتانیا)، سەرۆکی فەرەنسا نیکۆلا سارکوزی بە وەزیری دەرەوەی ئێران، مەنوچەهری موتەکی ڕاگەیاندووە، کە ڕێگا نادرێت ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمیی، بڕیاروایە فەرەنسا کە دەیەوێت لەو بوارەدا ڕۆڵێک ببینێت، لە کۆتایی ئەم هەفتەیەدا سارکۆزی لەگەڵ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆببێتەوە.

لای خۆیەوە سەرۆک کۆماری ئێران لەدوایین هەڵوێستیدا لەسەر مەسەلەی ئەتۆمیی وڵاتەکەی، ڕایگەیاند «ئێران تەنیا ئامادەیە مەسەلەکە لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمیی باسبکات»و پێداگریی خۆی لەسەر ئاشتیخوازبوونی پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران دووبارەکردبووەوە.

ئاژانسی هەواڵی ئێران (ئیرنا) بڵاویکردووەتەوە، ڕۆژی دووشەممە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا کە لەتاران بەستبووی، مەنوچەهر موتەکی، وەزیری دەرەوەی ئێران، بەرگریی لە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران کردووەو ڕایگەیاندووە، کە ئێران بە باشی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانی تێپەڕاندووە، ناکرێت ئەوە بە دەستکەوتێکی کابینەی ئەحمەدی نەژاد حساب بکرێتو بکرێتە بابەتێکی کێبڕکێی هەڵبژاردن، موتەکی بەرگریی لە سیاسەتی ئەتۆمیی ئەحمەدی نەژاد کردو ئەوەی ڕەتکردەوە کە ئەو سیاسەتانە هەڵگری توندڕەوی بووبێتن، بەپێچەوانەوە بە «سیاسەتێکی لۆژیکیو دروست وەسفکردن».

هاوکات لەگەڵ گوشارە تازەکانی خۆرئاوا بۆ سەر ئێران، سایتی (تورکیش ویکلی) بڵاویکردووەتەوە، کە وەزیری دەرەوەی ڕوسیا، سێرگێ لاڤرۆڤ داوای لە ئێران کردووە ئاشتیخوازبوونی بەرنامەی ئەتۆمیی خۆی بۆ کۆمەڵی نێودەوڵەتی بسەلمێنێت، لاڤرۆڤ وتوویەتی، کە پێشنیازی ڕوسیا لەسەر ئێران ڕوونو ئاشکرایەو ئەوان چاوەڕوانی هەڵوێستو دژەکردەوەی بنیاتنەر لە ئێران دەکەن، لەکاتێکدا کە گروپی شەش خەریکی دووبارە چاوپێخشاندنەوەی مەسەلەی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێرانە، ئێمە پێشنیازەکانی خۆمان ئاراستەی ئێرانییەکان کردووەتەوەو چاوەڕوانین کە وەڵامی ئەوان دەرفەت بۆ ئیشکردنی هاوبەش بهێڵێتەوە.

کاندیدی ریفۆرمخواز، میر حوسێن موسەوی، پشتیوانیی خۆی بۆ دانوستان لەگەڵ گروپی شەش دەربڕیوە.

لە بابەتێکدا کە لە ڕۆژنامەی (دەیلی ستار)ی لوبنان کە پاشکۆی (هێراڵد تریبونی) نێودەوڵەتییە، بڵاوکراوەتەوە، نووسەری ئێرانی د.سادق زیباکەلام دەڵێت، کە لەدوای ئاشکرابوونی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران لە ٢٠٠٣دا، ڕاپۆرتو لێکدانەوەی زۆر لەسەر ئەو مەسەلەیە نووسراوە کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی مەسەلەکەیان شیکردووەتەوە، بەڵام لایەنێکی گرنگی دیکە بەتەواوی هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوەو ئەویش گرنگیی لایەنی سایکۆلۆژیی مەسەلەکەیە بۆ زۆربەی ئێرانییەکان بە سەرکردایەتی سیاسیی ئێرانەوە.

زیباکەلام درێژە دەدات کە (بۆ زۆربەی ئێرانییەکان پرۆگرامی ئەتۆمیی مانای ئاسایش دەبەخشێت، دڵنیاییە کە لە بەرامبەر دوژمنە بەهێزەکانی ئێران)، زیباکەلام دەڵێت، لەوانەیە هەندێک چاودێر لۆمەی ئەم بۆچوونە بکەنو بڵێن ڕژێمی ئێران خۆی ئەو دوژمنانەی دروستکردووە، ئەگەرچی ڕاستە کە ڕەفتاری نێودەوڵەتیی ئێران بەتایبەتی لەماوەی سەرۆکایەتیی توندڕەوانەی ئەحمەدی نەژاددا، بووەتە هۆی بەهێزییو بەردەوامی کەشێکی لەوجۆرە، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە پروگرامی تەکنەلۆژیای ئەتۆمیی ئێران لە هەشتاکاندا پێداچوونەوەی بۆ کراوەو لە بەرنامەدا بووە. لە سەردەمی شادا کە (هاوپەیمانی) خۆرئاوا بوو، ئەوان کێشەیەکیان لەگەڵ مەسەلەی ئەتۆمیی ئێران نەبوو، ئێستا دژی ئەو بەرنامەیەنو جگە لەوەش لەسەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی، ئایەتوڵڵاکان هەستیان نەدەکرد کە خۆرئاوا دژی ئەوان بێت، بەڵام ئێستا ئەو هەستە دروستبووەو ئەو ترسە لە دوودڵیو دواکەوتنی سەردەمی جێمی کارتر بۆ دروستکردنی پەیوەندی دیپلۆماتیکو دانپێدانانی حکومەتی ئیسلامیی ئێران، کە تازە هاتبووە سەرکار، سەرچاوەی گرتووە.

زیباکەلام باس لەوەدەکات، کە لەسەرەتادا حکومەتی ئیسلامیی ئێران (مەلاکان) زۆربەی بەرنامەکانی چەکی پێشکەوتووی ڕژێمی شای ئێرانیان هەڵوەشاندەوە، وەکو مووشەک، دژەتەیارە، ژێردەریاییو... هتد، کاتی خۆی خومەینی وتبووی کە واباشە تانکەکانی شا بکرێن بە تەراکتۆر، بەڵام شەڕی عێراق- ئێرانو پاڵپشتی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی خۆرئاوا، جیهانی عەرەبو هەموو دنیا لە سەدام، مەلاکانی بەئاگاهێنایەوە کە ڕێگای پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان کە لە دروشمی بەناوبانگی نە شەرقیو نە غەربیدا ڕەنگیدابووەوە، بگۆڕنو ئەوانی هێنایە سەر ئەو قەناعەتە کە تەنانەت ئەگەر قوربانییو پێشێلکراویشبن، کەس پاڵپشتیان ناکاتو بە تەنیا دەمێننەوە ئەگەر بەهێزنەبن.

هەر سەبارەت بەمەسەلەی ئەتۆمیی ئێران، ئاژانسەکانی هەواڵ باس لەوەدەکەن کە ئیسرائیل خەریکی ڕاهێنانێکی چەند ڕۆژەیە بە هاوڵاتییانی خۆی بۆ مەبەستی خۆپاراستنو ڕاکردن بۆ ژێرزەمینەکان، لەکاتی هێرشی موشەکیو دوورنییە ئەمە سەرەتای خۆئامادەکردنی ئەو وڵاتە بێت بۆ هێرشکردن بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران، کە دەتوانێت ئاڵۆزییەکی گەورە لە ناوچەکەدا دروستبکات.

چاودێران پێیانوایە، شێوازی ئاشتیانە باشترین ڕێگایە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی ئەتۆمیی ئێران، لەبەرئەوەی کە کەس ناتوانێت ئاکامەکانی هێرشی سەربازیی بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئەو وڵاتە کە دوورنییە زۆر مەترسیداربن، پێشبینی بکات.



«وێستگەیەکی ئەتۆمیی ئێران»

www.netewe.com

## هەڵبژاردنەکانی ئێران، ململانێیەکی توند لەنێوان موسەوی و کەروبیو ئەحمەدی نەژاددا

# موسەوی: پۆلیسی ئەخلاق لە ئێراندا ناهێڵم











**میدڵئیست ئۆنلاین**

نزیکەی یەک هەفتەی ماوە بۆ دەستپێکردنی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی لە ئێران، ئیسلام شەهر، شارێکە کرێکارە کۆچبەرەکانی لێیەو دەکەوێتە درەوەی تارانەوە، خۆی بۆ ململانێیەکی گەورە لە هەڵبژاردنەکە ئامادە دەکات.

شاری ئیسلام شەهر دەکەوێتە بەشی باشووری خۆرئاوای تارانی پایتەختەوە، شارێکە دانیشتووانەکەی (٥٠٠,٠٠٠) کەسەو زۆربەیان لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥دا دەنگیان بە مەحمود ئەحمەدی نەژاد دا، بەڵام چوار ساڵ تێپەڕیوەو بارودۆخی ئەم شارەی کۆچبەرەکان گۆڕاوە، کۆچبەرەکانی ئەم شارە لە ناوچەو پارێزگا جیاوازەکانی ئێرانەوە هاتوون بۆ ئەوەی هاوکاریی حکومەت وەربگرن.

ئەحمەدی نەژاد کە دەیەوێت جارێکی دیکە ببێتەوە سەرۆک، هێشتا لە ئیسلام شەهردا خاوەنی جەماوەرە، بەڵام ڕکابەری سەرەکیی ئەحمەدی نەژاد بۆ هەڵبژاردنەکانی ٦/١٢، میر موحسین موسەوی، سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئێرانە.

لەکاتێکدا سەرۆکی موحافیزکار (ئەحمەدی نەژاد)، دەیەوێت لە پشتگیریی خەڵکی چینی ناوەندو بێدەرامەت دڵنیابێت، جەماوەری موسەوی زیاتر بازرگانەکانو دوکاندارەکانن.

هەمزە شێرزاد (٣٨ ساڵ)، لەبارەی موسەوییەوە بە ئاماژەکردن بۆ ساڵی (١٩٨٠)کان، دەڵێت: «پیاوێکی باشە، لەکاتی شەڕدا زۆر سەرکەوتووبوو».

هەمزە خاوەنی دوکانێکی سەوزەو میوە فرۆشتنە لە چەقی ئیسلام شەهر، بڕیاری خۆی داوە دەنگ بۆ کامە سەرۆک دەدات، وێنەیەکی سەوزی موسەوی لەپشتییەوە بە دیوارەکەدا هەڵواسراوە کە خەریکی ڕێکخستنی سەوزەو میوەیە لە دوکانێکی تارادەیەکی زۆر چۆڵدا، ڕەنگی سەوز، ڕەنگی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی موسەوییە. موسەوی بە کەسێک دادەنرێت کە توانی ئابووریی ئێران لەماوەی شەڕی ئێرانو عێراقدا هەڵبسێنێتەوە.

تابلۆکانو پۆستەرەکانی موسەوی، شەقامە خۆڵاوییەکانی ئیسلام شەهریان داگیرکردووە، ئەو شارەی کە دانیشتووانەکەی تێکەڵەیەک لە تورکی ئازەریو کوردو فارسن.

وێنەکانی موسەوی کاتێک سەرۆک وەزیران بوو، پێش ئەوەی ئەم پۆستە لە ساڵی ١٩٨٩دا لە سیستمی ئێراندا لابدرێت، ئێستا لەسەر گڵۆپی سەرشەقامەکانو پەنجەرەی دوکانەکانو هەموو شوێنێک هەیە.

لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، موسەوی کۆترێک بووە لەنێو سیاسەتی ڕەقو توندی ئێراندا، ئێستا گەورەترین ڕکابەری (کەسایەتیی توند) ئەحمەدی نەژادە.

شێرزاد کە بە ڕەچەڵەک ئازەرییەو ماوەی (٢٠) ساڵە لە ئیسلام شەهر دەژی، دەڵێت: «ئابووری دووبارە لە قەیراندایە، ئەو باشترین کەسە بۆئەوەی نەهێڵێت دۆخەکە خراپتربێت، ساڵی پار هەموو مانگێک پێنج ملیۆن ڕیاڵ (٥٠٠ دۆلار)م مانگانە پەیدا دەکرد. بەڵام ئێستا زەرەردەکەم».

ئەو دەڵێت: «نرخەکان دوو ئەوەندەیان لێهاتووە، کیلۆی شوتی (٣,٥٠٠) ڕیاڵ بوو (٥٠ سەنت)، ئێستا (٧,٠٠٠) ڕیاڵە، بۆیە بەدڵنیاییەوە دەنگ بۆ موسەوی دەدەم».

عەلی کەریمی (٢٣ ساڵ)، خاوەنی کارگەیەکە، هەمان بۆچوونی ئەم میوە فرۆشەی هەیەو دەڵێت: «موسەوی دروستترین کەسە، تەنانەت ئەگەر دۆخەکە بەمشێوەیەش بمێنێتەوە، ئەو نایەڵێت لەمە خراپتربێت».

ئێران کە دەوڵەمەندە بە وزە، بەهۆی سیاسەتە فراوانخوازییەکەی ئەحمەدی نەژادەوە لەژێر هەڵاوساندایە بە ڕێژەی (٢٥٪)، موسەوی بەڵێنیداوە ئەگەر ببێتە سەرۆک، ڕێژەی هەڵاوسانەکە بهێنێتە یەک ژمارە.

ڕێژەیەکی کەم پۆستەری ئەحمەدی نەژاد لە ئیسلام شەهردا دەبینرێت، بەڵام ئەم سەرۆکە کۆنزەرڤاتیڤە (موحافیزکارە)، خاوەنی پاڵپشتێکی زۆرە لەو ناوچانەی شارەکە کە خەڵکی کەمدەرامەتی لێدەژی، وەکو ناوچەی تەوحید.

حوسەین خۆرسەڤی (٦٣ ساڵ)، کە کارمەندێکی خانەنشینکراوی وەزارەتی بازرگانییەو سێ دەیە لەمەوبەر لە شاری گەیلان کە دەکەوێتە بەشی باکوورەوە، کۆچی کردووە بۆ ئیسلام شەهر، دەڵێت: «ئەحمەدی نەژاد یەکێکە لە ئێمە».

خۆرسەڤی پێیوایە، کە حکومەت بەڵێنەکانی دەباتەجێو مووچەکەی کە ئێستا (٤,٢) ملیۆن ڕیاڵە، لەدوای هەڵبژاردن زیاد دەبێتو دەڵێت: «ئەحمەدی نەژاد خزمەتی چاکی بە چینی کرێکارو خانەنشینەکان کردووە».

خۆرسەڤی دوورکەوتنەوەی موسەوی لە سیاسەت لە دوو دەیەی ڕابردوودا، بە کارێکی خراپ دەبینێتو دەڵێت: «ئێمە نازانین لە بیست ساڵی ڕابردوودا ئەو چی بۆ کردووین، لەکاتێکدا ئەحمەدی نەژاد کاری چاکی بۆ کرێکاران کردووە، ئێمە دەنگی پێدەدەین».

مەهدی مەحمودی (١٨ ساڵ)، دەڵێت ئەحمەدی نەژاد پیاوی سەردەمە، بەتایبەت لەبەر ڕەخنەکانی لە سیاسەتی ئیسرائیل کە خاکی فەلەستینی داگیرکردووە. «حەزم لە وتەکانیەتی، کابرایەکی زۆر بوێرە».

مەهدی پاشان دەڵێت: «من متمانە بە کەسێک دەکەم کە وەکو خۆمان وابێت، ئەحمەدی نەژاد ئەو کەسەیە، ئەگەر دوو کەس گرفتێکیان هەبێت، یەکەمجار یارمەتیی ئەوەیان دەدات کە وەزعی خراپترە، ئەو یارمەتیدەری هەژارانە».

### موسەوی بەڵێندەدات بە یاسای ژناندا بچێتەوە، کە نادادپەروەرە بەرامبەر ژن

موسەوی ڕۆژی شەممە بەڵێنیدا ئەگەر بیباتەوە، بە یاسادا بچێتەوە، چونکە یاسا بەرامبەر ئافرەتان ناعادیلە.

لە وتارێکدا بۆ (١,٥٠٠) ژن لە یانەیەکی وەرزشیی لە باشووری تاران، موسەوی وتی بەتەواوی ئەو یاسایانەدا دەچێتەوە کە جیاکاریی بەرامبەر ژنان دەکاتو ناعادیلە، لەجیاتیان یاسای نوێ پێشکەشی پەرلەمان دەکات.

لەنێو ئاپۆڕەو هاوارکردنی ژمارەیەکی زۆر ژندا کە دەیانوت «موسەوی، موسەوی»، موسەوی بە ئافرەتەکانی وت کە پۆلیسی ئەخلاقی سەرشەقامەکان ناهێڵێت ئەگەر بێتو وەکو سەرۆک لە ٦/١٢دا هەڵبژێردرێت.

ژنەکەی موسەوی، زەهرا ڕاهنەڤارد، لەنێو ئاپۆڕی ئافرەتدا دەیوت: «پۆلیسی ئەخلاق دەبێت نەمێنێت».

ڕاهنەڤارد کە عەبایەکی ڕەشی لەبەردایەو سەرپۆشێکی ڕەنگاوڕەنگی لەسەردایە، وتی: «پێویستە خۆمان ئامادەبکەین کە ئێرانێکمان هەبێت جیاکاریی بەرامبەر ژنان نەکات».

ژنەکەی موسەوی وتی: «پێویستە چاکسازیی لەو یاسایانەدا بکەین کە نایەکسان مامەڵە لەگەڵ ژناندا دەکات، دەبێت لەبواری مادییەوە ژنان بەهێزبکرێن، ژنان دەبێت بەگوێرەی پسپۆڕیان کاریان پێبدرێت، ژنانی ئێران دەبێت بگەنە بەرزترین شوێنی بڕیاردانو پۆست وەربگرن».

لەناو ئاپۆڕەکەدا خاتوو مەعسومە ئیبتیکار، کە یەکەم جێگری سەرۆک کۆماری ژن بووە لە مێژووی ئێراندا کاتێک لەنێوان ساڵانی ١٩٩٧ تا ٢٠٠٥دا جێگری محەمەد خاتەمی بوو، داوای لە موسەوی کرد تا مافی ئافرەت چاکتربکات لە ئێران، ئیبتیکار وتی: «داوا لە موسەوی دەکەین گۆڕانکاریی بکات».

### بردنەوەی کەروبی، بردنەوەی ژنانی ئێرانە

فاتیمە کەروبی، ماندوونەناسانە شانبەشانی پیاوەکەی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ پیاوەکەی دەکات، ئەو دەڵێت ئەگەر کەروبی بیباتەوە، واتا ژنانی ئێران بردیانەوە.

(پیاوە ڕیفۆرمخوازەکە)ی مەهدی کەروبی، یەکێکە لە مونافسەکانی دیکەی ئەحمەدی نەژاد. فاتیمە کەروبی دڵنیایە کە پیاوەکەی ئەو باشترین کەسە بۆئەوەی ماف بۆ ژن بگێڕێتەوە لە کۆمارێکی موحافیزکاردا.

جێگری وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی سەردەمی سەرۆکی پێشوو، محەمەد خاتەمی کە ئێستا تەمەنی (٦٣) ساڵە، وتی: «مافی مرۆڤ بەشێوەیەکی بەرفراوان پێشێل دەکرێت».

ئەو بەتایبەت نیگەرانی ئەوەیە تائێستا دەزگای بەهێزی چاودێریی ئێران (ئەنجومەنی پاسەوانان)، ڕێگای بە یەک ژن نەداوە خۆی لە هەڵبژاردنەکاندا بپاڵێوێت.

لە دیمانەیەکدا لە نووسینگەکەی خۆی لە چەقی تاران وتی: «ناڕەزایی من ئەوەیە تەنیا ڕێگا بەیەک ژنیش نەدراوە».

ئەنجومەنەکە کە کاری لێکۆڵینەوەیە لە کاندیدەکان، لەکۆی (٤٧٦) پیاوو ژن کە خۆیان ناونوس کردبوو، تەنیا ڕێگای بە چوار پیاو دا بەشداریی بکەن.

بە هەمانشێوە زەهرا ڕاهنڤارد، ژنی بەتوانای موسەوی، ناوەناوە دەبینرێت لەجیاتی پیاوەکەی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەکات.

فاتیمە کەروبی وتی کە نیگەرانە لەوەی ئافرەت لە بوارەکانی کاردا لە ئێران «بەشێوەیەکی نایەکسان» مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

ئەو ئافرەتە چالاکە وتی: «پێیانوایە تەنیا پیاوان پەیداکەری نانن‌و ڕێگا بە ژن نادەن بچنە شوێنەکانی ئەوان».

مەهدی کەڕوبی سەرەتای ئەم مانگە وتی، باشکردنی مافی ئافرەت یەکێکە لەو چاکسازیانەی کە پلانی بۆ داناوە بیانکات، ئەگەر ببێت بە سەرۆک. پێش هەموو شتێک وتی پۆلیسی ئەخلاقی سەر شەقامەکان ناهێڵێت.

فاتیمە کەروبی ڕاوێژکارێکی پیاوەکەی بوو بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی کاتێک سەرۆکی پەرلەمانی ئێران بوو لەماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٠٤، خاڵی هاوبەشی لەگەڵ پیاوەکەیدا زۆر لەوە زیاترە کە تەنیا ژنو مێردبن.

ئەم ژنو پیاوە لە چەندین بۆنەدا بینراون کە زۆر بە تەحەمولەوە هەڵمەتی هەڵبژاردن بەیەکەوە ئەنجامدەدەن.

فاتیمە کە سەرپەرشتیی هەڵمەتی پارێزگای تاران بۆ مێردەکەی دەکات، دەڵێت: «هێندەی لە توانامدا هەبێت وتاری بۆ دەدەمو پشتگیریی دەکەم، ئێمە بیر لە سەرکەوتن دەکەینەوە، دەمانەوێت ئەم بارودۆخە بگۆڕێت».

خراپبوونی باری ئابووریی ئێران یەکێکە لەو ڕەخنانەی کەروبی ئاراستەی سیاسەتەکانی ئەحمەدی نەژادی دەکات، کەروبی وتی: «بارودۆخێکی ئابووریی زۆر خراپمان هەیە، لە بارودۆخی کەمی ئاسایشی سیاسیو کۆمەڵایەتی کەسێتیدا دەژین».

لە ڕێگای دەزگای شەهیدانەوە، فاتیمە کەروبی ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لە بنیاتنانی چەندین نەخۆشخانەو نۆرێنگە بۆ ئەو خێزانانەی کە کەسوکاریان لەشەڕی ئێرانو عێراقدا کە لە (١٩٨٠)کاندا بەرپابوو، کوژراون. ئەو هەروەها گۆڤارێک دەردەکات بەناوی (ئیران دوخت)، واتا (کچی ئێران)و سەرۆکایەتیی گروپێکی ژنان دەکات.

شووکردنی شتێکی نائاسایی نەبوو لەنێوان دوو خێزاندا، کە یەکێکیان بازرگانەو ئەوی دیکەیان خێزانێکی ئایینیە.

کاتێک تەمەنی (١٤) ساڵان بوو، لە شارۆچکەی عەلی گودەرز لە ناوچەی لۆڕستان چاوی بە پیاوەکەی کەوت.

فاتیمە بە پێکەنینەوە وتی: «شتێکی سەیربوو بۆ من شوو بە پیاوێک بکەم لە خێزانێکی ئایینی، ڕاستگۆبم لەگەڵتان نەمدەناسی، بەڵام خۆشحاڵبووم کە ئەو هەمیشە تەنیا منی دەویست».

وەکو بووکێکی گەنج، فاتیمە دەبوو ئەو نارەحەتیانەی کە پیاوەکەی بینی، ببینێت، کاتێک لەساڵی (١٩٧٠)کاندا لەلایەن ڕژێمی شاوە کە لەلایەن ئەمریکاوە پاڵپشتیی دەکرا، بەندکرا.

ئەو وتی چەندینجار بەندکراوە، بۆ یەکەمجار تاغی کورمانی لە تەمەنی شەش ساڵیدا بینی، کاتێک لە بەندیخانەی قەسر لە تاران بەندکرابوو، تاغی یەکێکە لە بەڕێوەبەرانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بۆ باوکی.

**و. لە ئینگلیزییەوە: نامۆ عەبدوڵڵا**

## ڕایەکی بێلایەن

# ڕەخنەو گۆڕان...



غەفور ساڵح عەبدوڵڵا

(١–٢)

**(ڕەخنە ئیشی ئەوکەسەیە، کە هەست بەگرنگی هەنووکە دەکات) – گۆتە –**

**سارتەر دەڵێت: (دەبێت ئەرکی سەرەکی ڕووناکبیر ڕەخنە بێت).**

زۆرجار لەگەڵ خۆمدا دەگەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە نابێت دەم لەکاری سیاسی بکوتم، چونکە جارێکیان کەسێکی خۆزان بەسیاسەتمەدارو نووسەری سیاسی، وتی: تۆ نابێت لەسیاسەت بنووسیو، دەمزانی ئەو لە چ پێوەدانگێکەوە ئەوقسەیە دەکات، بەڵام من هەمیشە وەکو ڕووناکبیرێک (گرامشی)م لەبەرچاو بووە، کە دەبێت ڕووناکبیر گرنگیو هەستیاریی قۆناغەکەی بخاتە ئەستۆی خۆی، یان سارتەریش دەڵێت: دەبێت ڕووناکبیر شایەتی سەردەمەکەی خۆی بێت. بۆیە بڕیارمدا ئەم سەرەقەڵامانە بنووسم، کێیش زویر دەکاتو کێش دڵخۆش دەکات مەبەستی من نییە. من لەبەرئەوەیش کەرکوکیمو فۆرمەکەم چووەتەوە بۆئەوێو مافی دەنگدانم نییە لەهەڵبژاردنەکانی کوردستاندا، وەلێ حەزدەکەم بەقسەو نووسینیش بێت بەشداری بکەم لەم هەلە مێژووییەی یەکەمجاری کورد..

ڕەخنەوگۆڕان دووچەمکی ڕەوڕەوەی بەرەوپێشچوونو بەردەوامی بوونی مرۆڤن، ڕەخنە گۆڕان دەورووژێنێتو دەیهێنێتەکایەوەو، گۆڕانیش ژیانی تاکو کۆمەڵ بەرەوپێشەوە دەبات، بەرەو دۆخێکی پێشکەوتووتر. پێموایە ڕەخنەیەک نییە ڕووخێنەر بێت، ڕەخنەگرتن لەکەسێک بێت، لە کۆمەڵێک بێت، لەسیاسەتێک بێت، یان لەبەرهەمێکی ئەدەبی بێت یان هونەری، مەبەست ڕووخانی نییە، بەقەد ئەوەی ئاراستەکردنیەتی بەرەو خۆچاککردنو چاکسازیی، ئەگەر ڕەخنەلێگیراو خۆی لەخودی خۆیدا ڕەخنەی نەگێتێڤانەی هەڵنەگرتبێت، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو ڕەخنە دروستانەی ئاراستەی دەکرێن، یان زۆرجاریش وایلێدێتو شێتگیردەبێت، پەنادەباتە بەر ناوزڕاندنو سووکایەتی پێکردنو بوختان هەڵبەستن بۆ بەرگریکردن لەهەڵەکانی خۆی، چونکە ئەوخۆی بەڕاست دەزانێتو، خەڵکی دیکە بەهەڵە دەزانێت، لەبەرئەوەی تەنیا بەرپێی خۆی دەبینێت، گەرچی ڕەخنە دیاریکردنی لایەنی لاوازە لەدەسەڵاتێک یان لەهەرشتێک بێت، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبێ بەژیانو شارستانیەتی مرۆڤەوە. ڕاستە هەڵمەتی ریکلامکردن شتێکی دیموکراسیو شارستانیە، بۆبردنەوە لەهەڵبژاردندا، هەموو ڕێگایەک دەگیرێتەبەر، تەنیا جنێوو تەشەر نەبێتو سوکایەتی پێکردن نەبێت. لایەنە ناکۆکەکان لەپرۆسەی پیادەی دیموکراسیدا ئازادن چۆن ریکلام دەکەن، بۆ پرۆژەکانی خۆیانو، بەپێی یاسایەک کە لەلایەن دەسەڵاتێکی یاساییەوە سنووردارکراوە، بۆ دیاریکردنی کەموکوڕیو لاوازیەکانو توانای جێبەجێکردن لەکەسی بەرامبەردا، یان لەلیستی بەرامبەردا ـ تادەگاتە مونازەرەی تیڤی بۆدەرخستنی ڕاستیەکانو چەوتیەکان. دەبێت لایەنی ڕەخنەلێگیراو خۆی بگۆڕێتو قەناعەت بەوڕەخنانە بهێنێت بۆ چاککردنی خۆیو تەوەجوهە هەڵەکەی، یان ئەدائە سەلبیەکەی، ئەگینا ڕووبەڕووبونەوەی بەبێ پەنابردنەبەر خۆچاککردنو هەوڵدان بۆیو گوێنەگرتن لەڕەخنەکان، ئەنجام دەبێتە مایەی داتەپینی زیاتریو هەڵوەشانەوەی لەبەریەکی، یان وەستانی لەوکردەیەی کە ڕەخنەکەی ئاراستە دەکرێتو خەڵکیش پشتی تێدەکەن، ئەمە سەبارەت بەتاکو کۆمەڵ، وەلێ سەبارەت بەسیاسەتێک، فەرمانڕەواییەک، دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی لەئەجێنداکەی بتەکێنەوە، یان ئەوەتا جەماوەر لێی وەڕز دەبێتو پەنا دەباتەبەر هەڵگەڕانەوە، ئەگەرهاتوو سەبارەت بەدەسەڵاتێک، یان فەرمانڕەواییەک بوو، دیاریشە کۆمەڵێک هۆکارهەن کە جەماوەر لەودەسەڵاتو فەرمانڕەواییە دڕدۆنگو بێزار دەکەن: بەپلەی یەکەم بژێوییو گوزەرانی خراپی ئەو جەماوەرەو جۆری نەشیاویی بەڕێوەبردنی ژیانی ئەو جەماوەرەی کە دەسەڵاتی داوەتە دەست ئەو فەرمانڕەواییە، یان زوڵمو زۆرو گەندەڵی ئیدارییو بردنی سەروەتو سامانی دەوڵەت، لەلایەن هەندێک گروپو تاقمی ئەو دەسەڵاتەوە. یان لەڕێگای پیادەکردنی ژیانی دیموکراسیەوە، یان لەڕێگای ئینقیلابەوە ئەودەسەڵاتەی گرتووەتە دەست، ئیدی لەڕێگای ئینقلابی سەربازییەوە بووبێت، یان لەڕێگای شۆڕشی چەکداریەوە بووبێت. یان ئاراستەکردنی وڵات بەرەو دۆخێک، کە دژ بەبەرژەوەندی نەتەوەبێت. هەڵگەڕانەوەی جەماوەر لەدەسەڵات بەدرێژایی مێژوو ئەوهۆکارانە بووە، کە وتمان. ئەودەسەڵاتانەی یان ئەو فەرمانڕەواییانەی کە گەندەڵبوونو بەزەبرو فشاری جەماوەر ڕووخاون، ئەودەسەڵاتو فەرمانڕەواییانە بوون، کە ڕەخنەیان پێ قبوڵ نەبووە، بگرە نەک ڕەخنەیان پێ قبوڵ نەبووە، بگرە سزای توندی ئەوانەشیان داوە کە ڕەخنەیان گرتووە لەو دەسەڵاتە، یان لەتاکەکانی ئەو دەسەڵاتە، یان لەگەندەڵیەکانی ئەودەسەڵاتە، کە بەهۆی چەند کەسێکی هەستنەکردوو بەبەرپرسیارێتی تووشی هاتووە. وەکو لەمڕۆژانە دەبینین خەڵکی خاوەنڕای جیاواز لەحیزبەکانی خۆیانو لەفەرمانگەکانو زانکۆکان دەردەکرێن، بەفەرمانی حیزبی، نەک بەفەرمانی دەوڵەت، ئەمەش خراپترین ئاستە کە حیزبو خاوەن دەسەڵاتەکان لەباشووری کوردستان تێیکەوتوون، بێگومانیش ئەنجام باجێکی خراپ دەدەنەوە! میللەتو دەسەڵاتی کاراو نەمر ئەو میللەتو دەسەڵاتەیە، کە ڕەخنە پیادەدەکاتو حەزی لەڕەخنەیە بۆئەوەی میکانیزمی دەسەڵاتو خەڵکی پێچاک بکرێت، ئەمەش لەوکۆمەڵگایانەدا دەبێت کە ژیانی دیموکراسی پیادە دەکەن. بێگومان لەڕۆژهەڵاتی ناوین کۆمەڵگای دیموکراسی پڕبەواتای دیموکراسی نییە، لەشێوەی کۆمەڵگا ئەوروپیەکانو ئەمریکا، یان کۆمەڵگای دەسەڵاتی خێڵەکین، یان سێۆکراتین (ئاینیی)ن، یان کۆمەڵگای دەسەڵاتی بنەماڵەیین، کە زۆربەی وڵاتە عەرەبیەکان دەگرێتەوە، بەتایبەتی وڵاتانی دوورگەی عەرەبی، یان کۆمەڵگای تاکڕەوییو تۆتالیتاری هەتاهەتایین، نموونەی وەک میسرو لیبیاو سوریاو تونسو ئێرانی ئیسلامیو تورکیای عەسکەرتاری ئەتاتورکی..هتد. بۆیە هەندێک سیاسەتمەدارو دەسەڵات لێرەش ئەو ڕەوشە سەقەتەی ڕۆژهەڵاتی ناوینیان لەبەرچاو گرتووەو پێیانباشەو خەتمی قورئانە بەلایانەوە. لەعێراقی ئەمڕۆیشدا، دوای ڕووخانی دەسەڵاتی تاکڕەوانەی دیکتاتۆری بەعس، دەسەڵاتی مەزهەبی شیعە هاتەئاراوە، هێزێکی تۆتالیتاری ئیسلامی شیعەیەو مەزهەب کراوەتە مەرجەع بۆ سەرکەوتنی گروپێک لەهەڵبژاردنەکاندا. فەتوای مەرجەعی مەزهەبەکە هەموو خەڵکی دەبەستێتەوە بەوڕەوتە ئایینیە مەزهەبیە، بۆئەوەی دەنگ بەلیستی حیزبی مەزهەبی بدەنو مەزهەبی ئایین باڵادەست بێت. بەشێکی دەسەڵاتی کوردیش بەخواستی خۆی بەشدارە لەودەسەڵاتی مەرکەزە، بێئەوەی هەست بەزیانەکانی ئەوبەشداریکردنە بکەن لەسەر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان. زۆربەی بەشدارەکانیش تاکەکانی هەردوو حیزبن (یەکێتیو پارتی). محەمەد عابد جابری، قسەیەکی هەیە کە دەڵێت: گەڕانەوە بۆ فەلسەفە کەواتە ئەمڕۆیە، وەک چۆن دوێنێش بوو، زەرورەتێکە نشوستی تەگبیرکردن دەیسەپێنێت، تەگبیرکردنێک کە بەبێ دانایی ئەنجامدراوەو بووەتە هۆی تەنگژە، گەڕانەوە بۆ فەلسەفە داناییە، داناییش بەوە دەستپێدەکات، دان بەوەدا بنرێت، کە گەیشتن بەڕای ڕاستو ڕەوان، بەبێ موناقەشەی ئازاد نابێت، نەک بەبێ تەگبیرکردنێکیش کەهەموو هاوڵاتییان تیایدا بەشداربن، بەیەک قسەیش، گەڕانەوە بۆ فەلسەفە پێویست بەدیموکراسی ڕاستەقینە هەیە. لەخۆشبەختیمان، لێرە لەمەغریبو لەوڵاتانی دیکەی عەرەبیو لەوڵاتە ئیسلامیەکانی دیکەشدا، هێشتا زریانەکە ڕووینەداوە، چونکە هەموو شتێ لەدەورووبەرمان هاواردەکاتو هۆشداری دەدات: یان ئەوەتا دیموکراسی ڕاستەقینە، کە مافی بێدەسەڵاتانو چەوساوەکان مسۆگەر بکات، یان ئەوەتا زریانە ڕەچاوکراوەکە وابــــەڕێوەیە). لەکتێبی – کێشەکانی فیکری هاوچەرخدا_ ..

ئەمڕۆ باوەزی گۆڕان لەزۆر شوێنی دنیا هەڵیکردووە، سەرەتا لەئەمریکای ئۆباماوە هەڵیکرد، دواتر تورکیاو زۆر لەوڵاتەکانی ناوچەکەی گرتەوە، تەنانەت لەئیسلامیترین وڵاتی ڕۆژهەڵاتیشدا وەکو پاکستان. ئینجا ئەوەتا گەیشتووەتە عێراقیش، هەرحیزبو توێژو پێکهاتەیەک بەجۆرێک داوای گۆڕان دەکات، داوای لێپێچینەوەو سزادانی تاکە گەندەڵەکانی دەسەڵات دەکەن. دەستەی نەزاهەیان دروستکردووە بۆ لێپێچینەوەو سزادانی ئەوەی گومانی گەندەڵی ئیداریی لێدەکرێت، ئیدی بۆئێمەی کورد بۆمان نەبێت داوای بکەینو تەنانەت رقمان لەدوو وشەی جوانی وەکو ریفۆرمو گۆڕانیش بێت، لەکاتێکدا کە خەریکە گەندەڵیو ناعەدالەتی بینەقامان دەگرێت، بێئەوەی گوێی پێبدەین؟!..

گۆڕان، پێویستییەکی ژیانو بوونە. پێش هەموو شتێ خەسڵەتی سروشتو گەردوونە، ئەم سروشتە تەمەنی چەندین ملیار ساڵەو هەمیشە لەگۆڕانو کۆششدا بووە بۆی، بێگومان بەرەوباشترو مانەوەش هەر بۆچاکترو شیاوتر بووە، نەک بۆ خراپتر. دەبینین مرۆڤ لەگیانلەبەرێکی شێوە مەیمونەوە گەیشتووەتە ئەم مرۆڤە جوانەی هەنووکە. سروشت هەموو وەرزێک گۆڕان دەکاتو هەر وەرزەو بەتەرحێک خۆی دەنوێنێت، هیچ شتێک لەسروشتدا وەکو خۆی نامێنێتو گۆڕانی بەسەردا دێت، بێگومان مرۆڤیش پابەندی ئەو میکانیزمەیە. بۆیە بێگومان بەربەرەکانیکردنی گۆڕان تەنیا لەدەستی کۆنەویسترین کەسو گروپی توندڕەوی ئایینی دێت، یان موحافیزکارە کۆنەکان، دژایەتیکردنی گۆڕان واتا دژایەتیکردنی پێشکەوتنو عەولەمەو چاکسازییو دروستکردنی ئایندەیەکی گەشو پڕ لەشارستانی بۆگەڵو نیشتمانو پەیوەستبوون لەگەڵ چەقبەستن لەدۆخێکی ناشایستەدا، وەک دەشزانین ئاوی وەستاو بۆگەن دەکات، نەک ئاوی خووڕ..

وەلێ بۆنەگبەتی کورد گۆڕانەکانی بەپێچەوانەی هەموو میللەتانەوە بەرەو خراپتر بووە، کە شۆڕشی ئەیلول هەرەسی هێنا، کورد چووە دۆخێکی خەتەرناکترەوە، کە شۆڕشی نوێیش شکستی خوارد، نەتەوەیەک تووشی شکست بوو، نەک حیزبێک، دیمان کورد ڕووبەڕووی هۆلۆکۆستو جینۆسایدو وڵاتێکی خاپوور بووەوە. ڕاپەڕین گۆڕان بوو، وەلێ شکستی هێناو، ئەگەر دەوڵەتە بەڕەحمەکانی دنیا نەبووایە، دیسان کورد ڕووبەڕووی لەناوچوونو ناسنامە سڕینەوە دەبوو. کورد لەهەموو دنیاداو بەتایبەتی لەخاکەکەی خۆیشیدا هاوڵاتی پلەدووە، ئەگەر پلەسێ نەبێت، لەتورکیاو ئێرانو سوریادا، دانبەبوونی نەتەوەییدا نانرێت، لەعێراقیشدا چارەنووسی لەدەستی غەیبدایەو ناشبێت دڵمان بەوبەشدارییە لەرزۆکەی ئێستا خۆشبێت کە لەبەغدا کورد کردوویەتی، چونکە بەچاوی خۆمان دەبینینو بەگوێچکەی خۆشمان دەبیستین، لەهەموو ئەوشتانەی کە کورد ویستوویەتی لەحکومەتی ناوەندو داوای دەکات، یان چاویان لێپۆشیوە، یان لێی پاشگەزبوونەتەوە. بێگومان ئەم هەموو قوڕبەسەریانەش ئەنجامی کەم شارەزایی سەرکردەکانی کوردو دەسەڵاتی ئێستای کورد بووە، خۆڕاگر نەبوون، ئەوەتا یان سازشیان کردووە یان خۆیان بەدەستەوەداوە بۆ ئەمری واقیع، نموونەی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیرانو شۆڕشی ئەیلول، سازشی شێخ سەعید بەسڕینەوەی ناسنامەی چەندان ملیۆن کورد لە باکووری کوردستان شکایەوە، ڕازیبوونی مستەفا بارزانی بەدەستهەڵگرتن لەشۆڕشو چوونی بەرەو ئێران، بەتەرتەو وەرتەبوونی سەدان هەزار کورد لەتاراوگەکانی باشووری عێراقو ئۆردوگاکانی ئێران شکایەوە. شکستی شۆڕشی نوێیش دوای وەستانی شەڕی نێوان عێراقو ئێران، بەئەنفالکردنی گەلێکو خاپوورکردنی نیشتمانێک شکایەوە، دوای حەماقەتی سەدام بەداگیرکردنی کوێت، گەلانی عێراق ڕاپەڕینو بەگەلی کوردیشەوە، پاشان شکستپێهێنانی لەلایەن ئەمریکاوە، ڕەوکردنو مەرگەساتی گەلێک، ویژدانی دنیای هێنایە هەژانو وڵاتانی ئەوروپا لایەکیان لێکردەوەو ناوچەی ئارامیان بۆدانا لەباکووری هێڵی (٣٦)دا، تائەو دوو حیزبە خاوەن دەسەڵاتە هەمیشەییەی کوردستان (ی،پ)، دەستیان بەسەرداگرت، خۆیانکرد بەخاوەنی ڕاپەڕینەکەو کەسیش لەساحەکەدا نەبوو جگەلەوان نەبێت، میللەتیش کە خاوەنی ڕاستەقینەی ڕاپەڕینەکە بوو، دەستی لەبنی هەمانەکەوە دەرچوو. دواجاریش گەمەی هەڵبژاردنمان بینی لەساڵی ١٩٩٢دا ئەم دوو حیزبە چیانکردو چ تەراتێنێک ئەنجامدرا بۆ ئەوەی یەکێکیان زاڵبێت بەسەر ئەوی دیکەدا، ئەوەبوو بەپرۆسەی فیفتی فیفتی دەسەڵاتیان بەشکرد، دواجاریش لەسەر داهاتی ئیبراهیم خەلیل ، لەقەڵادزە لەسەر چەند دووکانێک ئاگرەکەیان کردەوەو لەماوەی پێنج ساڵدا گەنجی کوردیان بەکوشتدا، دواجاریش دەستیان خستەوە ناودەستی یەکو لەهەموو خێروبێرەکاندا بوونە بەشەبرا، وەک بڵێی نەبایان دیوەو نەباران. ئێستایش ئامادەن دژی هاوسەنگەرەکانی جارانیان لەگەڵ شەیتان دەستبخەنە ناودەست! چونکە لەگۆشەنیگایەکی هەڵەوە دەڕواننە ڕووداوەکانی هەنووکەی کوردستانو ناوچەکەو جیهانو بزووتنەوەی مێژوویان نەخوێندووەتەوە..

دوای ئەم هەمووەش قەیناکە، دوای ڕووخانی سەدام خۆپرسیان بەگەل نەکرد کە چارەنووسی کوردیان بردەوە باوەشی بەغدا، خۆمیللەت نەبوو مادەی (١٤٠)ی دانا لەدەستووری عێراقداو وشکی کردەوە؟ خۆمیللەت پێی نەوتن بڕۆن چارەنووسی کورد بخەنە ژێردەستی حیزبی دەعوەو جڤاتی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراقو عەرەبە سوننە شۆڤێنیەکان؟، خۆمیللەت پێی نەوتن بڕۆن سازش بکەن لەسەر کەرکوک لەگەڵ تورکمانە ڕەگەزپەرستەکانو عەرەبەهاوردەکانداو، بە (٣٢) کورد، (٣٢) تورکمانو، (٣٢) عەرەب دەسەڵات لەوشارە دابەشبکەن، بێئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ڕای جەماوەری کوردستانو، بەشێکی گرنگی خاکی کوردستان بخەنە ریفراندۆمەوە، ناوچەداگیرکراوەکانی کوردستان بەزۆری زۆرداریی بە (ناوچە جێناکۆکەکان) ناوەزەد بکەن؟. ئەگەر ئەوان خەڵکی بێ دەسەڵاتو لێنەزانیان لەشاری کەرکوکو موسڵ دانەنایە، چارەنووسی کورد لەودوو شارە نەدەکەوتە قورگی دێوودرنجەوە. ئێستاش ئەوبەردەی ئەوان فڕێیانداوەتە بیرەوە، بەپیاوی ئاقڵو دڵسۆزی ئەم گەلە نەبێت دەرنایەت. خۆدەبێت ئەم هەموو هەڵانە چارەسەر بکرێن، چارەسەریش بەگۆڕانی دەسەڵاتە لەنێو پەرلەمانی کوردستانو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەشێوەی دیموکراسیو شارستانی، نەک بەو کوردکوژییە، بۆئەوەی هەڵەکان چەقنەبەستنو دووبارە نەبنەوە، دەبێت ئەو سیاسیو کەسانەی، کە بۆماوەی (١٨) ساڵە قایلنین کەسی دیکە جێگەیان بگرێتەوە، ئیدی بابیرێک لەوەزعی کوردی بەدبەخت بکەنەوە، ڕێگا بەوکەسانە بدەن بانگەشەی گۆڕانو چاکسازی دەکەن، کە خۆیان پێیان ناکرێتو ، ئەگەریش سەرکەوتن پشتگیرییان بکەن، نەک پاشقولیان لێبدەن، ڕێگا بۆ خاوەن ئەقڵو گەنجانی کورد بکەنەوە، باڕۆحی لیبوردووییتان تیابێو دیموکراسیخوازی ڕاستەقینەبن، بڕواتان بەبەرامبەر هەبێت. لەوبڕوایەشدا نەبن کە ئەم جەماوەرەی ئێستا هەیە، جەماوەرەکەی ١٩٩٢و ٢٠٠٥–ە، چونکە چەندین نەوەی نوێ هاتوونەتە مەیدان، کە هەمووشیان لەدایکبووی سەردەمی ڕاپەڕینو لەناو ئەو دەسەڵاتە کوردییەی دوای ڕاپەڕین گەورە بوونو، هەموو مەینەتییەکانیان بەچاوی خۆیان بینیوە. دەمێکە دەنگی داوای چاکسازیی لەکوردستاندا بەرزبووەتەوە، بەتایبەتی لەناو ریزکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، ئەگەر بەشێوەیەکی بێدەنگیش بووبێت، بێگومان ئەوداواو ڕایانەش دەگەیشتنە سکرتێری گشتی.

**ئەگەر ئەوان خەڵکی بێ دەسەڵاتو لێنەزانیان لەشاری کەرکوکو موسڵ دانەنایە، چارەنووسی کورد لەودوو شارە نەدەکەوتە قورگی دێوودرنجەوە. ئێستاش ئەوبەردەی ئەوان فڕێیانداوەتە بیرەوە، بەپیاوی ئاقڵو دڵسۆزی ئەم گەلە نەبێت دەرنایەت. خۆدەبێت ئەم هەموو هەڵانە چارەسەر بکرێن، چارەسەریش بەگۆڕانی دەسەڵاتە لەنێو پەرلەمانی کوردستانو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەشێوەی دیموکراسیو شارستانی**

## ئاسۆبینی

# تارماییەکانی تۆتالیتاری



پارێزەر تەها عومەر ڕەشید

(ڕێکخستنی ژیان بەپێی یەک ئایدۆلۆژیا بەئەنجام ناگات، تەنیا لەژێر سێبەری سیستمی تۆتالیتاریدا نەبێت)
حنه ارندت

ناکرێت بێباک بین لەوەی بە ڕۆژگاری ئێستای کۆمەڵگادا لەلایەن یەکێتییەوە تێدەپەڕێنرێت، لەو ڕوانگەیەوە کە داخۆ ئەوەی دەگوزەرێت چ مەترسییەکی دەبێت بۆ سەر ئازادیی تاکو ڕەتکردنەوەی فرەیی سیاسیو قبوڵکردنی بیروڕای جیاواز... پرسیاری سەرەکی لەوەوە دەستپێدەکات کە ئایا ئەو پەیمانەی حیزبو ئەندام بەیەکەوە دەبەستێت لەپێناو فراوانکردنی ئازادییو بەشداریی سیاسیدایە، یاخود پەیمانێکی هۆبزیانەیەو ئیدی تاک دەکات بە ژێردەستەو بێئیرادەی ناو حیزب، ئایا حیزبی کوردی خۆی لە کوێی پاراستنی ئازادیدا دەبینێتەوەو خاوەنی چ ڕوئیایەکی سیاسییە بۆ پاڵپشتیی ئەم ئازادییە؟

لەبەرئەوەی بە واقیع ئەمڕۆ حیزب خۆی بە سەرچاوەی هەموو دەستکەوتەکانو ئازادییەکانی تاک دەزانێت، بۆیە لە هەموو کات گرنگترە کە چەندین پرسیار لەسەر حیزب لە پەیوەندی بە تاکو دیموکراسیەوە بوروژێنین. دەبێت لەسەرەتاوە حیزبەکانی کۆمەڵگای ئێمە ئەوە بزانن کە نەک لەلای ئێمە، بەڵکو لە مێژووی کۆمەڵگا شارستانییەکانیشدا سەلماوە کە ئازادیی تاک لە دەربڕینی بیروڕاو بوونی فرەیی زەمینەی دەرکەوتنی حیزب بوون، وەک کایەیەکی سیاسیی، نەک بەپێچەوانەوە. کەواتە ئەوەی حیزب (بە مانا ڕاستەقینەکەی) دەبێت بۆ ئازادیی تاک بیکات، بریتی نییە لە داهێنانی ئازادیی، ئەوەندەی بریتییە لە پابەندبوون بە دنیابینییەکەوە کە کەمترین ڕەگەزی تۆتالیتاریی لە هەناویدا حەشاردابێت. تۆتالیتاریەتی حیزب بەوە دەستپێدەکات کە خۆی بە (هەموو) بزانێت، لەکاتێکدا جگە لە (بەش)ێک هیچی دیکە نییە لەناو کۆمەڵگادا، بەوەدا تێدەپەڕێت کە تاک لە بەها تایبەتەکانی دابماڵێتو لە بۆتەی ئەندامێتیدا، شوناسێکی پێببەخشێت، کە لە خودێکی بیرکەرەوەی ڕەخنەگرەوە بیکاتە کەسێکی دەستەمۆ. ئەندام خستنە ژێرباری مەرکەزیەتی ڕێکخستنێکەوە لەشێوەی ئەو حیزبانەی لە سەردەمی بلۆکی خۆرهەڵاتیدا هەبوون، بریتییە لە جێبەجێکردنی پرۆژەی سڕینەوەی تایبەتمەندییەکانی تاکو بەخشینی بەهایەکی تاکڕەهەندیی، کە شوێنێکی تێدا بەدیناکرێت بۆ مومارەسەی ئازادیی تاکو بیرکردنەوەی ئازاد، پەیوەندی سیاسیانەی ئەندام بە حیزبەوە لەڕاستیدا پەیوەندییەک نییە بۆ کەمکردنەوەی ئازادیی تاک، ئەوەندەی کۆکردنەوەی وزەیەکی دەستەجەمعییە بۆ داکۆکیکردن لەو ئازادییە، مەسەلەی ئازادیی تاکیش هەرگیز مەسەلەیەکی جێهێڵراو نییە بۆ گەمەی حیزب، چونکە ئازادیی تاک بە هەموو بوارەکانییەوەو ئازادیی ڕادەربڕینیش بەتایبەتی، پەیوەستە بە ئیرادەی مرۆڤەوە لە پانتاییەکی فراوانتر لە دنیای ڕێکخستنی حیزب. دەبێت حیزب لەوە تێبگەیەنرێت کە بەهای ئازادیی جیاوازترو باڵاترە لە بەئەندامبوون ،پیرۆزترە لە سەرکەوتنی حیزب لە هەڵبژاردنێکدا. چارەسەرکردنی قەیرانە ناوخۆییەکان ماف نادات بە حیزب دەستوەرداتە ئازادیی تاکەوە لە دەنگداندا (کە خۆی ئەوەندە تایبەتە بە نهێنی ئەنجامدەدرێت)، ئاستی مرۆڤدۆستانەی حیزب بەو ڕوئیایەی بۆ ئازادییو یەکسانی بۆ هاوڵاتییانی وڵاتەکەی هەیەتی پێوانە دەکرێت، نەک ژمارەی ئەو کورسیانەی لە پەرلەمان بەدەستی دەهێنێت، ئەو بۆچوونەی لای وایە حیزب ئازادە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئازادیی ئەندامەکانیدا دەکات، ئازادە لەوەی پەیڕەوی دیموکراسی لە ناوخۆی ئۆرگانەکانیدا بکات یان نا، ئازادە لەوەی بە زۆر بیانبات بۆ دەنگدان... سەرەتایەکی مەترسیدارە بۆ پرسی هاوڵاتیبوونو دیموکراسیی دەسەڵاتو پێچەوانەی یاساو بنەماکانی مافی مرۆڤیشە.. تادێت حیزبیش لە ستەمکارییو تۆتالیتاریی نزیکتر دەکاتەوە، بۆیە نابێت ئەم حاڵەتەی ئێستا وەک کێشەیەکی تایبەتی نێوان ئەندامو سەرکردایەتیی حیزب سەیربکرێت، بەڵکو مەسەلەیەکی گشتییە (چونکە پەیوەندی بە ئازادییەوە هەیە)، ئەم سیاسەتەی ئێستا ئەگەر لەمڕۆدا سەربگرێت، پێدەچێت بۆ ئایندەش حیزب بیکاتە وەزیفەی خۆیو بە دامەزراوەی بکاتو لەلایەن حکومەتەوە پەیڕەوبکرێتو سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ بگرێتەوە.. لەمەشەوە هەموو جیاوازییەکانو ململانێکانی ناو کۆمەڵگا بە بیانووی نەگونجان لەگەڵ سیاسەتی ڕەسمییو بەرنامەی حیزب، بخاتە ژێر مەترسیی ڕەتکردنەوەوە، چونکە ئەندام دەتوانێت بە ئیستیقالە لە تۆتالیتاریەتی حیزبەکەی ڕزگاربێت، بەڵام ئەگەر حکومەت تۆتالیتار بوو، ڕزگاربوونی هاوڵاتی ئاسان نییە.

# ئەخلاقی دەرکردن.. کلتووری عەزەڵات



ئاسۆ جەبار

**لەپشت کلتووری دەرکردنو لەسەر کار لابردن یان ناچارکردنەوە، هێزێکی گەورەی شەڕانگێزییو دنیابینییەکی کوشندەو عەقڵیەتێکی دەرەبەگخوازیی خۆیان مەڵاسداوە، دنیابینی کوشندە تەنیا بریتی نییە لە پیادەکردنی ناعەدالەتیو گەندەڵیو داگیرکردنی سەرلەبەری سەرچاوە ئابووریو فەرهەنگیو سیاسیو شارستانییەکان، بەڵکو بریتیشە لە کوشتنی جیاوازییەکانو سەرکوتکردنی ئازادیی رادەربڕینو ئازادیی نووسینو ئازادیی ڕوانینە جیاوازەکان، لەڕێی هەڕەشەلێکردنو نانبڕینو بایعی بڕینو مووچەبڕینو دەرکردنو سڕینەوەی ئەوی بەرامبەر**

**«کەسێک کە دەست لە چارەنووسی ئەوانی دیکە وەردەدات، هەرگیز چارەنووسی خۆی نادۆزێتەوە». پاولۆ کۆیلیۆ**
**«تەواوی مرۆڤایەتی مافی ئەوەی نییە دەنگی نارەزایی تاکەکەسێک سەرکوت بکات».**
**جۆن ستیوارت میل**

ناشرینترین ئەخلاق، قێزەونترین بیرکردنەوە، ڕسواترین کلتوور بێگومان کلتووری دەرکردنو نانبڕینو دژایەتیکردنو سەرکوتکردنی ئازادیی بیروڕاو دنیابینیو ڕوانینە جیاوازەکانە، بێگومان پێشێلکردنی مافی مرۆڤ هەر ئەوە نییە دەزگا ئەمنیو پۆلیسیو حیزبییەکان بە نهێنیو ژێراوژێر ئەشکەنجەو کوشتنو فڕاندنو سەرنگومکردن پیادەبکەن، نەخێر وەک چۆن پێشێلکردنی مافی مرۆڤ هەر ئەوە نییە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەئاستی سفردا بێتو ڕاووڕوتی ئابووری، عەدادی گەندەڵی تەقاندبێتو قەتڵوعامی بێکارکردن گەیشتبێتە ناشرینترین ئاستی خۆی.

بێگومان ئەخلاقی دەرکردنو نانبڕینو بێئیشکردن لە دوو ئاستی جیاوازدا، پێشێلکردنی مافی مرۆڤە بەپێی پرەنسیپە جیهانییەکانی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ، ئاستی یەکەم: پێشێلکردنی مافە ئابوورییەکانی تاکەکەسە، بەو مانایەی ئەو هێزو گروپانەی کە دەیانەوێت لەڕێی سزاو چەوسانەوەی ئابوورییەوە مافی ئینسانەکانی دیکە پێشێل بکەن، سەد دەرسەد لەسەر ئاستی ڕاپۆرتە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ وەک هێزگەلێکی نامرۆییو هەمەجیو نائەخلاقی حسابیان بۆ دەکرێت. ئاستی دووەم: دەرکردنو نانبڕینی تاکەکەسو گروپەکان بەهۆی بیروڕاو جیاوازییانەوە، لەکاتێکدا هەر گروپو هێزو دەسەڵاتێک هەستێت بە پیادەکردنی پرۆسەی نانبڕینو لەسەر کار لابردنی ئەو تاکەکەسو گروپانەی کە بیرکردنەوەیان جیاوازە، یان لەسەر ڕاوبۆچوونو ئینتیمای سیاسی یان ئایینی یان ڕەگەزی یان فیکری نانیان دەبڕن، یەکێکە لە مەترسیدارترین جۆرەکانی پێشێلکردنی مافی ئازادییو ڕاوبۆچوونو ئینتیمای مرۆڤو کوشتنی جیاوازیی.

لەپشت کلتووری دەرکردنو لەسەر کار لابردن یان ناچارکردنەوە، هێزێکی گەورەی شەڕانگێزییو دنیابینییەکی کوشندەو عەقڵیەتێکی دەرەبەگخوازیی خۆیان مەڵاسداوە، دنیابینی کوشندە تەنیا بریتی نییە لە پیادەکردنی ناعەدالەتیو گەندەڵیو داگیرکردنی سەرلەبەری سەرچاوە ئابووریو فەرهەنگیو سیاسیو شارستانییەکان، بەڵکو بریتیشە لە کوشتنی جیاوازییەکانو سەرکوتکردنی ئازادیی ڕادەربڕینو ئازادیی نووسینو ئازادیی ڕوانینە جیاوازەکان، لەڕێی هەڕەشەلێکردنو نانبڕینو بایعی بڕینو مووچەبڕینو دەرکردنو سڕینەوەی ئەوی بەرامبەر.

کاتێک گەلەکۆمەکێی حیزبی دەگاتە ئاستێکی ترسناکی پابەندیو شەڕانگێزیی ئەخلاقیو دەستەگەرایی دەگاتە ترۆپکی سڕینەوەی بەرامبەر، پێکڕا ئەنجامدانی هەر کارێکی نائینسانیو ناشارستانی بەرامبەر تاکەکەسو گروپە جیاوازەکان دەبنە کردەگەلێکی ئاساییو نۆرماڵ، سڕینەوەی بەرامبەرو سفرکردنەوەی خزمەتو دڵسۆزییو ئینسانیەت چاوەڕوانکراوە.

دەسەڵاتی کۆنزێرڤاتیڤ، کۆنخوازو کاولکارێکی ڕاستەقینەی فەرهەنگی مۆدێرنو دنیابینییە نوێکانە، سەرباری ئەو ڕوانینە کۆنکرێتییە، ناوەندێکی گەورەو گرانی هێزی لەپشتەوەیە، هاوکات ئەم مۆدێلە لە دەسەڵات لەڕێی سوودوەرگرتن لە هێزە کۆنەپەرستەکانی کۆمەڵگاو ترادسیۆنو سوودوەرگرتن لە پارێزگارانی کلتوورو کۆنزێرڤاتیڤەکان، ئەرکی حوکمو داگیرکارییو بەڕێوەبردن جێبەجێدەکات، ئەم دەسەڵاتە لەڕێی هێزی کۆنترۆڵکردنو بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەو بەریەککەوتن، ئەو ستەمکارییە جێبەجێدەکات، کەواتە بەبێ کۆنترۆڵ ناژی، هاوکات فرسەتەکانی ژیانی ئەم مۆدێلە لە دەسەڵات بەبێ داگیرکردنی سەرلەبەری پانتاییەکان، بەشێوازو ئامرازی جیاجیا زۆرکەمە، ئەو ترادسیۆنی داگیرکارییەی دەیخوازێت تەنیا سیستمی بەڕێوەبردنو یاساو کارگێڕیو مەعریفە نییە، بەڵکو ئەو داگیرکارییە لەو قاڵبە داخراوەو سادەیە دەرچووە کە تەنیا داگیرکارییەکی کرداریی بێت، بەڵکو داگیرکارییەکی ڕەمزییو نەریتیو مۆراڵیو بیرۆکراتییە. کاتێک باس لە داگیرکاری ڕەمزیی دەکرێت، یەکڕا دەسەڵاتو نەتەوەو ئاستە ژیارییەکەی کۆمەڵگامان دێتەوە بەردەم، یەکڕا لەوە تێدەگین کە دەسەڵات لەڕێی ئەو ڕەمزە نەتەوەییو کۆمەڵایەتیو ئایینیو کلتووریانەوە، عەقڵەکانو سۆزو ویژدانەکانو بیرکردنەوە دوورمەوداکان داگیردەکات. ئەوەمان لەبیرنەچێت دەسەڵات دەکارێ سەرلەبەری ڕەمزەکانی کۆمەڵگاو خەونەکانی نەتەوەیەک بکات بە موڵکی خۆی، دەیەوێت لەبری هەموو ئینسانێک بیربکاتەوەو پرۆژەو خەونەکانی کۆمەڵگا لەخۆیدا کورتبکاتەوە بۆ شاری خەونو گەلەکۆمەکێی سیاسیو ئابووریو فەرهەنگیی.

دواجار هیچ ئینسانێک ناتوانێت لەسەر کار لابردنی کۆمەڵێک کارمەندو ڕۆشنبیرو هونەرمەندی جدیی لەیادبکات، کە لەم چەند ساڵەی دواییدا لەلایەن کۆمەڵێک دەزگای بەناو ڕۆشنبیرو هونەرییەوە تا ئاستی وەزارەتو دەزگا حکومییەکان لەسەر کار لابران... تائێستا چەندین کارمەندو ڕۆشنبیرو نووسەرو ڕەخنەگرو ڕۆژنامەنووسو مامۆستاو کەسانی دڵسۆزو پاکی ناو دەزگاو ناوەندە هەستیارەکان.. تا ئەوڕۆکە بەهۆی بیروڕای جیاوازو سەربەخۆییو ڕەخنەو ڕوانینەکانیانەوە لەسەر کار لابراونو نانبڕاوکراون، یان ناچارکراون دەست لەکار بکێشنەوە. ئەم ئەخلاقی لەسەر کار لابردنە فایلێکی ڕەشە لە دۆسیەی دەسەڵاتو ئەو دامودەزگایانەدا کە باس لە دیموکراسیەتو مەدەنیەتو ڕۆشنبیریی دەکەنو فڕیان بەدنیاوە نەماوە، بەڵام درۆیەکی گەورەیە باسی دیموکراسی بکەیتو تا سەر ئێسقان شەڕانگێزانەو نائینسانیانەو ناژیاندۆستانە بیربکەیتەوەو پراکتیزەی هەیمەنەو دەرەبەگخوازییو شەڕانگێزیی بکەیت، مەترسیی بێدەنگبوون لەم ئەخلاقە، دەرئەنجامی زۆر حکومەتو دەوڵەت لە کاروباری کۆمەڵایەتیی خەڵکدا زیاتربێت، ئاسایشو ئارامیی خەڵک کەمتر دەبێتەوە»، دواجار کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگاو زیندووکردنەوەی ڕوانینی کۆنزێرڤاتیڤو کۆنەپەرستیو حیکایەتپەرستیو بێبایەخکردنی گۆڕان، پێشکەوتنی شارستانیو داماڵینی فەرهەنگ لە جیاوازو ڕۆشنبیریی لە ماناو واتاکانیو بەرپاکردنی ڕەزالەتێکی فەرهەنگیو ڕۆشنبیرییو ئابووریو سیاسیو شارستانی، پێکەوە پراکتیزەکردنی کردەی غەمگینکردنی کۆمەڵگاو سڕینەوەی تاکەکەسە وەک بوویەکی کاریگەرو بەرپرسیار، بەڵام لە دنیای کۆمەڵگا کراوەکاندا هەوڵێکی شارستانیی گەورە لەئارادایە بۆ دابینکردنو بەرپاکردنی خۆشگوزەرانیی بۆ کۆمەڵگاو فەراهەمکردنی سەرزەمینێکی کراوەو پڕبایەخ بۆ سەربەخۆییو ئیرادەی تاکەکەس، تیدس لێولین لەمبارەیەوە دەڵێت: «ئەو هۆیەی کە دەمانگەڕێنێتەوە بۆئەوەی زیاتر گرنگی بدەین بە تاکەکەس لەبری گروپ، بریتییە لەوەی کە چەند سیستمێکی جیاواز کۆدەبنەوە لە تاکەکەسدا.. دەشێت گروپ تەنیا یەک ڕۆڵ ببینێت لەکاتێکی تایبەتدا، بەڵام زۆرجار تاکەکەس نمایشی ڕۆڵی جیاوازو دژ دەکات، وەک باوکو کوڕ، شەڕکەرو ئاشتیخواز، بەمەش تاکەکەس گوزارشت لەو بەربەرەکانیانە دەکات کە نەبینراوە لە گروپێکدا.»

بەڵام تەواوی کۆمەڵگاو تاکەکەس لەژێر سایەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرو تۆتالیتارو نادیموکراتو نامۆدێرنو کۆنزێرڤاتیڤو ئانارشیستەکاندا، دەبنە مرۆڤگەلێکی غەمگینو وەستاو لەبەردەم خێرایی شەمەندەفەری شارستانیەتو گۆڕانو خۆشگوزەرانیدا، دواجار کۆمەڵگای غەمگین چەند ڕۆڵێک دەبینێت، ئەویش نمایشی ڕۆڵی غەمگینیو نائومێدییو بێئیرادەیی خۆی دەکات.

**ئەم ئەخلاقی لەسەر کار لابردنە فایلێکی ڕەشە لە دۆسیەی دەسەڵاتو ئەو دامودەزگایانەدا کە باس لە دیموکراسیەتو مەدەنیەتو ڕۆشنبیریی دەکەنو فڕیان بەدنیاوە نەماوە، بەڵام درۆیەکی گەورەیە باسی دیموکراسی بکەیتو تا سەر ئێسقان شەڕانگێزانەو نائینسانیانەو ناژیاندۆستانە بیربکەیتەوەو پراکتیزەی هەیمەنەو دەرەبەگخوازییو شەڕانگێزیی بکەیت**

دواجار ئەخلاقی دەرکردنو پیادەکردنی کلتوورو پرەنسیپی مەترسیدارو نائەخلاقیو نالۆژیکی گەورەی لێدەکەوێتەوە. پێویستە حیزب بێ مەرجو خۆتێهەڵقورتان دووربکەوێتەوە لە دەزگا شارستانیو زانکۆییو ڕۆشنبیرییو ناوەندە هەستیارەکانو دەزگا حکومیو ناحکومییو فەرهەنگییەکان.

ڤالتەر لیپ دەڵێت: «دیموکراسی گوزارشتە لە دەزگایەک یاخود میکانیزمێکە کە بەپێی توانا یەکانگیری ئیرادەی کۆمەڵایەتی خەڵک بێت، چونکە هەتا کۆنترۆڵو چاودێریی وەحشیگەریانەی نانبڕینو چەوسانەوەی ئابووریو هەڕەشەلێکردنو سەرکوتکردنی بیرو ڕوانینە جیاوازەکان، دژایەتکردنی هەر جیاوازییەکی فیکرییو سیاسیو ئەخلاقیو کلتووریی، پێکڕا بەرهەمهێنەری سیستمێکی نائەخلاقیو نالۆژیکیو نامەعریفیی گەورەیە، هاوکات هەوڵێکی مەترسیئامێزە بۆ کۆنترۆڵکردنی مرۆڤو کۆمەڵگا لەڕێی هەڕەشەی ئابووریو سەرکوتکردنی ڕوانینەوە.

# پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن یان پلاتفۆرمی ڕیفۆرم؟

عەدنان کەریم

> **سیستمی سیاسیی کوردستانی عێراق نە پەرلەمانییە نە سەرۆکایەتییە نە حکومییە، بەو مانایەی کە سەرۆک وەزیران مەرجەعی سەرەکیی دەسەڵات بێت، هەموو خەڵک بەو ڕاستییە ئاشنابوونە کە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارو تەنانەت هەردوو بەشی دەسەڵاتدار لە مەکتەبی سیاسیی هەردوولادا کە باڵێکی نزیک بە سەرۆکو خانەوادەی سەرۆکی هەردوولان، چارەنوسی سیاسیی کوردستان بە پەرلەمانو حکومەتو وەزارەتەکانو هەردوو حیزبیشەوە دیاریدەکەنو هەڵدەسوڕێنن، ئیتر نە وتارێکی ماوە ماوەی لێپرسراوی نووسینگەی ڕاگەیاندنی هەردوولا یان تەسریحاتە ڕۆژانەکانی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسیو تەنانەت سەرۆکی هەردوولا، دەتوانن ئەو ڕاستییە لە میشکی خەڵک بسڕنەوە، ئەو ڕاستییە بەرهەمی تاقیکردنەوەیەکی دوورودرێژی خەڵکە لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەدا، کە زۆر لەسەر خەڵک کەوتووەو زەحمەتە بەوجۆرە تەسریحاتو وتارانە بڕەوێنەوە**

ماوەیەک لەمەوبەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی لە هۆڵی پەرلەمانی کوردستانەوە کاتو ڕۆژی هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمانی کوردستانی دەستنیشانکرد، بڕیاریشە هەمان کاتو ڕۆژ سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش هەڵببژێردرێت. هەرچەندیش کێبڕکێو کەمپەینی هەڵبژاردن بەشێوەی ڕەسمیی دەستی پێنەکردووە، بەڵام زۆر پێش ئەو دانیشتنەی پەرلەمان، جموجۆڵی سیاسیو بزووتنو بانگەشەی ناڕاستەوخۆ هەموو هێزە سیاسییەکانی گۆڕەپانی کوردستانی بەخۆوە خەریک کردووە.

ئەم گوڕو تینەی ئەم ماوەیە ژیانی سیاسی لە کوردستانی عێراقدا بەخۆوە دەیبینێت، لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ بایەخی تایبەتی ئەم خولەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە کوردستاندا. دیارە دەبێت ئەوەش بڵێم کە ئەم هەژانە سیاسییە، خۆبەخۆ بەمانای ئەوە نییە کە پەرلەمانی کوردستان ئەو دامەزراوەو دەزگا کاریگەرەیە کە سەرچاوەی بڕیاری سیاسی بێت لە کوردستاندا، هەر ئەوەش خۆی سەرەکیترین گرفتو کەموکوڕی سیستمی سیاسیی هەرێمی کوردستانی عێراقە لەماوەی (١٧) ساڵی ڕابردوودا. بایەخی ئەم هەڵبژاردنە وەکو وتم لە بایەخو جێگاو توانای خودی پەرلەمانەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو کاکڵی مەسەلەکە لەوەدایە کە هەڵبژاردن بووە بە بوارێک بۆ کێشمەکێشێکی سیاسیی نوێ لە کوردستاندا، لەنێوان پلاتفۆرمی سیاسیی جیاجیادا کە خەریکە سیمای سیاسیی کوردستان بە گشتی بباتە ژێر پرسیارێکی گەورەوە. لەپشتی کێبڕکێ بۆ کورسی پەرلەمانییەوە، سیماکانی کێبڕکێیەکی سیاسیی ستراتیژیو چارەنووسساز بەدیدەکرێت، کە تەنانەت زۆر پێدراوی (معطیات)ی تائێستا نەگۆڕی، گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانیش دەباتە ژێر پرسیارەوە.

ئەم هەڵبژاردنە لەکاتێکدا دەکرێت کە زۆرێک لە مەلەفە سەرەکییەکانی ئەم قۆناغەی کۆمەڵگای کوردستان لە شوێنێکدا گیریانخواردووە، ناوەرۆکی کێشمەکێشە سیاسییەکانی ناوخۆی گۆڕەپانی کوردستانیش لەسەر ئەم مەسەلانەو چەندینی دیکەیە.

لە پەیوەند بە مەلەفی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستانو حکومەتی ناوەندی لە بەغدا، وێنەکە بەمشێوازەیە:

١- هێشتا زۆر لایەنو قەوارەی سیاسیی عێراقیو تەنانەت لەوانەش کە بە هاوپەیمانی ئێستاو دەیان ساڵەی پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان دەژمێردرێن (حیزبی دەعوەو ویفاقی نیشتمانیو لایەنگرانی ئەحمەد چەلەبی، بۆ نموونە)، ساغ نین لەسەر بەڕەسمیی ناسینی هەرێمی کوردستان وەکو قەوارەیەکی یاساییو دەستووری تایبەت، دیارە مەبەستی من تەنیا ناوو فۆرمو شێوە نییە، بەڵکو زیاتر دانپیانانە لەڕووی بڕواهێنانی قوڵەوە بە تایبەتمەندیی بارودۆخی کوردستان بە هەموو مافە سیاسیو دەستوورییەکانییەوە. تەنانەت نزیکترین هێزی عێراقیش لەو بوارەدا لە یەکێتیو پارتییەوە کە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی عێراقە، لە ڕوانگەیەکی ئاشکرای سیاسی- تەکتیکییەوە لەو بوارەدا هەڵوێست وەردەگرێت.

٢- لیژنەی هەمواركردنی دەستووری عێراق تائێستا نەیتوانیوە کارەکانی کۆتایی پێ بهێنێتو ئانجامیان بدات، لەمیشیاندا مەسەلەی پەیوەندیی هەرێمو ناوەند یەکێک لە سەرەکیترین گرفتەکانە، دیارە هیچ گرفتێک بەمانای مەوزوعی لەئارادا نییە، بەڵکو کرۆکی مەسەلەکە ئەوەیە کە بە ڕەوینەوەی کێشەی تیرۆر لە عێراقدا، هێزە عێراقییەکان بەئاشکرا بۆ مەلەفی کورد خۆیان ئامادە دەکەن، لەم بوارەشدا هێزە نەتەوەییە عەرەبییەکانو ئیسلامیی بە سوننیو شیعەیانەوە، هاوڕان، یا تارادەیەکی زۆر هاوڕان لەسەر لێسەندنەوەی بەشێکی زۆری ئەو مافانەی بە هەرێم دراون.

٣- دەتوانم بڵێم کە مادەی (١٤٠)و ناوچە جێناکۆکییەکان لە جێی خۆیان ڕاوح دەکەن، ئەوە ڕای زۆربەی چاودێرە سیاسییەکانی مەلەفەکانی عێراقو کوردستانە، تای تەرازووی کێشەکە لەمبارەیەوە بەزیانی مادیی (١٤٠)و هەرێمی کوردستانە. چارەنووسی لیژنەی مادەی (٢٣)ش نموونەیەکی دیکەی ئاشکرایە لەم بوارەداو دەریخست کە مەسەلەکە بوون یا نەبوونی مادەی دەستووری نییە لەم بوارەدا، بەڵکو بوونی نیەتی خراپو نەبوونی ئیرادەی سیاسییە بۆ چاری ئەم دۆسیەیە.

٤ - حکومەتی هەرێمی کوردستان تاقیکردنەوەیەکی پرشنگداری بنیات نەنا کە ببێت بە چرایەک لەناو خەڵکی ناوچەکەدا، یا بەتایبەتی گەلانی عێراق بکات بە زەخیرەیەک بۆ پشتگیریی لە مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، هەر بۆ نموونە دروستکردنی ئەحزابی کارتۆنی تورکمانی لە کەرکوکو کڕینیان بە پارە بەناوی لایەنگری لە مەسەلەی کورد، پەیوەندیی نێوان کوردو تورکمانی ئاڵۆزترکرد، بوونی مەسەلەی کورد بە جێگای پشتیوانی گەلانی عێراق، دەتوانێت ببێت بە ئامرازێکی فشاری بەهێز بەسەر سەری حکومەتو هێزە سیاسییە عێراقییەکانەوە، تا نەتوانن لەژێر باری پێویستییەکانی داننان بە مافەکانی گەلی کورددا، خۆیان بدزنەوە، ئەوەش لەلایەنێکیدا بەستراوەتەوە بە نموونەیەک کە لە کوردستاندا بنیات دەنرێتو نموونەی تائێستا نەیتوانیوە لەوبارەیەوە سەرکەوتووبێت.

هەرچی ئاستی ناوخۆی کوردستانییە ئەوە دەتوانم بڵێم کە تاقیکردنەوەی تائێستای دەسەڵاتی کوردی خەریکە بە بنبەست دەگات، ئەم تاقیکردنەوەیە لە ئەنجامی ئەدای سیاسیی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە تووشی ئەزمەیەکی جەوهەریی بووە:

١- جگە لەوەی کە خەڵک ئەم دەسەڵاتدارێتییە سیاسییەی کوردستان بە هی خۆی نازانێت، تا هاتووشە بەبێ پەیوەند بە ژیانو چارەنووسو بەرژەوەندیی خۆشی دەزانێت، ئەو هەستە بەرهەمی سیاسەتو بەرنامەکانی حکومەتی هەرێمە چ لەکاتی لەتبوونو (٢) ئیدارەییەکە، چ لەدوای یەکگرتنەوەیان، جگە لەو فاکتەرەش تاقیکردنەوەی خەڵک خۆیو ناڕەزایەتیان لەم بوارەداو ڕۆڵی میدیای ئەهلیو فشارێکی سیاسی کە لەسەر دەسەڵاتە، نموونەیەکی چالاکتر بۆ کێشمەکێشی سیاسی کە لەناو پەرلەمانی عێراقدا لەئارادایە، ڕۆڵیان هەبووە کە پەیوەندیی خەڵکو دەسەڵات بگات بە خاڵی ئەزمە.

٢- سیستمی سیاسیی کوردستانی عێراق نە پەرلەمانییە نە سەرۆکایەتییە، نە حکومییە بەو مانایەی کە سەرۆک وەزیران مەرجەعی سەرەکیی دەسەڵات بێت، هەموو خەڵک بەو ڕاستییە ئاشنابوون کە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارو تەنانەت هەردوو بەشی دەسەڵاتدار لە مەکتەبی سیاسی هەردوولادا کە باڵێکی نزیک بە سەرۆکو خانەوادەی سەرۆکی هەردوولان، چارەنووسی سیاسی کوردستان بە پەرلەمانو حکومەتو وەزارەتەکانو هەردوو حیزبیشەوە دیاریدەکەنو هەڵدەسوڕێنن، ئیتر نە وتارێکی ماوە ماوەی لێپرسراوی نووسینگەی ڕاگەیاندنی هەردوولا یا تەسریحاتە ڕۆژانەکانی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسیو تەنانەت سەرۆکی هەردوولا، دەتوانن ئەو ڕاستییە لە میشکی خەڵک بسڕنەوە، ئەو ڕاستییە بەرهەمی تاقیکردنەوەیەکی دوورودرێژی خەڵکە لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەدا، کە زۆر لەسەر خەڵک کەوتووەو زەحمەتە بەوجۆرە تەسریحاتو وتارانە بڕەوێنەوە. لەڕاستیشدا پەرلەمان بەتایبەتی تائێستا، جگە لە دەزگایەک بۆ ڕازاندنەوەی ئەو واقیعە تاڵەی ژیانی خەڵکو وڵاتو خامۆشکردنی ئەوان بە قازانجی هەردوو حیزب، شتێکی دیکەی تێدا بەستەنەبووە.

سیستمێکی ئیداریی کە لەم وڵاتەدا هەیە، قێزەونبوونی ئەم دەزگا ئیدارییە کە لە ژیانی خەڵکدا زۆر بایەخدارە، تەنیا تایبەتمەندیی بەشێک یا جۆرێک دەزگا نییە، ئەوە نییە لە سلێمانی هەبێتو لە هەولێر یا دهۆک نەبێت، بەڵکو کارگەو کارخانەو قوتابخانەو خەستەخانەو ئیدارەی بەرهەمهێنو خەدەمیو... تاد، لە سەرەتانی ئەم دیاردەیە بێبەش نەبوون. تراژیدیەتی حاڵەتەکەش لەوەدایە کە ناڕەزایەتی لەسەر دیاردەی گەندەڵی بووە بە قسەی سەرزاری هەمووان، کەچی دەسەڵات مێشیش میوانی نییەو تەنیا یەک وەڵامیان هەیە: (لە هەموو دنیادا گەندەڵیو ئیدارەی خراپ هەیە!!!!).

بەڵام خۆشبەختانە خەڵک بەو ڕاستییە گەیشتوون کە: سیستمێکی سیاسیی گەندەڵ، دایکو مامانی سیستمی ئیداریی گەندەڵەو هیچی دیکە!!!.

لەڕاستیدا لە وڵاتێکدا کە لانیکەم لە ساڵی ١٩٦٣-١٩٩١ بەشێوەی سیستماتیکو لەسەر بنەمای بەرنامەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی بەعس، کوردستان خاپور دەکراو تەنانەت لەساڵانی ١٩٧٣-١٩٨٠شدا کە زۆر پرۆژەی ئابووریی ستراتیژی لە عێراقدا کرایەوە، کەمترین بایەخ بە کوردستان درا، لەکاتێکدا کە ڕژێم (٤٠٠٠) گوندی ئەم وڵاتەی سوتماک کردو زیاتر لە چارەکە ملیۆنێک خەڵکیشی کوشت، بەدوای ئەوانیشدا ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی کە خۆیان دەسەڵاتداری فیعلی کوردستان بوون، لە ١٩٩١ بەدواوە کوشندەترین ئابڵوقەی ئابووریان بەسەر کوردستانیشدا درێژەپێدا، با بزانین ئابووریی سیاسیو سەرجەلەی دەسەڵاتی کوردی لەم بوارەداو لە وڵاتێکی بەوشێوەیە ئەنجن ئەنجن کراودا چۆن بوو؟

دیارە ئەم لایەنە کەمتر جێی بایەخو مشتومڕی ڕەخنەگرانی سیاسیی دەسەڵاتو تەنانەت میدیای ئازاد بووە، بەڵام گرنگیی گەورەشی هەیە، من نامەوێت کرۆنۆلۆجی بەرنامەی ئابووریی ئەمان یا کارکردیان لەم بوارەدا بە درێژی هەڵبدەمەوەو هەڵیدەگرم بۆ بوارێکی گونجاو، بەڵام چەند سەرەقەڵەمی کورت بە زیاتر لە پێویست دەزانم.

ئەمان سەرەتا بە پلانی مارشالی ئاودیوکردنی زۆربەی ژێرخانی ئابووریو کەرەستەو ئالیاتوماڵو مولکی گشتی بەجێماو لەدوای ڕاپەڕین، دەستیان بە دەستبردن بۆ فایلی ئابووری لە کوردستاندا کرد. پاشان سیاسەتی حەکیمانەی گومرکیان دەستپێکرد کە نرخی کاڵایەکی چەند قات دەکردەوە تا دەگەیشتە دەستی هاوڵاتی، کەسمان لەیادمان نەچووە کە لەنێوان زاخۆو سلێمانیدا چەند خاڵی گومرک هەبوو، هەمووشمان لەیادمانە کە دامەزراندن بە کارمەندو لێپرسراو لە خاڵی گومرگدا چ پاداشتێکی گرنگ بوو، ویژدان کڕین لەوکاتەوە چۆن پەرەیسەند، هەموو چاودێرانی ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستانو ڕۆژنامەنووسە خۆرئاواییەکان ئاگاداربوون کە شەڕی ١٩٩٤- ١٩٩٨ بە پلەی یەکەم لەسەر داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل بوو، نەک لەسەر جیایی لەسەر پلانی جیاواز بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان یان چۆنێتی خستنەگەڕی داهاتی بێشوماری گومرکەکان، لەسەر ئەوە بوو چەندی بچێتە گیرفان سەرکردایەتیی هەردوولاوە، نەک بۆ گوێدان بە ئەنفالو ستراتیژیەک بۆ ئاوەدانکردنەوەی لادێکان. ئەم سەرجەلەیە درێژەو بەسەر کۆمەکەکان بۆ هەڵەبجەو کیمیابارانکردنی کوردستان لە وڵاتانو ڕێکخراوەکاندا تێپەڕدەبێت، پاشان دەگات بە داهاتی بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراکو کەیسی چۆنێتی هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕێکخراوە بیانییەکان کە (کۆتا- سهم)یان بەسەردا سەپاندبوون بۆ حیزب. لەدوای ڕووخانی ڕژێمیشەوەو پاش دیاریکردنی بڕی نەگۆڕی بودجە بۆ کوردستانو چۆنێتی سەرفکردنی ئەو بڕە، زۆری لەسەر نووسراوەو لە زەینداتەڕو پاراون، بۆیە باسیان ناکەم.

ئەم سەرجەلەیەی دەسەڵاتی کوردی لەبواری چۆنێتی مامەڵە لەگەڵ سەروەتی خەڵکدا، کە زۆر بەکورتی باسمکرد، دیوارێکی بەرزی لەنێوان دەسەڵاتداریێتی هەرێمی کوردستانو زۆرینەی هاونیشتمانیاندا دروستکردووە، ئەوە بەرهەمی هاندانی کەس یا نەیارانی سیاسیی پارتیو یەکێتی نییە، بەڵکو بەرهەمی دەستچزانی خەڵکە لەو ماوە دوورودرێژەدا بە ئاگری ئەو سیاسەتو ڕێبازو بەرنامە ئابوورییەی ئەواندا.

٥- فایلێکی گرنگی دیکە کە لەپشتی کێشمەکێشەکانی هەڵبژاردنەوە بایەخی هەیە، مەسەلەی فایلدارو هاوکارانی پێشووی ڕژێمی بەعسە لە کوردستاندا. بۆ گەلێک کە کەم خێزانی هەیە، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بەم یا بەو شێوە، پلاری ڕەشی دیکتاتۆریەتی ڕژێمی پێشووی بەرنەکەوتبێتو ساڵانێکی زۆری بوێت کە برینەکانی ساڕێژ ببنەوە، زۆر ئەستەمە تەنانەت لەباری مۆراڵیو مەعنەویشەوە ئەوەی پێ قبوڵ بکرێت دەیان کەسی هاوکاری هەمان ژێم یا دامودەزگاکانی، ئێستاش نەک مابن، بەڵکو خاوەنی دەسەڵاتو پێگەبن لەناو هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا.

دیارە من قسەم لەسەر لایەنی یاسایی ئەم کەیسە نییە کە خۆی کەیسێکی ئاڵوزەو چۆن باشە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو قسەم لەسەر سادەترین پرەنسیپی ئینسانییە کە هاوکاریی جەللاد دیسانەوە بکرێتەوە بە دەسەڵاتدار بەسەر قوربانییەوە، نە سەرانی یەکێتیو پارتیو نە بەرەی کوردستانی جاران مافی لێخۆشبوون لە تاوانبارانی مەلەفی وا گەورەیان نییە، جگە لەوەش مەسەلەکە ئەوە نییە لەوانە خۆش بن یا نا، بەڵکو ئەوەیە ئایا پۆستو دەسەڵات لەئاستی گەورە یا بچووکدا بدرێت بەو کەسانە یا نا؟

ئەوانەو چەندین مەسەلەی ئیستەرەمی سیاسیی وەکو گۆڕینی یاساکانی تائێستا کارپێکراو، ئازادییە فەردیو کۆمەڵایەتییەکان، سیستمی پەروەردەو خوێندن، بوژانەوەی لادێکانو کەرتی کشتوکاڵی، گرانییو کرێو ئاستی ژیانو گوزەرانی زۆربەی خەڵکو... تاد، بەناچاریی خۆیان دەسەپێنن بەسەر ئەجێندای سیاسیی لایەنە جیاوازەکانی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا، بەڵام لەئێستادا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا ئەو مەسەلانە چۆن وەڵام دەدرێنەوە، جگە لەوەش ئایا ئەو وەڵامانە تەنیا بەشێکن لە پڕوپاگەندەیەکی ڕووتی هەڵبژاردن، یا پلاتفۆرمێکی پایەداری سیاسی بۆ تێوەچوون لە پرۆسەیەکی درێژخایەنی ڕیفۆرمی قوڵ لە کوردستاندا، کە هیچ شتێک لەبەردەمیدا بەپیرۆز دانانێت.

ڕووداوەکانی ڕۆژانی پێشو دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە تەمموزی ئەمساڵدا، وەڵامی بەشی زۆری ئەو پرسیارە دەداتەوە.



# لەفاوڵەوە بۆ داوڵ

ئاودێر شێخ عومەر

دەستەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لەتیروپشکی پێدانی ژمارە بەلیستەکانی بەشدار لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٦٦)ی نەدایە هیچ قەوارەیەکو ریزبەندییەکەی ناتەواو کرد، سەرۆکی دەستەکەش هیچ پاساوێکی بەجێی نەهێنایەوە بۆدەرکردنی ئەم ژمارەیە لەڕیزبەندی ژمارەی لیستەکانو وەهای نیشاندا کە بەبێ مەبەست بووە.

نەبوونی پاساوی بەجێ لەلای دەستەی هەڵبژاردنەکان بۆلابردنی ئەو ژمارەیە لەڕیزبەندییەکەدا، وایکردووە ئەو کارە لەئاستی شەقامی کوردی تەنیا بە (دڵنەواییکردنی لایەنێکی سیاسیی کە بەم ژمارەیەک قەڵس دەبێت) لێکبدرێتەوە. ئەمەش بێلایەن بوونی دەستەکە دەخاتە ژێر گومانەوە.

بۆ ڕەواندنەوەی گومانی بێلایەن نەبوون، ئەرکی سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانە، روونکردنەوەیەک بدات کە تیایدا پاساوێکی قەناعەتپێکەر بخاتەڕوو، بە چ مەبەستێکو لەبەر چ هۆکارێک لە ناو هەموو ئەو ژمارانەدا، ئەو ژمارەیەیان لابردووەو نەدراوە بە هیچ لیستێکو ریزبەندییەکەیان شێواندووە. ڕەنگە پاساوی ئەوە بهێننەوە کە (٦٣)ش لابراوە، بەڵام ناکرێت ئەمەش تەنیا بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو ژمارەیە بێت کە چەند ڕۆژێکە بووەتە جێی سەرنجی خەڵکو میدیاکان.

ئەگەر سەرۆکی دەستە پاساوێکی قەناعەتپێکەری بەجێی نەبێت بۆ ئەو کردارەیان، ئەوە شەقامی کوردی حەقی خۆیەتی گومانەکەی تۆختر بکاتەوە لەبێلایەن نەبوونی دەستەی ناوبراوو چاوەڕێی لایەنگیری زیاتری لێبکرێت بۆهەر لایەنێک کە ستافی دەستەکە بیانەوێت.

لابردنی ئەوژمارەیەو بێدەنگیو بێ هەڵوێستی دەستەکە لەئاست شکاندنی یاساکانی کۆمسیۆن لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بەخودی سکرتێری گشتیشەوە بە بانگەشەکردن بۆ لیستو کاندیدو شکاندنی لایەنەکانی بەرامبەر لەو هەڵمەتەی دوومانگ زیاترە (پێش دەستپێکردنی وادەی ڕەسمیی هەڵمەت بانگەشەکردن) حیزبە دەسەڵاتبەدەستەکان دەستیان داوەتێ بەکارهێنانی دامودەزگا حکومییو شوێنە گشتییەکان بۆهەڵمەتی پڕوپاگەندەکردن لەبەرژەوەندی دووحیزبی دەسەڵاتبەدەست، ئاماژەن بۆ لایەنگیری دستەی هەڵبژاردن لە دوو حیزبەکە؟ یان بۆ بێدەسەڵاتیان لەئاست سەرکردەو حیزبە دەسەڵاتبەدەستەکان؟ کە بێدەسەڵاتیش بوون کەواتە ناتوانن وەک ناوبژیوانو دەستەیەکی بەرپرس لەهەڵبژاردنێکی بێگەرد متمانەیان پێبکرێت.

پێویستە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەرکی سەرشانی خۆی ڕایی بکاتو لەئاست ئەو ئەرکو متمانەیە بێت کەپێی سپێردراوەو بەبێ دواکەوتن لێپرسینەوە لەودەستەیەی کوردستان بکات لەسەر هەموو ئەو خاڵانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا.

ئەرکی چاودێرانی هەڵبژاردنیشە وەک یۆنامی، ڕێکخراوە ناحکومیەکان، باڵیۆزخانەکان بەتایبەت باڵیۆزخانەی ئەمریکاو بەریتانیاو هەموو ئەولایەنانەی دیکە کە چاودێری هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەو خەمساردییو لایەنگیرییەی دەستەکە وەک چاوپۆشی لەپێشێلکاری تۆماربکەنو بەر بەخراپ بەکارهێنانی متمانە بگرن، بۆئەوەی زەمینەی هەڵبژاردنی داهاتوو دیموکراتیو دوور لە لایەنگیرییو بەگوێرەی یاساکانی کۆمسیۆن برەخسێنرێتو هەڵبژاردنێکی بێگەرد بەڕێوەبچێت.

ئەوەی دەستەی هەلبژاردن کردوویەتیو ئەوەی کۆمسیۆن دوومانگە لەسەری نەهاتووەتە دەنگ لەمەسەلەی دەستپێکردنی هەڵمەتی پڕوپاگەندەو پێشێلکردنی یاساکانی کۆمسیۆن، فاوڵێکەو بەردەوامبوون لەوجۆرە کردارانەو لەو بێدەنگییە، فاوڵەکە دەباتە قۆناغێکی گوماناویترو مەترسیدارتر، کە قۆناغی داوڵ-ە*

**(داوڵ، یان داهۆڵ : جەستەیەکی بێ گیانو بێ جوڵەو هەستە، لەدار دروستدەکرێتو جلی مرۆڤی دەکرێتەبەر بۆپاسکردنی کێڵگەو خەرمانی دانەوێڵە لەباڵندە بەکاردێت)**












چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

# لەگەڵ دەرهێنانی نەوتدا بارودۆخی کەرکوک ئاڵۆزتردەبێت

ل ٢



PIRD
پرد
ڕۆژنامە
٨ لاپەڕە
وەرگێڕان ـ دیمانەو لێکۆڵینەوەی سیاسی
ژمـارە (483) پێنجشەممە 2009/6/4




## پاشاگەردانیی پاش ئەمریکا

ئا: شالاو فەتاح

کتێبی (پاش ئەمریکا: سەربوردەکانی داهاتووی جیهان) لەلایەن پاوڵ ستارۆبیان، پەیامنێری (ناشناڵ جۆرناڵ)، باس لە کۆتاییهاتنی کۆنترۆڵی درێژخایەنی ئەمریکا بەسەر جیهاندا دەکات.

ئەم کتێبە پێشبینی پێنج سیناریۆ دەکات بۆ جیهانی پاش ئەمریکا، پاشاگەردانییەک لە جیهاندا کە دەشێت دروستبێتو دەشکرێت توندوتیژبێت، سیستمێکی نێودەوڵەتیی فرەجەمسەر. ئیمپراتۆریەتی چینی جیهانی، چاخی دەوڵەت- شاری جیهانی، یان شارستانیەتێکی گەردوونیی کە ڕێگا خۆشدەکات بۆ حکومەتێکی جیهانیی.

پێشبینی پاشاگەردانییەکی توندوتیژ بەجدیی وەرگیراوە لەلایەن ئەوانەی ئەزموونی خراپترین ڕووداوەکانی مێژوویان کردووە، هەر لەبەرئەمەشە جولەکەو کوردەکان زۆر بەجدیی ئەم پێشبینییە دەکەن. جولەکان پێشبینی لاوازبوون دەکەن لەگەڵ دەسەڵاتی ئەمریکییدا. تیۆدۆر هەرتزل، فەیلەسوفو داهێنەری بزووتنەوەی زایۆنی، بڕوای وابوو لە مانیفێستۆی جوداییزمدا لەساڵی ١٨٩٦دا نووسیویەتی «جولەکەکان هەرئەوەندەی نیشتمانی خۆیان بنیاتنا، ئیدی دوژمنێکیان نامێنێت».

شتەکان تەواو پێچەوانە بوونەتەوە، ئیسرائیل بۆ جولەکەکان زیاتر لە کەنەدا، ئوستراليا، ئەمریکاو بەریتانیا لەژێر مەترسیی وڕێنەو هەڕەشەی گروپە ئیسلامییە تیرۆریستەکانو محەمەد ئەحمەدی نەژادی سەرۆکی ئێراندان، لە جیهانی پاش ئەمریکاداو پاش ڕەوینەوەی هەوری پارێزگارییکردن لە ئیسرائیل لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەستی ئیسرائیل بە «لەشەڕدا بوون» پەرەدەسێنێت، لەکاتێکدا ئیسرائیل خاوەنی چەکی ئەتۆمییە، بەڵام ئەم چەکە شکستی هێناوە لە بەزاندنی دوژمنی وەک حەماسدا، کە چەکیان بۆمبی خۆکوژییو موشەکە. بێنی مۆریس، مێژوونووسی بەناوبانگی زایۆنیزم کە لە قودس دەژیەت، لە گەشتێکمدا بۆ ئیسرائیل لە ساڵی ٢٠٠٤دا پێیوتم «ئەم شوێنە دەشێت ببێتە قەسابخانەی کۆمەڵکوژیی».

ئایا پاشاگەردانیی هەمیشە ئـاوا تۆقێنەرە؟ قوڵتر بدوێین پاشاگەردانیی دۆخی سروشتی (مـرۆڤ)ە، لەگەڵ بەرهەمهێنانی هەڕەمەکیبوونو دۆخی پێشبینی نەکراودا، بەڵام ئەمە یەکسان نییە بە ئاشوبو نائارامیی، بۆیە دەکرێت بوترێت سیستمی پاشاگەردانیی مەرج نییە سیستمی نایەکسان یان بەتاڵ بێت، با ئەمە لەبەرچاوبگرین: جیهانی پاش ئەمریکا دەکرێت پاشاگەردانیی بەرهەم بهێنێت، بەڵام مانای ئەوەنییە جۆرە خراپەکەی پاشاگەردانیی بەرهەم دەهێنێت. جیهانی پاش ئەمریکا جیهانێکە کە «باوە گەورە» نەماوە، هێزێکی بان سرووشتیش نییە فشار بکات بۆ جێبەجێکردنی فەرمانو ستاندەرو یاساکان، بەڵام پێموابێت بەرەو پاشاگەردانییەکی تەندروست دەچین!

پاشاگەردانییەکی تەندروست، سیناریۆیەکە پێناچێت ئاماژەکانی لە ئەفسانە شیعرییەکانی (تی. ئێس ئیلیۆتەوە) وەرگرتبێت، یان لە ئینجیلەوە، کە پاشاگەردانیی وەک یاخیبوونێکی ئاژەڵیی وەسفدەکەن، بەڵکو ئاماژەکانی لە زانستە مۆدێرنەکانەوە وەردەگرێت. سیستمی پاشاگەردانیی لەسەر کۆمەڵە زنجیرە کاردانەوەیەک دروستبووە، ئەنجامی کاردانەوەکان دەشێت دڵخۆشکەر نەبێت، وەک کۆرنارد لۆرێنز لە (کاریگەریی پەپوولە)دا دەڵێت: لێدانی باڵی پەپوولەیەک لە بەرازیل، گێژەڵوکە لە تەکساس دروستدەکات، بەڵام هەمان میتۆد پێمان دەڵێت کە زنجیرەی کاردانەوەکان دەشێت ئاکامێکی باشی هەبێت.

هەندێک خەڵک ئەمریکایان لا دەبێتە هێزێکی زەبەلاحی بێباوەڕو هەڵگەڕاوە، ئەمەش لەلایەن یەکێک لە داڕێژەرانی ستراتیژی سەدەی ئەمریکییەوە کە دپلۆمات جۆرج کینان بوو، ئاماژەی بۆ دەکرێت، کینان خوێنەرەکانی تووشی شۆککرد بە نووسینی کتێبێک بەناوی (لەنزیک گردێکی سەخت: فەلسەفەی سیاسیو کەسیی)، تێیدا نووسیبووی ئەمریکا بـووە بە «وڵاتێکی دڕندە» وەکو چینو هیندستان. کینان نووسیویەتی «پرسیارەکەش لێرەدایە ئایا گەورەبوون لەڕووی سیاسییەوە خۆی لەخۆیدا خراپ نییە، جیا لەو سیاسەتانەی کە بەهۆی (گەورەبوون)ەوە پەیڕەودەکرێن».




## هەڵبژاردنەکانی لوبنان ململانێی ئەمریکاو ئێران

ل ٣

# هەڵبژاردنەکانی لوبنان: کێبڕکێیەکی دیکەی ئەمریکاو ئێران

**ئا: عەبدوڵڵا ڕێشاوی**

بەوپێیەی پەرلەمان بە گرنگترین یەکەی دەسـەڵات لە پەیکەری سیاسیی لوبناندا دێتە هەژمار، بۆیە چاوەڕواندەکرێت هەڵبژاردنە پەرلەمانییە چاوەڕوانکراوەکەی ئەو وڵاتە، گۆڕانێکی گەورە لە هاوکێشەکانی هێزو بارودۆخی سیاسیی وڵاتەکەدا بە گشتی بەدی بهێنێت.

دوو جەمسەری سەرەکی ململانێکە لەو هەڵبژاردنەی بڕیارە لە لوبنان لە (٧)ی ئەم مانگەدا ئەنجامبدرێت، بریتین لە هێزەکانی (١٤)ی ئازار کە زۆرینەی پەرلەمانی پێکدەهێنن‌و هێزە سوننەکان پێشەوایەتی دەکەن‌و لەلایەن ئەمریکاو خۆرئاواو زۆربەی وڵاتانی عەرەبییەوە جگە لە سوریا، پشتگیریی دەکرێن، لە بەرامبەر هێزەکانی (٨)ی ئازار کە بریتین لە حیزبوڵڵاو بزووتنەوەی ئەمەل، هاوپەیمانەکانیان‌و بزووتنەوەی مەسیحییە سیکۆلارەکان کە بە کەمینەی پەرلەمانی ناودەبرێن‌و لەلایەن ئێران‌و سوریاوە پشتگیریی دەکرێن، لەم نێوەندەشدا بەریتانیاو فەرەنسا بە هاوسەنگی هاوکاریی هەردوو بەرەکە دەکەن.

چاوەڕێدەکرێت هەڵبژاردنەکە ململانێیەکی توند بەخۆوە ببینێت‌و هەردوو بەرەکەش لە هەولی مسۆگەرکردنی زۆرینەی پەرلەمانیدان، بەتایبەت بەرەی (کەمینە) حیزبوڵڵاو هاوپەیمانەکانی.

ئەوەی وەک دیاردەیەک لەم هەڵبژاردنەی لوبناندا تۆماردەکرێت، هاتنەناوەوەی ئێرانە بەشێوەیەکی ئاشکراو بێپەردە بۆ ناو نەخشەی سیاسیی وڵاتەکە، ئەگەر بێت‌و حیزبوڵڵاو هاوپەیمانەکانی سەرکەوتن بەدەستبهێنن، ئەمینداری گشتیی حیزبوڵڵا، حەسەن نەسروڵڵا لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی حیزبەکەیدا ئاشکرایکرد: ئێران ئامادەیە بێ مەرج سوپای لوبنانی پڕچەک بکات.

نەسروڵڵا ئەم ڕاگەیەنراوەی وەک بەشێک لە هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ هاوپەیمانێتییەکەی درکاند، بۆیە چاودێران پێیانوایە «ئیدی ئێران قۆناغی نهێنی لە گۆڕەپانی سیاسیی لوبناندا پشتسەر دەخات‌و بەشێوەیەکی ئاشکرا خۆی دەکاتە بەشێکی گەورەو بەرچاو لەباری سیاسیی ئەو وڵاتـە، ئەمەش تەحەدایەکی گەورەیە بۆ وڵاتانی عەرەبی».

بەپێی لێدوانی نوێنەرێکی پەرلەمانی فەرەنسی «ئێران بۆ سەرخستنی هاوپەیمانەکانی لە هەڵبژاردنەکەی لوبناندا، (٦٠٠) ملیۆن دۆلاری ڕەوانەی ئەو وڵاتە کردووە».

دیارە ئەم هەنگاوەی ئێران ئەگەرچی ئاماژەی گرنگیدانی ئێرانە بە هەڵبژاردنەکە، بەڵام ئەمە بۆ یەکەمجاریش نییە ئێران کۆمەکی دارایی بە حیزبوڵڵا دەکات، بەڵکو ئاشکرایە کە حیزبوڵڵا لە کۆمەکێکی گـەورەی کۆماری ئیسلامیی بەهرەمەندە.

بەگوێرەی ماڵپەری ئاژانسی (تابناک)ی فارسی، ئەو نوێنەرەی پەرلەمانی فەرەنسا کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی (سیاسە)ی کوەیتی ڕایگەیاندووە: ئێران بە بەرپرسە لوبنانییەکانی ڕاگەیاندووە کۆمەکی دارایی ئێران بۆ هەڵبژاردنەکە سەقفی نییەو کراوەیە.

هەندێک لە چاودێرانی سیاسیی لوبنان پێیانوایە حیزبوڵڵا لەڕێی ئەم هەڵبژاردنەوە پلان بۆ کودەتایەکی سپی بەسەر سیستمی سیاسیی وڵاتەکەدا دادەڕێـژێـت‌و گوتاری حیزبوڵڵا لە گوتاری بانگەشە بۆ هەڵبژاردن تێپەڕیکردووە، بەڵکو گوتارێکە بۆ هەڵگەڕانەوە (کودەتا)، بەڵام ئایا حیزبوڵڵا دەتوانێت ئەمە بکات؟

چـاودێـرانـی سیاسیی پێیانوایە بەهۆی بارودۆخی تایبەتی لوبنان لەڕووی ناوخۆیی‌و نێودەوڵەتیشەوە، هیچ لایەنێک ناتوانێت ئەجێندای خۆی فەرزبکات، بـەڵام ئـەوەی چاودێرانی سیاسیی عەرەب لێی نیگەرانن لەم هەڵمەتەی حیزبوڵڵادا، کردنی لوبنانە بە گۆڕەپانێک بۆ ململانێیەکی نێودەوڵەتی‌و هەرێمایەتیی.

نووسەری عـەرەب، وەلید ئەبو مورشید لـەبـارەی بـارودۆخـی لوبنان‌و هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکە دەنووسێت: «هەڵەیەکی گەورە دەکەن ئەو پارتانەی پێیانوایە دەتوانن لەڕێی ئەم هەڵبژاردنەوە بارودۆخی سیاسیی لوبنان سەرلەبەر بگۆڕن، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانییە ئەوەیە کە لوبنان دەکرێتە گۆڕەپانێک بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێکانی ناوچەکە، چونکە ئەوەی ئێستا حیزبوڵڵا دەیکات، خۆئامادەکردنە بۆ هەڵەڕانەوە نەک بۆ هەڵبژاردن».

بەشێکی دیکە لە چـاودێـرانـی سیاسیی پێیانوایە ئەوەی حیزبوڵڵا لەپاش بردنەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا دەیەوێـت بیکات، سڕینەوەی هەموو ئەو تۆمەت‌و گومانانەیە کە نەیارەکانی دەیدەنە پاڵی، هەر لەبەر ئەمەش هەندێک لە چاودێرانی سیاسیی لەو باوەڕەدان «دوورنییە حیزبوڵڵا پاش بردنەوەی (سەعد حەریری یەکێک لە دیارترین سەرکردەکانی سوننەو بەشدار لە حکومەتی ئێستادا)، بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران دەستنیشان بکات وەک هەنگاوێکی سەرنجراکێش بۆ ڕای گشتیی، کە حیزبوڵڵا نایەوێت بارودۆخی سیاسیی لوبنان بگۆڕێت یاخود بیکاتە پێگەی ئێران یان دابەشی بکات».

هەر لەبەر ئەمەشە حەسەن نەسروڵڵا لە گوتارەکانیدا هەموو کۆمەکەکانی ئێران بۆ لوبنان دەبەستێتەوە بەمەرجی ڕازیبوونی حکومەتی لوبنانی‌و داواکردنی بۆ ئەو کۆمەکانە.

نەسروڵڵا وتی: «ئێران دەتوانێت سوپای لوبنان بکاتە بەهێزترین سوپا، دیارە ئەمە لەکاتێکدا حکومەتی لوبنان داوابکات».

هـەرچـەنـدە لوبنان تـاڕادەیـەکـی باش لەڕووی دیموکراسییەوە گەشەیکردووە، بەڵام دیموکراسییەکەی ئەو وڵاتە لەباری تائیفی‌و مەزهەبییەوە تام‌و بۆی تایبەت بە خۆی هەیە، هەر لەبەر ئەمەش سیستمە حوکمڕانییەکەی‌و تێیدا پۆستی سەرۆکی حکومەت بۆ سوننەو پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بۆ شیعە یەکلاییکراوەتەوە.

جگە لە نەتەوەیەکگرتووەکان، کۆمکاری وڵاتـانـی عـەرەبـی‌و کـۆمـەڵـەی لوبنانی بۆ دیموکراسی کە دەزگایەکی سەربەخۆی لوبنانییە، چاودێریی هەڵبژاردنەکەی لوبنان دەکەن‌و بەپێی وتەی چاودێران نزیکەی (٢٥٠) چاودێری بیانی لە چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکەدا بەشداردەبن، جگە لە هەردوو وڵاتی تورکیاو ڕوسیاش.

جێگری نێردراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، جوزیە ئەنتۆنیۆ ڕایگەیاند: بە هەموو شێوەیەک چاودێریی هەڵبژاردنەکان دەکەین هەر لەشێوەی ڕیکلامی هەڵبژاردن تا گوتاری لایەنەکان‌و بەڕێوەچوونی دەنگدان.

بەپێی چاودێران زۆربەی گۆڕانکارییەکانی ئەمدواییەی لوبنان، سەنگی سەرکەوتنی بەرەی حیزبوڵڵاو هاوپەیمانەکانی قورستر دەکەن.

بڕیاری ئازادکردنی ئەو چەند ئەفسەرەی لـە دۆسـیـەی تـیـرۆری ڕەفـیـق حـەریـریـدا تێوەگلابوون‌و لە حیزبوڵڵاو هاوپەیمانەکانییەوە نزیکبوون، ڕاگەیاندنی بێتاوانیان لەلایەن دادگای نێودەولەتییەوە گرۆتینێکی بەخشییە ئەو بەرەیە، هەروەک چۆن لەساڵی ٢٠٠٥دا تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریری هێزێکی جەماوەریی فراوانی بەخشییە بـەرەی (١٤)ی ئـازارو دواجاریش حکومەتی پێکهێنا، هەربۆیە دەردەکەوێت کەشوهەوای لوبنان ئەمجارەیان کەمتر لە بەرژەوەندیی بەرەی (١٤)ی ئازار هەڵیکردووە، بەڵکو با بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی سوریاو حیزبوڵڵا هەڵیکردووە. هەربۆیە چاوەڕێدەکرێت حیزبوڵڵاو هاوپەیمانەکانی زۆریـنـەی پەرلەمانی نوێ پێکبهێنن، ئەمە جگە لە یاسای نوێی هەڵبژاردن کە چانسی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەک بۆ بەرەی (١٤)ی ئازار کەمتردەکاتەوە.

ڕاگەیاندنی بێتاوانی ئەفسەرانی نزیک لە سوریاو حیزبوڵڵا لە دۆسیەی تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریریدا، هەموو ئەو بانگەشانەی بەرەی (١٤)ی ئازاری لاوازکرد کە باسیان لە دەستێوەردانی سوریا لە کاروبارەکانی لوبنان‌و بەتایبەت تێوەگلانی لە تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریریدا دەکرد.

بەپێی شرۆڤەی چاودێران ئەگەر حیزبوڵڵا لە هەڵبژاردندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، پێدەچێت حکومەتێکی یەکێتی نیشتمانی ڕابگەیەنێت، بەم پێیەش حکومەتێک پێکدەهێنێت کە نەیارەکانیشی بەشداریی تێدا دەکەن.. ئەم هەنگاوەی حیزبوڵڵاش بۆ ئەوەیە تا متمانەی جەماوەریی خۆی وەک هێزێکی بەرگریی بەهێز بکاتەوە، ڕەتی هەموو ئەو پڕوپاگەندانەش بکاتەوە کە نەیارەکانی دەیخەنە پاڵی وەک هێزێک کە دەیەوێت سیستمی سیاسیی لوبنان بگۆڕێت، تەنانەت لوبنانیش دابەش بکات‌و بیکاتە گۆڕەپانێک بۆ ململانێکانی ناوچەکە.

سەرکەوتنی حیزبوڵڵا لەم هەڵبژاردنانەدا، نیگەرانییەکی زۆر بۆ زۆربەی وڵاتانی عەرەبی لەپێشیانەوە میسرو سعودیە دروستدەکات، هـەروەک هەڕەشەیەکیشە بۆ سەر کۆمەکە داراییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ لوبنان.

بەڵام بەشێک لە چاودێران پێیانوایە حیزبوڵڵا نایەوێت سەرکەوتنێکی ئەوتۆو ڕەها بەدەست بهێنێت کە بیخاتە بەردەم کۆمەڵێک کێشەو قەیرانی دیکە، بەڵکو ئـەوەی حیزبوڵڵا خوازیاریەتی، پتەوترکردنی پێگەی خۆیەتی لە گۆڕەپانی سیاسیی لوبناندا وەک هێزێکی بەرگریی دژە ئیسرائیل‌و ئەمەشی بۆ دێتەدی.



The New York Times

# لەگەڵ دەرهێنانی نەوتدا بارودۆخی کەرکوک ئاڵۆزتردەبێت

**تیمۆسی ویلیامز**

شێخ حەبیب شەوقی حەمەخان لە چاویلکەکانییەوە تەماشایەک دەکاتو دیمەنەکە بە جوانو سەرنجراکێش دەزانێت، هەرچەندە دوانیوەڕۆیەکی گەرمەو ئەو دوکەڵەی بەرزدەبێتەوە بەری خۆری گرتووە، کێڵگە نەوتییەکان کە دەوڵەمەندترین کێڵگەی نەوتین لە عێراقدا، هەتا چاو بڕبکات دەبینرێن، پاشان حەمەخان لایکردەوەو ئاماژەی بە خانووە دووقاتەکەیو باخچە پڕگوڵو گوڵزارەکەی کرد، کە ئەوێش کێڵگەیەکی نەوتی تێدایە.

شێخ حەمەخان یەکێکە لە هەزاران ئەو کوردانەی کە لەدوای شەڕی عێراق هاتنەوە کەرکوک، ئەو شارەی کە دەوڵەمەندە بە نەوتو کێشەی لەسەرە، لەسەر چەند پارچە زەوییەک کە موڵکی ئەوان نییە، خانووەکانیان بونیاد نا، هەندێک لە خانووەکان کە بەشێوەیەکی ناشەرعییو بۆ پشتگیریی بانگەشەی کوردەکان دروستکراون، تەنیا نیو کیلۆمەتر لە بڵێسەی ئەو ئاگرەوە دوورن کە لە ئەنجامی سووتانی گازی سروشتی کێڵگە نەوتییەکانەوە دروستبووە. ئەو خانووانەش بە بەشێک لەو فشارە کەڵەکەبووە دادەنرێن کە ئێستا لە کەرکوک کۆدەکرێتەوە، لەکاتێکدا کە بڕیارە لە چەند مانگی داهاتوودا کۆمپانیایەک هەستێت بە ئەنجامدانی لێدانو هەڵکەندن بۆ نەوت بەمەبەستی گەشەکردنی ئابووری عێراقو زیادکردنی ڕێژەی دەرهێنانی نەوت بە شەش قاتی ئەوەی کە ئێستا هەیە.

ئێستا هەردوو حکومەتی عێراقیو کوردەکان چوونەتە نێو ململانێیەکەوە دەربارەی مافی خاوەنداریێتی کەرکوکو هەریەکەیان بانگەشەیەکی هەیە، ئێستاش دانیشتووانی شارەکەو چاودێرە بیانییەکان لەوە دەترسن کە ئەم ململانێیانە سەربکێشێت بۆ ڕقو کێشەی گەورەتر لەنێوان کوردو عەرەبو تورکماندا، ئەمەش ببێتە هۆی لەدەستدانی ئەو هەموو هەلی کارکردنەی کە هەیە. هەموو لایەکیش لەوە دەترسن کە کردەوە توندوتیژییەکان سەرەتایەک بن بۆ شەڕێکی نەتەوەیی، کە هەر لەساڵی ٢٠٠٣و دوای گرتنە دەستی شارەکە لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە پێشبینی کرابوو، هەر شەڕێکی لەوشێوەیەش تەواوی ناوچەکە دەگرێتەوە، بەهۆی بوونی کەمینەی کوردی لە هەرسێ وڵاتی ئێرانو تورکیاو سوریا.

سەرەڕای ئەوەی کە هێشتا چارەنووسی کەرکوک نادیارەو کێشەکە نەکەوتووە بەلایەکدا، بەڵام هەر لەئێستاوە کۆمپانیاکانی نەوت لە پێشبڕکێدان بۆ مۆرکردنی گرێبەستی نەوتیی.

یوست هیڵتەرمان، شارەزا لە گروپی قەیرانی نێودەوڵەتیدا، دەڵێت: «بە ئەنجامدانی ئەم گرێبەستە نەوتیانە، مالیکی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەشێوەیەکی توندو بەهێز ئەو ڕاستییە بۆ کوردەکان دووپاتدەکاتەوە کە تەنیا حکومەتی عێراقی سەروەریی هەیە بەسەر ئەو ناوچە نەوتیانەدا کە کێشەیان لەسەرەو لە دەستووردا یەکلایی نەکراونەتەوە». لە چەند هەفتەی پێشوودا کارە توندوتیژییەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادبوون لە کەرکوکدا، تەنانەت ئەم زیادبوونە پاش ئەو کۆبوونەوەیەش هات کە لە بەرلینو لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی شارەکەدا ئەنجامدرا.

هێزە ئەمنییەکانی کەرکوک کە زۆرینەیان کوردن، دەڵێن کە ئەوان پێویستیان بە یارمەتی هەیە بۆ ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەو ڕووداوانە، بەڵام نەک لەو هێزە عەرەبییە گەورەیەی کە لە چواردەوری شارەکەدا جێگیربووە. هەر لەم مانگەدا هێزە ئەمریکییەکان هەستان بە ئەنجامدانی زنجیرەیەک کۆبوونەوە لەگەڵ هێزە ئەمنیو لایەنە جیاوازەکانی شارەکەدا، بۆئەوەی ڕێ بە یەکەیەکی سوپای عێراقی بدرێت بێتە نێو شارەکەوە، بەڵام کۆبوونەوەکان نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک. لیوا تۆرهان عەبدولڕەحمان شەریف، جێگری فەرماندەی پۆلیسی کەرکوک، دەڵێت: «هیوادارین کەرکوک نەگەڕێتەوە حاڵی پێشوویيو ئەو ڕووداوە ترسناکانە ڕوونەدەنەوە، بەڵام هەموو ئاماژەکان ئەوەمان پێدەڵێن». وا چاوەڕواندەکرێت حکومەت هەستێت بە پێدانی مافی بەرهەمهێنانی کێڵگە نەوتییەکان بە کۆمپانیاکان هەتا کۆتایی مانگی حوزەیران.

لایەنە جیاوازەکانی شارەکە لە کوردو عەرەبو تورکمانو کلدۆئاشور، جودا لەیەک دەژینو بەگومانن لەیەک، گروپەکانی دی کوردەکان بەوە تاوانبار دەکەن کە دەیانەوێت کەرکوک بخەنەوە سەر هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش دەبێتە بنەمایەکی باش بۆ ئابووریی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ.

دەتوانین بڵێین ماوەیەکی زۆرە پرۆژەی تازەی دەرهێنانی نەوتی عێراقی ڕووینەداوە، واین کیلی، بەڕێوەبەری ئیداریی کۆمپانیای (ئار ئێس کەی)، کە کۆمپانیایەکی سەربەخۆی تایبەت بە نەوتە، دەڵێت ئەو کۆمپانیایەی کە گرێبەستی دەرهێنانی نەوتی کەرکوکی بۆ دەردەچێت، ڕووبەڕووی چەند کێشەیەک دەبێتەوە، لەوانە ئەگەری دووبارەبوونەوەی توندوتیژییو ئەگەری پیسبوونی بەشێک لە کێڵگە نەوتییەکە بە پاشماوە نەوتییەکان. هەروەها دەڵێت: «هیچ کێڵگەیەکی نەوتیی نییە لە جیهاندا هێندە گەورە بێت، بەڵام هێندە خراپ بەڕێوەببرێت»، لەمپەڕێکی دیکەش بریتییە لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی کوردەکان لە شارەکەدا، کە زۆربەیان خانووەکانیان لەسەر کۆمەڵێک پارچە زەوی بونیاد دەنێن، کە وەزارەتی نەوت دەڵێت ئەو خاوەنداریێتیان دەکات، بەڵام ئەو خەڵکانە دەڵێن کە ئەوان لەکاتی حوکمی سەدام حسێن دا لە ماڵەکانیان ڕاگوێزراونو کەرکوک «قودس»ی ئەوانە، ئامادەن بۆ پارێزگاریی لە مانەوەیان چەک هەڵگرن.

شێخ حەمەخان کە تەمەنی شەست ساڵە، دەڵێت پاش ماوەیەکی زۆر لە ئاوارەیی لە ئێرانو ناوچەکانی دی، دواجار گەڕاوەتەوە کەرکوکو بەڵێنیشیدا کە جارێکی دیکە ماڵەکەی چۆڵ نەکاتو وتی: «ئەمجارەیان ماڵەکەم بۆ هیچ حکومەتێک چۆڵناکەم، با بێنو بیڕووخێنن بەسەرمدا».

**و: دانا نەوزەر**



# ئیلتەر تورکمان: حکومەت دەبێت جدیتربێت لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا

تودەیس زەمان

**ئــەمــەی خــــــوارەوە دەقــی چاوپێکەوتنێکی (یۆنجا پەریاز دۆهــان)ە لەگەڵ ئیلتەر تورکمان، وەزیری دەرەوەی تورکیا (١٩٨٢-١٩٨٠)، دەربــارەی کێشەی کورد لە تورکیاو دوایەمین پێشهاتو گۆڕانکارییەکان لەوبوارەدا.**



**دۆهان: ئایا پێشبینی ئەوەت دەکرد کە سەرۆکی تورکیا بڵێت گەورەترین کێشەی وڵاتەکەی ئەو کێشەی کوردە؟**

تورکمان: بەڵێ، من پێشبینی ئەوەم کــردووە، چونکە ئەو (عەبدوڵڵا گویل)، کەسێکی زۆر واقیعییەو من خودی خۆم زۆر ڕێگاو شێوازی ئەوم بەدڵە دەربارەی کێشە گرنگەکانی تورکیا، بۆ نموونە ئەوەی ئەو کردی بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو تورکیا، پراگماتیبوونو واقیعیبوونی ئەوی دەرخــســت، هــەربــۆیــە ئـــەوە شتێکی چــاوەڕوان نەکراو نەبوو، من وادەزانم یەکێک لە گــەورەتــریــن شکستەکانی کۆماری تورکیا ئەوەیە، کە هەتا ئێستا نەیتوانیوە چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە.

**دۆهــــان: بابەتی کێشەی کورد چەندین جاری دیکە لەلایەن لایەنە حکومییەکانو رای گشتییەوە باسی لێوەکراوە، بەڵام پاش ماوەیەک دەنگۆی نەماوەو بەڵێنەکان لەبیرچوونەتەوە، ئەمجارەیان چی جیاوازە؟**

تورکمان: ئەمجارە شتێکی جیاواز هەیە، چونکە بەفیعلی چەند هەنگاوێک نراوە، کەناڵی تەرەتە شەش، کە کەناڵێکە بە زمانی کوردیو لەلایەن حکومەتەوە بەڕێوەدەبرێت، کــراوەتــەوە، ئەوەش هەنگاوێکی گرنگە، بێگومان ئەمەش هەموو ئەوە نییە کە کوردەکان داوای دەکەن، چونکە ئەوان دەیانەوێت کەناڵی تایبەت بە خۆیان هەبێت، کە تائێستاش چەند ڕێگرێکی یاسایی هەیە لەبەردەم ئــەمــەدا. هــەروەهــا ئێمە لــەپــاڵ ئەم هەڵوێستەی سەرۆک گویلدا، دیالۆگی گەرمی نێو دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیمان هەیە، ئەمەش جگە دوایین لێدوانەکانی ئیلکەر باشبوهی سەرۆک ئەرکانی سوپا.

**دۆهــــان: هەڵوێستی تــازەی ئەو دەربارەی کێشەی کوردی چۆنە؟**

تورکمان: سەرەتا ئەو جەختی لەسەر گرنگیی هەندێک هەنگاو کــردەوە کە وادەکات بەشێک لە چەکدارەکانی پەکەکە لە شاخەکان بێنە خوارەوە.

**دۆهان: هەنگاوی ناسەربازیی؟**

تورکمان: بەڵێ، هەنگاوی ناسەربازیی. ئەو باسی لە یاسایەکی نوێ نەکرد، بەڵام وتی کە ئەو یاسایەی ئێستا هەیە، دەکرێت بەشێوەیەکی باشتر جێبەجێبکرێت، خاڵێکی دیکە ئـەوەبـوو کە ئیلکەر لە قسەکانیدا دەستەواژەی «گەلی تورکیا»ی بەکارهێنا نەک «گەلی تورک»، ئەمەش بەو مانایەی کە ئەو بڕوای بە بوونی ناسنامەی نەتەوەیی جیاواز هەیە، ئەمە یەکەمجارە کە شتێکی ئاوا لە سوپا ببیستین، هەموو ئەم نیشانانە ئەوە دەردەخەن کە خەریکە کۆمەڵێک پێشکەوتن ڕوودەدات، هیچ نەبێت لە بیرکردنەوەکانماندا و بەشێوازێکی جیاواز لە بابەتەکە دەڕوانین، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە ئێمە لەماوەی ڕابردوودا هەڵەی کوشندەمان ئەنجامداوە.

**دۆهان: ئەو هەڵانە چین؟**

تورکمان: ئێمە هەر لەساڵی ١٩٩٩دا، ساڵی دەستگیرکردنی ئۆجەلان هەتا ساڵی ٢٠٠٥، هیچمان نــەکــرد، دوای دەستگیرکردنی ئۆجەلان سوپا وتی کــاری من تــەواوبــووەو ئیدی سەرەی مەدەنییەکانە چــارەیــەک بۆ کێشەکە بدۆزنەوە، بەڵام حکومەت هیچی نەکرد، ئەم هەلەش کە ئێستا دروستبووە، دەبێت بقۆزرێتەوەو لەدەست نەدرێت.

**دۆهان: پەیامەکەی قەرەیلان چی بوو؟ هەندێک پێیانوابوو کە شتێکی تازەی تێدا نەبوو؟**

تــورکــمــان: بــەڵــێ هــەنــدێــک کەس پێیانوابوو کە ئەو چەند شتێکی کۆنی دووبارەکردووەتەوە، بەڵام من کێشەیەک نابینم لە دووبارەکردنەوەی شتی باشدا، بەڵام بێگومان ئەو چەند شتێکی کەمی وتــووە کە ئەگەر ڕاست بن، ئەوا زۆر گرنگن. ئــەو وتــی کە ئــەوان بــەدوای چارەسەردا دەگەڕێن لەنێو دەوڵەتێکی یەکگرتوو و یەکپارچەدا، بێگومان دەوڵەت کێشەکە بە دانوستان لەگەڵ پەکەکەدا چارەسەرناکات، بەڵام هەر ئەمەی کە ئەوان داوای جوداخوازیی ناکەن، خۆی بۆخۆی شتێکی گرنگە.

**دۆهان: تۆ وتت کە تورکیا نیازی نییە لەگەڵ پەکەکەدا دانوستان بکات، ئەی تورکیا بەنیازە چی بکات؟**

تورکمان: هەر هەنگاوێک کە تورکیا هەڵیبگرێت لەپێناوی چــارەســەری کێشەکەدا، بەدوور دەبێت لە دانوستان لەگەڵ پەکەکە یان دەتەپە، بەڵام ئەگەر دەتەپە خۆی لە پەکەکە دوور ڕابگرێت، ئــەوا ئەگەر دانوستانیشیان لەگەڵدا نەکرێت، بیروڕایان لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ بکرێت، چونکە دواجار ئەوانە کەسانێکی هەڵبژێردراونو لەلایەن دانیشتووانی ناوچە کوردییەکانەوە شەرعیەتیان پێدراوە.

**دۆهان: ئایا تۆ پێتوایە کە دەبوو پێشتر لەگەڵ دەتــەپــەدا گفتوگۆ ئەنجامبدرایە؟**

تورکمان: گفتوگۆ نەک دانوستان، یەکەم شتێک کە دەبێت ئەنجامی بدەین، بریتییە لە کۆتاییهێنان بەو کەنارگیرییەی کە دەتەپەی تێدایە. دووبارە سەرۆک بووە نموونەیەکی باش لەم بوارەدا، بەوەی کە پێشوازیی لە نوێنەرەکانی دەتەپە کرد، سەرۆک وەزیرانو ئەوانی دیکەش دەبێت گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەن، ئەوانە ئەندامی پەرلەمانن.

**دۆهان: ئێمە ئێستا ئەوە نابینین، پێتوایە لە داهــاتــوودا شتێکی وا ببینین؟**

تورکمان: نازانم لە تورکیادا دەکرێت لە هەر ساتێکدا ڕوووبدات.

**دۆهان: تۆ پێتوایە کە لەگەڵ بوونی ئۆپۆزسیۆنی جەهەپەو مەهەپەدا، چارەسەری کێشەی کوردی گەشتبێتە بنبەست؟**

تورکمان: ئەوە بەندە بە جورئەتو ئیرادەی حکومەتەوە، کاتێک تۆ دەبیتە پــیــاوی دەوڵــەتــی، دەبــێــت جورئەتی هەڵگرتنی هەندێک هەنگاوی قورسو زەحمەتت هەبێت، پێدەچێت لەسەرەتادا ڕووبەڕووی ئۆپۆزسیۆن ببیتەوە، بەڵام ئەگەر لەسەر ئەو ڕەوتە بەردەوامبیت، ئــەوا دەگــەیــتــە چەند ئەنجامێک کە پشتگیریی خەڵکیش بەدەستدەهێنێت.

**دۆهـــان: ئایا پێویست دەکــات کە پۆستێک لە حکومەتدا دابنرێت تایبەت بە کێشەی کورد؟**

تــورکــمــان: ئــەوان هــەســتــاون بە دروستکردنی پۆستی جێگری وەزیر لـە وەزارەتـــی نــاوخــۆ تایبەت بــەوە، بــەڵام پۆستە نوێیەکە نابێت تەنیا بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکان بێت، بەڵکو لە هەمانکاتیشدا پێشنیازو پــرۆژەی چارەسەریش بخاتەڕوو، دەبــوو ئەم پۆستە لەژێر چاودێریی نووسینگەی سەرۆک وەزیراندا بوایە، نەک وەزارەتی ناوخۆ، چونکە وەزارەتــی ناوخۆ زیاتر سروشتێکی ئەمنی هەیە.

**دۆهـــان: کاریگەریی فاکتەری باکووری عێراق لەسەر کێشەکە چییە؟**

تورکمان: یەکەم خــاڵ ئــەوەیــە کە پەکەکە لەوێیە، دەسەڵاتی کوردی دەبێت کۆنترۆڵی زیاتر بخاتە سەر شاخەکانی قەندیل، کەوابێت بەرژەوەندیی ئێمە لە بوونی پەیوەندیی باشتردایە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوچە ئۆتۆنۆمییەکەی باکوور، ئێمە چەند هەنگاوێکمان بەو ئاراستەیەدا ناوە، بەڵام هەنگاوی زۆر بچووکن، ئێمە هێشتا نوێنەرایەتیو قونسوڵخانەمان لە هەولێر نەکردووەتەوە، یــۆنــان قونسوڵخانەی لـــەوێ هەیە، ئێران هەیەتی، بەڵام ئێمە نیمانە. نابێت ئەو ڕاستییە لەبیربکەین کە ئێمە لە پێشبڕکێداین لەگەڵ ئێراندا، ئەگەر ئێمە هەنگاوی پێویست نەنێین، ئەوە ستراتیژیەتی کاریگەر لە باکووری عێراق هی ئێران دەبێت نەک تورکیا.

**دۆهـــــان: بـــەڕای تــۆ بــۆچــی حکومەت دوودڵە لە هەنگاونان بەو ئاراستەیەدا؟**

تورکمان: ئێمە بــەردەوام کێشەی ئــەوەمــان هــەبــووە کە بیرکردنەوەی دروســتــمــان هــەبــووە، بــەڵام بەهۆی هۆکارگەلێکەوە نەمانتوانیوە بیانکەین بە کردار، ئەوان وا بیردەکەنەوە کە ئەگەر قونسوڵخانە لە هەولێر بکەیتەوە، ئەوە بەمانای دانانان دێت بە ئیدارەی کوردیدا لە باکووری عێراق، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە، هەولێر شارێکی عێراقییە، کــاتــێــک کــە داواکــاریــی کــردنــەوەی قونسوڵخانە لە هەولێر پێشکەش دەکەیت، ئەوا داواکە پێشکەشی حکومەتی بەغدا دەکەیتو ئەو مۆڵەتت پێدەدات.

**پرۆفایل:**

- ئیلتەر تورکمان لەساڵی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨٣وەزیــــری دەرەوەی تورکیا بووە، لەساڵی ١٩٩١ بۆ ١٩٩٦ نوێنەری سەرۆکی نەتەوەیەکگرتووەکان بووە لە ئاژانسی ئۆنۆروا، کە دەزگایەکی نەتەوەیەکگرتووەکانەو تایبەتە بە ئاوارە فەلەستینییەکان.
- نوێنەری تورکیا بووە لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەنێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٧٨)و (١٩٨٤-١٩٨٨).
- باڵیۆزی تورکیا بووە لە یۆنانو روسیاو بۆ ماوەی (٩) ساڵیشە گۆشەیەکی لە رۆژنامەی (حوریەت)دا هەیە.

**و: دانا نەوزەر**

# دەرفەتێکی مێژوویی بۆ کێشەی کورد لە تورکیا

هێمن لهۆنی

لە پێشهاتێکی گرنگ بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەیەکی (٢٥) ساڵەی تورکیا، دەوڵـەتو حکومەتو دامـەزراوەی سـەربازیـیو ئۆپۆزسیۆن پێکەوە داوای چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەکەن لە ڕێگای ئاشتییەوە لە تورکیا، لـە بەرامبەریشدا پەکەکە نەرمی دەنوێنێتو ئامادەیی خۆی پیشانداوە، ئـەم هەنگاوانەش هیوایەکی نوێی بەخشی بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک کە تائێستا نزیکەی (٥٠٠٠٠) کەس بوونەتە قوربانییو پارەیەکی ئێجگار زۆری حکومەتی تورکیا بەفیڕۆچووە. چـاودێـران کـۆبـوونـەوەی زۆربـەی پێکهاتەکانی تورکیا بە حکومەتو ئۆپۆزسیۆنو پارتە توندو میانڕەوەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بە دەرفەتێکی زێڕین دەزاننو بە هەنگاوێکی ناوازە لە مێژووی ئەو وڵاتەی دەدەنە قەڵەم.

## سەرۆک پەرۆشە

عەبدوڵڵا گویل، سەرۆک کۆماری تورکیا، لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی، کێشەی کـورد بە سەرەکیترین کێشەی وڵاتەکەی ناوبردو داوای بەزوویی چارەسەرکردنی کرد. گویل باوەڕی وایە کە کات بەفیڕۆدان لەم کاتەدا قوڵترکردنەوەی زیاتری ئەو کێشەیەی لێدەکەوێتەوە. سەرۆک کۆماری تورکیا لەمیانەی سەردانێکیدا بۆ قیرغستان، بۆ ئەو ئاژانسەی ئاشکراکرد « ڕێگای ئاشتیو دیموکراسی ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەی خۆرهەڵاتی باشووری وڵاتەکەمە».

گـویـل ڕەخـنـەی تـونـدی لە توندوتیژییەکانی پەکەکە گرتو وتی خزمەت بە پرۆسەی دیموکراتی ناکات، عەبدوڵڵا گویل پێشتر لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ئەحمەد تورکی سەرۆکی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی کوردی، پەرۆشیی خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەربـڕیو داوای هەنگاوی بەپەلەی کرد، هەروەها سەرۆک کۆمار داوای لە بەرەی ئۆپۆزسیۆنو ڕۆشنبیران کرد بە جدیی بێنە پێشەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەی وڵاتەکەیان.

## ئۆپۆزسیۆن لەسەر خەتە

پێشتر هەموو هەنگاوەکای پارتی دادو گەشەپێدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندی سوپا بووەتەوە لە ڕێگای زمانحاڵەکەی کە پارتی گەلی کۆمارییە (جەهەپە)و پارتە توندڕەوەکانی دیکەوە، بەڵام ئێستا پارتی کۆماری لە پێشهاتێکی بێوێنەدا داوای چارەسەری خێرای مەسەلەی کورد دەکات، هەر ئەو پارتە داوای ناساندنی نـەورۆزی کـرد وەک پـشـووی ڕەسمیی دەوڵەت.

دێنز بایکاڵ، سەرۆکی جەهەپە، هەفتەی ڕابـردوو سەردانی ناوچە کوردنشینەکانی تورکیای کرد بۆ بردنەوەی دڵی دانیشتووانە بێنازەکەی، بایکاڵ لەو سەردانەیدا گشت لایەکی تورکیای تووشی سەرسوڕمان کرد، کاتێک ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەی کورددا، بایکاڵ لە شاری ئایدمان وتی: «ئەگەر پارتی دەسەڵاتدار هەنگاوێک بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بنێت، ئەوا ئێمە ئامادەین چوار هەنگاو لەوڕووەوە بنێین». بەپێی وتەی ئومێد فرات، نووسەری تورک،ئەو هەنگاوە گەورەیەی پارتی ئۆپۆزسیۆن، وەڵامدانەوەی ئەو داواکاریانەیە کە لەنێو ئەو پارتەدا دروستبوو بۆ پشتگیریی پارتی دادو گەشەپێدان لە چارەسەرکردنی کێشەی کـورددا، هەروەها بایکاڵ داوای لە حکومەتی ئەردۆغان کرد کە لێبوردنی گشتی ڕابگەیەنێت بۆ چەکدارانی پەکەکە بە مەرجی وازهێنانی ئەو گروپە لە کاری توندوتیژیی. لە هەنگاوێکی دیکەدا جەهەپە خۆشحاڵیی خۆی دەربڕیوە بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئەمەشە پاش ئـەوەی بایکاڵ خۆشحاڵیی خۆی دەربـڕی لەسەر وەڵامـدانـەوەی بانگهێشتنامەکەی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ سەردانکردنی بۆ عێراق.

بەڵام ئەوەی لە هەنگاوەکەی پارتی جەهەپە سەرسوڕهێنەرتر بوو بۆ بارودۆخی سیاسیی تورکیا، بریتیبوو لەو لێدوانانەی پارتی نەتەوەپەرستی مەهەپە. سەرچاوەیەک لەو پارتە بە میدیا تورکییەکانی ڕاگەیاند کە مەهەپە بەنیازە لە کۆنگرەی داهاتووی پارتەکەیدا پێشنیازێک بۆ مەسەلەی کورد بخاتە پێشو هەنگاوێکی مێژوویی بنێت بە پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ئەمە لەکاتێکدا پێشتر پارتی مەهەپە هەموو هەنگاوێکی بۆ چارەسەری کێشەی کورد بە مەترسی بۆ یەکگرتوویی خاکی تورکیا زانیوەو بە توندی دژایەتی کردووە.

## دەتەپەش ئامادەیە

سەرۆکی پارتی کۆمەڵگای دیموکرات، ئەحمەد تورک خۆشحاڵیی خۆی دەربڕیوە بۆ ئەو پێشهاتە سیاسیانەی وڵاتەکەی لەمەڕ کێشەی کورد، ئەحمەد تورک لە پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنیدا ئامادەیی خـۆی نیشاندا بۆ ڕۆیشتن بۆ چیاکانی قەندیلو قسەکردن لەگەڵ سەرکردەکانی پەکەکە بۆ ڕازیکردنی سەرکردەکانی ئەو گروپە بە چارەسەرکردنێکی ئاشتیانە، هەروەها تورک داوای لە سوپای وڵاتەکەی کرد بۆ وەستاندنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژی پەکەکە، بۆ ڕێگاخۆشکردن بۆ هەنگاوەکانی پارتەکانی وڵاتەکەی. ئەحمەد تورک ئەوەشی ڕاگەیاند کە داوای سازدانی چاوپێکەوتنی کردووە لەگەڵ سەرۆک وەزیران، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بۆ قسەکردنێکی جدیی لەسەر ئەو مەسەلەیەو ڕاشیگەیاند ئەمەش لە سۆنگەی نیەت باشییەوەیە.

## ئەکەپە

پارتی دادو گەشەپێدانی دەسەڵاتدار لە تورکیا لە ڕێگای سەرۆکەکەیەوە، ڕەجەب تەیب ئەرۆدغان لەدوای هاتنە سەر حوکمی بۆ ماوەیەکی کەم، توانی گەورەترین سەهۆڵبەندان بشکێنێت لە تورکیا، ئەویش بە ناساندنی کێشەی کـورد لە وڵاتەکەیداو توانی جەماوەرێکی فراوان لە ناوچە کوردییەکان پەیدابکات، بەڵام هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییەی شارەوانیی تورکیاو کەمبوونەوەی دەنگەکانی پارتەکەی ئەردۆغان، زەنگێک بوون بۆ ئەو پارتە کە خەڵکی کورد لەو وڵاتە چاوەڕێی زیاتر لە ئەکەپە دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. ئێستا بەپێی وتەی چاودێران دەرفەتێکی زێڕینو مێژووییە بۆ ئەو پارتە کە هەنگاوی جدیی بنێت، پاش ئـەوەی کە بـەرەی ئۆپۆزسیۆن بە توندو نەرمیانەوە پشتگیریی چارەسەری کێشەی کورد دەکەن.

## تۆنی پەکەکەش نەرمە

پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ڕایگەیاند کە ئامادەن دەستپێشخەری ئاشتی بکەنو ئێستا داوای سەربەخۆیی ناکەن، ئامادەن گفتوگۆی ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بکەن، موراد قەرەیلان، سەرۆکی پەکەکە لە قەندیلەوە، بە ڕۆژنامەی تایمزی بەریتانی ڕاگەیاند: ئێمە باوەڕمان وایـە کە کێشەی کورد بەبێ خوێنڕشتن چارەسەر بکرێتو ڕێگای دیموکراسی بگرینەبەر بۆ چارەسەری کێشەکەمان لە تورکیا. قەرەیلان باسی لە مۆدێلی بەریتانیا کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئیرلەنداو وتی: «تورکیا دەبێت چاو لە بەریتانیا بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد»، قەرەیلان ئەوەشی دووپاتکردەوە کە بڕیاریداوەتە (٦٠٠٠) جەنگاوەرەکەی کە جەنگ ڕاگرن بۆ ماوەیەکو دەرفەتێک بدەنە دەوڵەتی تورکیا.

قەرەیلان ئازادکردنی ئۆجەلان بە «کارێکی گرنگ» لە قەڵەمدا، بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لەنێوان کوردو تورک لە تورکیادا. موراد قەرەیلان پەیامێکی دایە دەوڵەتی تورکیاو وتی: «دەبێت ئەو ڕاستییە بزانن کە پەکەکە بەشێکە لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد».

## هەنگاوەکانی داهاتوو

بەپێی شرۆڤەی چـاودێـرانو میدیاکان هەنگاوەکانی داهاتوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بریتییە لەوەی کە هێزەکانی تورکیا پاش ئەوەی دەیەها ئۆپەراسیۆنی بەئەنجام گەیاندووە بە هاوکاریی ئەمریکا، بەڵام هێشتا کێشەکە وەک خۆیەتیو بەردەوامەو پەکەکە زۆر لاوازنەبووە، گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە دەبێت میتۆدی خۆیان بگۆڕنو پاڵپشتی ڕێگای دایالۆگ بگرن، هەروەک لە وتەکانی ژەنەراڵ باشبوگ، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی تورکیادا دەرکەوت، کە وتی: «چارەسەری سەربازیی تاکە چارەسەر نییە»، هەنگاوێکی دیکە بریتی دەبێت لە ڕاگەیاندنی لێخۆشبوونی گشتی پاش ئەوەی کە هەموولایەک ئێستا هاتوونەتە پێش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەو دەرفەتی ئەو کارەش لەگشت کاتەکانی پێشتر لەبارترە. سوپاش کە پێشتر لێخۆشبوونی ڕەتکردووەتەوە، ئێستا گوتارێکی نەرمی پیشانداوە بۆ گۆڕینی چەند پێوەرێکی یاسایی بۆ ئاسانکردنی ڕێگاکانی لێخۆشبوونی گشتی. سیناریۆیەکی دیکەش بریتییە لە گرتنەبەری هەڵمەتێکی گەورەی وەبەرهێنان لە ناوچە کوردییەکانو باشکردنی خۆشگوزەرانی ئەو ناوچانەو کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییە گەورەیەی نێوان باشووری خۆرهەڵاتی تورکیاو بەشەکانی دیکەی ئەو وڵاتە. حکومەتی تورکیا باوەڕی وایە کە لایەنی ئابووری فاکتەرێکی گرنگە بۆ هێنانەوەی هاوڵاتییانی وڵاتەکەی لە چیا سەرسەختەکانو کزکردنی پەکەکە.

ئەرکی گرنگو مێژوویی پارتی دادو گەشەپێدانە کە ئێستا هەنگاوی بوێرانە بنێت، چونکە بیانووەکانی ئەو پارتە بۆ نەنانی هەنگاوی خێرا لەبارەی کێشەی کورد لەو وڵاتە نەماوە.



# سەرکێشییەکانی فەرەنسا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

**بیریل دیدیۆگلو**



لەئێستادا جیهان بە سەردەمی هاوسەنگیی دەسەڵاتو هێزی نوێدا گوزەر دەکات، کۆریای باکوور بە تاقیکردنەوە ناوەکییەکانی، بۆمبە ئەتۆمییەکانی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی بەبیر دەهێنێتەوە، ئێرانیش بەرنامەی ناوەکی خۆی کۆتایی پێنەهێناوە، لەولاشەوە ئەفغانستانو پاکستان چیتر باس لە بوونی ئەلقاعیدە ناکەن، بەڵام ئێستا تالیبان بووە بە باسو خواسیان، سەرەڕای ئەمانەش ئەو ململانێ هەنووکەییەی لەسەر دەسەڵاتو هێز لە جیهاندا لەئارادایە، ئەگەر خەیاڵ پلاوانە بیرنەکرێتەوە، ئەوا بارودۆخی بەر لە جەنگە جیهانییەکان وەبیردەهێننەوە.

وڵاتانی ئەوروپاکە لە دوو جەنگی جیهانیدا یاریزانێکی سەرەکی بوون، دوابەدوای ئەوکاتەو تائێستا قورساییو کێشی ئەوتۆیان لە باڵانسی هێزی نێودەوڵەتیدا نەبووە، بەڵام فەرەنسا لە رۆژگاری ئەمرۆدا هێواش هێواش هەنگاودەنێت بەئاراستەی پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵاتی خۆی، بەشێوەیەک کە دیسانەوە وێنای پانۆرامای دەسەڵاتی خۆی لەپێش جەنگە جیهانییەکان دەکێشێت.

لەم بارەیەوە فەرەنسا بۆ ساڵێک زیاترە وەڵامی پێشنیازێکی ئیماراتی داوەتەوە سەبارەت بە دامەزراندنی بنکەیەکی سەربازیی ئاسمانیو دەریاییو زەمینی لە ئەبوزەبی، بنکەکەش کەوتووەتە شوێنێکی ستراتیژییەوە بەجۆرێک کە نزیکە لە هەموو ناوچە قەیراناوییو جێناکۆکو رێگا بازرگانییەکانەوە. لەمانەش گرنگتر بنکەکە کەوتووەتە ناوچەیەکەوە قەڵەمڕەوەکەی دەڕوانێت بەسەر کەنداوی فارسدا، بۆیە ئەو بنکەیە لە دیدی فەرەنسادا بەواتای گەڕانەوەی دەسەڵاتی دێت بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەکاتی گرتنەدەستی دەسەڵاتی سەربازیی ناتۆ لەلایەن فەرەنساوە، ئەوەی روونکردبووەوە کە فەرەنسا نیەتی دووبارە لەئەستۆگرتنی گیروگرفتە نێودەوڵەتییەکانی هەیە، بۆیە وا بڕوادەکرێت فەرەنسا نیەتی ئەوەی هەبێت لە رێگای هەوڵو تەقەلاکانییەوە دووبارە بەرپرسیارێتییە جیهانییەکان لەئەستۆ بگرێتەوە.

بەبڕوای دەسەڵاتدارانی ئەبوزەبی، لەڕووی مێژووییەوە فەرەنسا یاریزانێکی باشو راستگۆ بووە لە ناوچەکەدا، بەم پێودانگەش هیچ بازنەیەکی دیکەی دوور لە دەسەڵات لەو وڵاتە، پرسیارگەلێکی لەشێوەی ئەوەی کە بۆچی فەرەنسا بنکەی سەربازیی دادەمەزرێنێت؟ نەکردووە. بەهەرحاڵ ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێت کە لای هەمووان کردنەوەی دەرگای سەربازیی نوێ لەلایەن فەرەنساوە، مایەی قبوڵ بێت، بەڵکو ئەمە لە هەندێک جێگا تائێستا واتای کۆلۆنیالیزمی نوێ دەهێنێتەوە بە بیرو هزردا، راستی ئەمەش لە سیاسەتی ئەمدواییەی حکومەتی فەرەنسادا دەردەکەوێت کە لە هەوڵی دەرکردنی یاسایەکی نوێدایە لەبارەی (سوودەکانی کۆلۆنیالیزمەوە).

لە ئەمرۆدا مشتومڕو جەدەلێکی زۆر لەبارەی بوونو سەردەمی کۆلۆنیالیزمەوە دەکرێت، وا دادەنرێت کە ئەمە چیتر بابەتگەلێکی هەڵەیەو کاتی بەسەرچووە، بەڵام ئەوەش دروستەو شیانی هەیە کە لەنێو ئەو هەموو هێزو دەسەڵاتە گەورەبووە هەرێمییەدا، بیرۆکەیەکی لەوشێوە لەلایەن هەندێک لایەنەوە بیری لێدەکرێتەوەو کاری پێدەکرێت، لەم حاڵەشدا با وادابنێین کە فەرەنسا نییەتی پاکە لە گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتییە جیهانییەکان سەبارەت بە کێشە جیهانییەکان، ئەگەر ئەمە بابەتەکە بێت، ئەوا پێویستە پێشبینی ئەوە بکەین کە ئەم بابەتە چی لەپشتەوە هەیەو چاوەڕێو پێشبینی چی لە دەرئەنجامی ئەم بەرپرسیارێتییە نێودەوڵەتییە دەکرێت، پێشبینی یەکەم بریتییە لەوەی کە مەبەست لەم کارەی فەرەنسا کۆنترۆلکردنی رێگای بازرگانیی نەوت بێت لەو ناوچانەی کە بنکەی تێدا دادەمەزرێنێت. ئەگەر دەسەڵاتدارانو زلهێزانی دیکەی جیهان گێچەڵ لەبەردەم کۆنترۆڵی فەرەنسادا نەنێنەوە، ئەوا کارەکان بەبێ کێشە بۆ فەرەنسا تێپەڕ دەبێت، بەڵام ئەگەر پێچەوانەی ئەمە روویدا، ئەوا دوورنییە فەرەنسا رووبەڕووی رەوشێکی دژوارو ئاڵۆز ببێتەوە لەو ناوچانەدا. پێشبینی دووەم بریتییە لەوەی فەرەنسا لە رێگای ئەم بنکە سەربازیانەوە رووبەڕووی کردەوە تیرۆریستییەکان بێتەوە، ئەگەر ئەمەش رووبدا، ئەوا رێگریکردن لە تیرۆریستان لە رێگای سەربازییەوە، ئەگەرێکەو دەشێت سەرهەڵبدات، ئایا فەرەنسا لەم میتۆدەدا سەرکەوتوو دەبێت؟ وەڵامەکەش لە ئەمرۆدا ئەوەیە کە ئەمریکا نایەوێت خۆی لە شەڕی سەخت هەڵبقورتێنێتو لە هەموو لایەکیشەوە خۆی لە ئاڵۆزییەکان تێوەبگلێنێت. پێشبینی سێیەم دەکرێت بە بەشداریی فەرەنسا لە سنووردانان بۆ مەترسیی ئەتۆمیو ئەو رێژە زۆرە لەبن نەهاتووەی چەک دابنرێت، بەهەرحاڵ کێشەگەلێکی لەم شێوەو چارەسەرکردنی لەئاست تواناکانی حکومەتی فەرەنسادا، مشتومڕئامێزەو لەدەرەوەی دەسەڵاتەکانی فەرەنسایە. ئەگەر فەرەنسا لەسەرەتادا توانی رووبەڕووی ئێران بێتەوەو دواتریش کۆریای باکوور، ئەوا دواتر ناتوانێت لە رەوشێکی وادا هەڵبکاتو بە تەنیا تەحەمولی دۆخێکی لەو چەشنە بکات، بۆیە لەئێستادا بە هیچ شێوەیەک ناتوانیت بەتەواوی لە ئامانجی فەرەنسا بگەیت سەبارەت بە دامەزراندنی بنکە سەربازییەکەی لە ئەبوزەبی، ئەگەر پێشبینیو ئەگەری رووبەڕووبوونەوی کێشەو هەروەها ئەو سوودانەی کە لە کردنەوەی ئەو بنکە سەربازییەدا هەیە، نەکرێت. بەهەرحاڵ فەرەنسا زۆر بە پەرۆشە لە دۆزینەوەی پێگەیەکی تازە بۆخۆی لە جیهانی نوێی گۆڕاودا، بەشیوەیەک کە میتۆدی کلاسیکیو دەسەڵاتی رابردوو بۆخۆی بگەڕێنێتەوە، بۆیە پێدەچێت لە بەرامبەردا وڵاتانی دیکەی زلهێزو گرنگی جیهانی وەکو ئەمریکا، رێگریی لەبەردەم پەرۆشبوونی فەرەنسا لە زیادکردنی دەسەڵاتی لە جیهاندا دابنێن. ئەمریکا دەتوانێت لە چەند شوێنێکی جیهاندا لەئەستۆگرتنی دەسەڵات بۆ فەرەنسا بگوازێتەوە، ئەمەش لەکاتێکدا کە خۆی بە فایلی پاکستان- ئەفغانستانو هاوپەیمانی نێوان چینو روسیا سەرقاڵ بکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە کە متمانەی هەموو دەستکەوتو سەرکەوتنەکان بە فەرەنسا ببەخشێت، لەم پەیوەندییەدا تورکیاش چەندینجار ئەزموونی لەگەڵ ئەم بابەتو دۆسیەیەدا هەبووە، بۆیە خۆزیا سەرۆک سارکۆزی لە ئەزموونی تورکیای بڕوانیایە نەوەک ئەزموونی وڵاتانی دوورتر.

**لە ئینگلیزییەوە: ئازاد عەلی**



# بەرەنگاربوونەوەکانی مالیکی، هەلەکانی ئۆباما



**نوسینی: پ. عەباس عەلی***

ئەگەرچی سەرەتای حوزەیرانی ئەمساڵ کاتێکی بەپەلەیە بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، بەڵام هەستی نیگەرانیی و دڵخۆشی، گەشبینی و رەشبینیی لای عێراقییەکان دروستکردووە. مالیکی سەرۆک وەزیران و زۆرینەی خەڵکی عێراق پێیانوایە کاتی ئەوە هاتووە عێراق سەروەریی تەواو لە هێزە بیانییەکان وەربگرێتەوە، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ دەبێت لە مێژووی عێراقدا، چونکە کۆتایی دەهێنێت بە داگیرکاریی سەربازیی چەند ساڵەی ئەو وڵاتە. لەڕاستیدا لەناو خەڵکی ئاسایی عێراقدا هەستێک هەیە کە عێراقێکی نوێ، تەندروست و چالاک دروستبووە، لەکاتێکدا توێژەرانی بیانی گومانیان لە واقیعیی بوون و دروستی وەها گەشبینییەک هەیە، مالیکی متمانە بەخۆی رایگەیاندووە کە حکومەت توانای رووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی هەیە و دەشتوانێت کێشەی ئەمنی لە تەواوی عێراقدا چارەسەربکات. مالیکی و زۆرێک لە خەڵکی عێراق ئەم دیدگایەیان بەهۆی سەرکەوتنی دوایین هەڵبژاردنی عێراقەوە بۆ دروستبووە، پێیانوایە دەتوانن رووبەڕووی تیرۆریستان و لایەنگرانیان ببنەوە. لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانی رۆژنامەی واشنتۆن پۆست (٢٠٠٩/٥/١٧)، یەکێک لە ئەفسەرەکانی سوپای ئەمریکا هۆشداریی ئەوە دەدات کە کشانەوە ستراتیژێکی هەڵەیە، ئەو دەڵێت: «عێراقییەکان ئامادەنەکراون شارەکانیان بدەینەوە دەست، ئەگەر بیاندەینەوە، ئەوا پێموایە دەبێت دووبارە بگەڕێینەوە بۆ وەستاندنی توندوتیژیی»، هەر لەبەر ئەمەشە ریمۆند ئەدیێرنۆ، فەرماندەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق، دووپاتیدەکاتەوە کە هێزەکانی ئەمریکا تەنانەت دوای ٦/٣٠ (دوارۆژ بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق)، لەدەرەوەی شارەکاندا لە عێراق دەمێننەوە.

لەکاتێکدا جیاوازییەکانی نێوان مالیکی و ئەفسەرە ئەمریکییەکان بۆخۆی کێشەیە، مالیکی و حکومەتەکەی چەندین کێشەی گەورەتریان لەبەردەمدایە، ئەم کێشانەش راستەقینەو ئاماژەپێکراون، لەبەرئەوە پێویست دەکات حکومەتی عێراق بەزوویی چارەسەریان بکات، ئەمەش گرنگە بۆ عێراق، چونکە مالیکی پێیوایە وڵاتەکەی تەواو سەربەخۆیە و توانای رووبەڕووبوونەوەی کێشەی ئەمنی هەیە و جێگیری خۆشبەختی ئابووریی بۆ هاوڵاتییان دابیندەکات. بەم دواییانە مالیکی پشتگیریی ئەجێندایەکی کردووە کە دەنگی لەسەر دراوە لەلایەن عێراقییە نیشتمانپەروەرەکانەوە، کە ئەمانەی خوارەوەی تێدایە:

١. بیناکردنی دیموکراتیەکی کارپێکراو، پاش شکستهێنانی موحافیزکارە نوێکان بۆ دروستکردنی وەها سیستمێک، دەستیانکرد بە نووسینەوەی دەستوورێک کە تێیدا دەسەڵات بەشێوەیەکی تەوافوقی بۆ گروپە رەگەزیی و ئاینییەکان دابەشدەکرا لەجیاتی ئەوەی بەشێوەی زۆرینە بێت، ئەمە سیستمی عێراقی ئیفلیج و دابەشکردووە، نەیهێشتووە حکومەت خزمەت بە خەڵکی عێراق بکات. مالیکی هەڵبژاردەیەکی نییە جگە لەوەی دیموکراتیەکی کارپێکراو وەک ئەوەی لە ئەمریکاو وڵاتانی دیکە هەیە، پەسەند بکات.

٢. دامەزراندنی وڵاتی یاساو بڕیار، موحافیزکارە نوێکان سەرکەوتووبوون لەوەی عێراق بکەن بە وڵاتێکی داڕووخاو. پۆلیس و یەکە سەربازییەکان لەکارخران، کە رێگای خۆشکرد بۆ چەندین گروپی توندوتیژو میلیشیا دروست ببن، مالیکی سەرکەوتووبووە لە لەناوبردنی هەندێک میلیشادا، بەڵام هێشتا دوو بەرەنگاری زۆر گەورەی ماوە کە لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە مەشقیان پێکراوە: هێزەکانی سەحوەو پێشمەرگە، ئەمەی دواییان هێزێکی رێکخراوی رەگەزییە. هەردوو میلیشیاکە مەترسین بۆ سەر حکومەتی ناوەندیی و تواناکانی بۆ جێبەجێکردنی یاساو بڕیارەکانی.

٣. لەناوبردنی تیرۆر، لەم مانگانەی دواییدا هێزە داگیرکارەکان چەند گروپێکیان لە زیندان ئازادکردووە کە تۆمەتباربوون بە تیرۆر، ئەمەش دەستبەجێ رێژەی توندوتیژیی بەرزکردووەتەوە. مالیکی پێویستە عێراقییەکان دڵنیابکاتەوە کە پاراستنی ئەمنیەت کارە لە پێشینەکانی حکومەتەکەی ئەوە.

٤. دروستکردنی پەیوەندییەکی شەفاف لەگەڵ دراوسێکاندا، دراوسێکانی عێراق شوێنی گرنگیی عێراق هەستپێدەکەن و هەمیشە هەوڵی دەستێوەردانی کاروبارەکانی دەدەن، ئەمە راستە لە شەڕی (١٩٨٠- ١٩٨٨)و قەیرانی (١٩٩١)و دەستێوەردانی دراوسێ ناعەرەبەکانی عێراق، وەک ئێران و تورکیا لەکاتی شەڕی ٢٠٠٣دا، رژێمە عەرەبییەکانی دراوسێش لە بوونی عێراقێکی دیموکراتی و جێگیر دەترسن، چونکە کاریگەریی بۆ سەر مانەوەی ئەوان دەبێت. ئەمانیش یان رێگایان بە تیرۆریستان داوە یان پاڵپشتی مادییان کردوون، بۆیە پەیوەندییەکان داخراوەو تەنیا لەگەڵ واشنتۆندایە. مالیکی پێویستە شەفاف بێت و بەئاشکرا ئەم رژێمانە ئاگاداربکاتەوە کە پاڵپشتیان بۆ تیرۆر لە عێراقدا، هەڕەشەیە بۆ ئاسایشی نیشتمانیی عێراق.

٥. خێراترکردنی پرۆسەی گواستنەوەی بەرپرسیارێتی ئەمنی لە هێزە داگیرکارەکانەوە بۆ عێراقییەکان، ئەمەش وا لە کشانەوەی هێزەکان دەکات خێراتر رووبدات و وێنەی مالیکیش جوانتر دەکات و ئەو هێزە بیانیانەش تووڕەدەکات کە دەیانەوێت لەسەر کار لایبەرن.

لەم دواییانەدا مالیکی چالاکانەو لە چەندین هەوڵی رووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشانەی داوە، لەڕاستیدا مالیکی لەوە گەیشتووە کە خەڵکی عێراق تەنیا لە سستی حکومەت بێزارنین، بەڵکو لە مانەوە لەژێر حوکمی هێزە داگیرکەرەکانیش جاڕسن، دەشزانێت کە ئازادیی لەژێر داگیرکارییدا بوونی نییە، هەستیش بەوەدەکات کە بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لە وڵاتێکی رووخاودا، پێویستی بە دەسەڵاتێکی مەرکەزیی چالاک هەیە، بەڵام ئەوەش دەزانێت کە دەستی بەستراوە بەهۆی واشنتۆنەوە کە نایەوێت ئازادیی ببەخشێتە عێراقییەکان، هەروەها هەڕەشەیەک دروستبکات بۆ رژێمە عەرەبییەکانی ناوچەکە.

رووبەڕووبوونەوەی چەندین کێشەی ئابووری و سیاسیی ناوخۆیی و دەرەکی، ئۆباما پێدەچێت پێی باش نەبێت کەسێکی دیکە بۆ بەڕێوەبردن و دروستکردنی عێراقێکی خۆشگوزەران و جێگیرو چالاک هەڵبژێرێت، لەڕاستیدا ئەمە هەلێکە بۆ ئۆباما تا بۆ عەرەب و جیهانی بسەلمێنێت کە ئەجێندایەکی شاراوەی نییە دەربارەیان، گرنگتر لەوە پشتگیریی بێمەرجی ئۆباما بۆ مالیکی، تەنیا جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی نییە، بەڵکو ئەوەش دەسەلمێنێت کە ئۆباما ئاراستەیەکی سیاسیی و دبلۆماسیی نوێی هەیە بۆ جیهان، لە ناوخۆو دەرەوەدا بۆ ئۆباما درەنگ نییە کە هێزە داگیرکارەکان بکشێنێتەوە، پشتگیریی دروستکردنی دەوڵەتێکی گرنگی مەرکەزی بەهێز بکات لە عێراقدا، کە دەبێتە نامەیەکی بەهێز بۆ ناوخۆو دەرەوە.

**و، شالاو فەتاح**

*** مامۆستای زانکۆی ئیندیانا لە ئەمریکا**

# تۆنی بلێر: من پێشەوایەکی ئایینی نیم



**نیوزویک**

تۆنی بلێر ئەو سەرۆک وەزیرانەیە کە لەنێوان سەرۆک وەزیرەکانی سەربە پارتی کرێکارانی بەریتانی زۆرترین ماوە فەرمانڕەوایی کرد لەبەریتانیا، پۆستەکەشی وەک پیاوێکی تاڕادەیەک گەنج لەسالی ٢٠٠٧ بەجێهێشت، کە ئەوکات تەمەنی (٥٤) ساڵ بوو، بەڵام لەوکاتەوە تائێستا هەربەسەرقالی مایەوەو کەمتر پشوویدا، بلێر ئێستا جگەلەوەی نێردراوی لیژنە چوار قۆلیەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانو بەریتانیاو یەکێتی ئەوروپاو روسیایە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەهەمانکاتداوتاربێژێکی باشەو (بۆ هەروتارێکیشی نزیکەی ١٥٠٠٠ دۆلار وەردەگرێت) بلێر کارێکی دیکەشی هەیە، ئەویش دامەزراندنی رێکخراوی خێرخوازییە وەک دەزگای «فیس فاوندەیشن». لەنووسینگەکەی خۆی لەلەندەن قسەی بۆ نووسەری نیوزویک (سترایکر مگوایر) کرد.

**– تۆ وتوتە: «باوەڕی ئایینی لەسەدەی (٢١)دا هەمان ئەو گرنگیەی دەبێت کە ئایدۆلۆژیای سیاسی لەسەدەی (٢٠)دا هەیبووە» بۆچی؟**

* هەتائێستەش بابەتگەلی وەک بەراوردکردنی چەپ بەڕاست گرنگیی خۆی پێدەدرێت ئەمەش لەقەیرانە ئابوورییەکەدا بەرچاوە، بەڵام پێموایە ئەمڕۆ گرنگی ئەوبابەتە کەمتر بووەتەوە لەبەرامبەر ئەوەی من ناوی دەنێم (بەروارددکردنی کرانەوە بەداخران). لەزۆربەی ئایینەکاندا دوو رەهەندی هاوتەریبو کێبڕکێ کار لەبەرامبەر یەکترهەن، رەهەندی یەکەم (سەرکوتکارە) بەمانای (باوەڕی من لەبەرامبەر باوەڕی تۆ) رەهەندی دووەمیش (لەخۆگرە) واتە پێیوایە باوەڕ بریتییە لەدرێژکردنەوەی دەستت بۆ ئەوانیتر کرانەوە بەسەریاندا، ئاین هاندەرو جولێنەری بەشێکی زۆرە لەخەڵکی، بەڕاستی دەرکەوت ئەو بیردۆزەیەی پێیوابوو باوەڕی ئایینی بەهۆی «ڕۆشنگەرییەوە» دەپووکێتەوە بیرکردنەوەیەکی بەتەواوی هەڵەبوو.

**– بەڵگەی زۆر هەیە لەسەرئەوەی بیروباوەڕە ئایینیەکان هەندێکجار بوونەتە پێوەری خراپە لەجیهاندا، کەواتە چۆن قەناعەت بەخەڵکی دەکەیت متمانەی خۆیان بەوباوەڕە ببەخشن؟**

* زۆرکەس ئیمان وەک هۆکاری دابەشبوونو ململانێ دەبینێت، بەڵام لایەنێکی دیکە هەیە کە زۆرکات زانایانی ئایین سەلیقەی نیشاندانیان نییە، ئەویش لایەنی هاوسۆزیو هەماهەنگیو عەدالەتی کۆمەڵایەتییە.

**– رات چییە لەسەر ئەدای سەرۆک باراک ئۆباما وەک پێشەوایەکو چارەدۆزێک لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی؟**

* ئەو بارودۆخێکی دروستکردووە، کە تاڕادەیەک شتێکی تیایە لەبەسەرکردنەوەی لایەنو شێوازە جیاوازەکان لەجیهانی ئیسلامیو جیهان بەگشتی، شتی گرنگ بەلای ئەوەوە ئەوەیە بڕیارەکەی سەبارەت بەدەستڕاکێشانی بۆسەرجەم وڵاتانی جیهان، بەهەمانشێوە وەڵام بدرێتەوە، وەک ئەوەی زۆرکات بەخەڵکی دەلێم، ئەوهاندەری وەک ئەوانەی تۆپی پێی ناوێت بەڵکو هاوکارو هاوبەشی دەوێت، نایەوێت خەڵک سەناو پیاهەڵدانی گەورەییەکەی بکەن، ئەو لەوەتێگەیشتووە ئەمجۆرە پیاهەڵدانە مکیاجکراوانەی بەشانو باڵی سەرۆکدا لە (١٠٠) رۆژی یەکەمدا هەڵدێن هەرزوو لەناودەچن، ئەو دەیەوێت جیهان بگۆڕێت لەڕێگەی کاری هاوبەشەوەو بۆئەمەش پێویستی بەهاوبەشە.

**– هەفتەی رابردوو پادشای ئوردن (شا عەبدوڵڵا) هۆشداریدا، کە نەگەیشتن بەڕێکەوتنێکی ئاشتەوایی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە هۆی دروستبوونی ململانێیەکی نوێ لەماوەی (١٢) بۆ(١٨) مانگدا؟**

* من بەتەواوی هاوڕای ئەوبۆچوونەی ئەوم، پێموایە ئەمە ساتی چانسو بڕیارو راستییە بۆ ناوچەکە، کە پێویستە مامەڵەی لەگەڵ بکەین.

**– سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین نەتەنیاهۆ چەندئاماژەیەکی دژیەکی نارد سەبارەت بەچارەسەری (دوو دەوڵەت)، پێتوایە لەکۆتاییدا ناوبراو هەماهەنگبێت لەگەڵ بیروبۆچوونی لیژنە چوارقۆلیەکە لەم بابەتەدا؟**

* دیارە ئەوپێویستە وتەکانی خۆی تەفسیر بکاتەوە، بەڵام پێشموایە ئەویشو ئەوانەشی وەک ئەون رەزامەنددەبن لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی وەک چارەسەرێک بۆ ئەم دۆزە، بەمەرجێک دڵنیابن لەسروشتی ئەم دەوڵەتە واتە دەوڵەتێکی ئاشتیخوازبێتو لەژێر فەرمانڕەوایەتییەکی گونجاویشدابێتو دراوسێیەکی ئارامو ئاشتی پارێزیش بێت بۆ ئیسرائیل، ئەم گرفتە چارەسەر نابێت مەگەر ئەوکاتەنەبێت، کە خەڵک لەسروشتی کێشەکە سەبارەت بەهەردوولا تێبگەن لەسەر ئەرزی واقیع. گرفتە واقیعیەکەش بۆ ئیسرائیلیەکان گرفتی (ئاسایش)ە بۆ فەلەستینیەکانیش گرفتی (داگیرکردن)ە.

**– کاتێک لەئۆکسفۆرد بوویت بەقوڵی گرنگیت بەئایینو سیاسەت لەهەمانکاتدا دەداو بەوپێیەش کەسێتیەکی ناسراویت بیروڕا ئایینیەکانت خستەلاوەو چوویتە ناوگۆڕەپانی سیاسەتەوە کەواتە ئایا پێت باشبوو زیاتر کراوەبیت سەبارەت بەئایینەکەت؟**

* لێرەدا بابەتەکە وەهایە ئێمە لەفەرهەنگی سیاسیماندا وتارەکانمان بەدەستەواژەی(خودابەریتانیا پیرۆزکات) کۆتایی پێناهێنین.. ئەوەم زۆر بەدڵە، وەک خۆم، بەڵام کە ناشتوانم ئەوەبلێم (بەوپێیەی سەرۆک وەزیرانم) زۆر کێشەیەکی گەورە نییە، خەڵک لەبەریتانیا چاوەڕێی وتارو ئامۆژگاری ئایینی لەسەرکردەکانیان ناکەن، من پێشەوایەکی ئایینی نیم، پاپا پێشەوایەکی ئایینیە.

**و. عەبدوڵڵا رێشاوی**

www.netewe.com